# ڕۆژنامە

www.rozhnama.com

ڕۆژنامەیەكی ڕۆژانەیە كۆمپانیای وشە دەریدەكات

ژمارە 516 سێشەممە 21/ 7/ 2009 نرخ 500 دینار No.516 Tue 21/ 7/ 2009




سەردار عەبدولكەریم:

**كۆمسیۆن ڕێگە لە هەموو ساختەكارییەكان دەگرێت**

ل ٣

# كێ ڕێگەی لە دادگاییكردنی تاوانبارانی كیمیابارانی هەڵەبجەو ئەنفال گرتووە؟



جەلال تاڵەبانی لە نامەیەكدا بۆ وەزیری دادی دانیمارك:

## • نزار خەزرەجی بەشداریی لە پرۆسەكانی ئەنفال‌و كیمیابارانداندا نەكردووە





سەرجەمی بەڵگەكان لە لاپەڕە ٦ دا بخوێنەوە

دڵشاد میرانی بەرپرسی پەیوەندییەكانی پارتی:

## خەزرەجی فەرماندەیەكی بەناوبانگەو كەمپەینی دادگاییكردنی، بۆ لاوازكردنی سومعەی خەزرەجییە

فوئاد مەعسوم لە نامەیەكدا بۆ وەزیری دادی دانیمارك:

## نزار خەزرەجی ڕۆڵی نەبووە لە كیمیابارانكردنی هەڵەبجەو بەشداریشی لە هەڵمەتەكانی ئەنفالدا نەكردووە

ژمـــارە (516) سێشەممە 2009/7/21
hewal.rozhnama@gmail.com
ڕۆژنامە

# حکومەتی هەرێم دوو کۆنتراکتی دیکەی نەوتی بەخشیە کۆمپانیایەکی بیانی

**سەرکەوت لەتیف**

سەرەڕای ئاشکرانەکردنی گرێبەستەکانی پێشووتر، حکومەتی هەرێم دوو کۆنتراکتی بواری نەوتو هایدرۆکاربۆن، بە سوودی ٥٠٪ دەبەخشێتە کۆمپانیای (گەلف کیستۆن)و یەکێک لە کێڵگە نەوتییەکانیش لە ناوچە جێ ململانێکاندایە.

سەرەڕای بەردەوامی کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و وەزارەتی نەوتی عێراق لەسەر پرۆژەیاسای نەوتی عێراق، حکومەتی هەرێم بەردەوامە لە ئەنجامدانی گرێبەستی بورای نەوتوگاز، لەو چوارچێوەیەشدا کۆمپانیای (گەلف کیستۆن) لە سەر ماڵپەری تایبەتی خۆی بڵاویکردەوە، کە کۆمپانیاکەیان دوو کۆنتراکتی پێبەخشراوە لەبواری دەرهێنانی نەوت لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، کە کێڵگەی یەکەمیان بەناوی (شێخ ئادی) دەکەوێتە ناوچەی شێخانی سنووری پارێزگای موسڵ، کە فراوانی کێڵگەکە بە ٣٢ کیلۆمەتر چوار گۆشە مەزندە دەکرێتو بڕی ٨٠٪ی سوودی فرۆشی نەوتەکەی بۆ کۆمپانیاکە دەبێتو لەماوەی سێ ساڵدا دەتوانرێت بگەیەنرێتە قۆناغی بەرهەمهێنان.

کێڵگەی دووەمیان بەناوی (بێر باهر) لەناوچەی شێخان، کە پێشتر لەلایەن کۆمپانیای جینێل ئینێرجی تورکییەوە کاری دۆزینەوەی نەوتی تێدا کراوەو ئێستا کۆمپانیای (گەلف کیستۆن) کاری دەرهێنانی نەوتی تێدا دەکات، کە بڕی ٤٠٪ی سوودی ئەم کۆنتراکتە بۆ کۆمپانیای (گەڵف کیستۆن) دەبێتو فراوانی ئەم کێڵگەیە بە ٣٥٠ کیلۆمەتر چوارگۆشە مەزندە دەکرێت، یەدەگی نەوتی هەردوو کێڵگەکە بە یەک ملیار بەرمیل مەزندە دەکرێت.

# بەغدا مووچەی خانەنشینان زیاد دەکات

**هەستیار قادر**

وەزارەتی دارایی عێراق لیژنەیەکی تایبەت بە پێداچوونەوە بە سیستمی مووچەی فەرمانبەرانی خانەنشین پێکدەهێنێت، بەمەبەستی زیادکردنی.

د.فازڵ نەبی، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بڕیارێک هەیە بۆ زیادکردنی مووچەی خانەنشینکراوان لەسەرجەم عێراقدا بەوپێیەی جیاوازییەکی زۆر هەیە لەنێوان مووچەی فەرمانبەرانی ئاسایی و خانەنشیناندا».

سەبارەت بە چۆنێتی زیادکردنی مووچەی خانەنشینان و کاتی سەرفکردنی بریکاری وەزارەتی دارایی ئاشکرایکرد، کە لیژنەکە بەردەوامە لەسەر کارەکانی و لەوبارەیەوە ڕاپۆرتێکی پێشکەش بە وەزارەتی دارایی دەکات، تا بڕیار لەسەر ڕێژەی زیادکردنەکەو کاتی سەرفکردنی بدرێت.

# ...اسایش و پۆلیس ...زن لەکاتی دەنگداندا؟



سەرۆکایەتی پارێزگاری هەولێر بۆ هەر ڕووداوێک لەکاتی هەڵبژاردندا ڕوویدا دەستبەجێ لێپرسینەوە بکەین، کارمەندانی خۆشمان ئاگادارکردووەتەوە بێلایەنی خۆیان لەم پرۆسەیەدا بپارێزن».

حاکم سەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمیسیارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، دەربارەی بێلایەنی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس لەکاتی دەنگداندا لە چاودێریی بنکەکانی دەنگدان وتی: «ئەگەر زانرا لە بنکەیەکی دەنگداندا هێزەکانی ئاسایش لایەنگری لە لیستێک دەکەن، یان دەرکەوت لەو بنکەیەدا ساختەکاریی کراوە لەلایەن ئەوانەوە، ئەو کات لێکۆڵینەوە لەو بنکەیەدا دەکرێت لەلایەن کۆمسیۆنەوە، ئەگەر دەرکەوت کاری ساختەکراوە، ئەوا ئەو دەنگدانە هەڵدەوەشێتەوەو ئەو هێزانەش بەپێی یاسا سزا دەدرێن».

حاکم سەردار ئاماژەشی بەوەکرد بۆ هیچ هێزێکی ئاسایش و پۆلیس نییە بە هاوڵاتییان بڵێت دەنگ بۆ لیستێکی دیاریکراو بدەن، هاوڵاتییان ئازادن دەنگ بە کێ دەدەن، کەسیش نازانێت دەنگی بە کێ داوە، ئەگەر دەرکەوت بەرپرسێکی ئەمنی لە بنکەیەکدا لایەنگری لە لیستێک دەکات و خەڵکی هاندەدات دەنگ بەو لیستە بدەن، ئەوکات کۆمسیۆن بەپێی یاسایی خۆی ئەو بەرپرسە دەداتە دادگاو سزادەدرێت.

کۆمسیۆنیش لیژنەیەکی چاودێریی هەیە بۆ ئەوەی ئاگاداری ئەو هێزانەبێت لەکاتی چاودێریکردنی هەڵبژاردندا، بۆئەوەی بزانێت بێلایەنانە مامەڵەدەکەن یان نا، چاودێرانی قەوارە سیاسییەکانیش دەتوانن بەشێوەیەکی ورد چاودێریی هێزەکانی ئاسایش و پۆلیس بکەن بۆ ئەوەی خروقات نەکەن.

عسمەت ئەرگوشی، بەڕێوەبەری گشتیی ئاسایشی هەولێر، لە لێدوانێکی تایبەت بە ڕۆژنامەدا وتی: «تائێستا ئێمە کۆبوونەوەمان بە زۆرینەی بنکەکانی ئاسایش کردووە، ڕاسپاردەمان بۆ ئەوان تەنیا یەک شتە ئەویش پاراستی ئەمنیەتی هەرێمی کوردستان و هەڵبژاردنە، نەک پشتگیریکردنی لیستێکی دیاریکراو». سەبارەت بە سەرپێچی دەزگا ئەمنییەکان و ئەنجامدانی خروقات، ئەرگوشی وتی: «هەر قەوارەیەکی سیاسی سکاڵا لەسەر ئاسایش تۆماربکات، ئێمە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی لەسەر دروستدەکەین و ڕێوشوێن دەگرینەبەر».

# «کۆمسیۆن ڕێگە لە هەموو ساختەکارییەکان دەگرێت»

**بەهادین یوسف**

بەرپرسێکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ڕایگەیاند: پرۆسەی هەڵبژاردن چاودێرییەکی باش دەکرێت لەلایەن چاودێرانی ناوخۆیی و دەرەوە، بەشێوەیەکی قەتعی ڕێ بە بەکارهێنانی مۆبایل نادەین و ڕێگا نادرێت ببرێتە بنکەو وێستگەکانی دەنگدانەوە. هەموو پێداویستییەکانی دەنگدانیش گەیشتوونەتە هەرێمی کوردستان و لەگەنجینەکاندا پارێزراون.

سەردار عەبدولکەریم، ئەندامی ئەنجومەنی کۆمیسیارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق لەلێدوانێکیدا بەڕۆژنامەی ڕاگەیاند: هەموو پێداویستییەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان گەیشتووەتە هەرێم و دابەشکراوە بەسەر گەنجینەکاندا، کاتی پێویست دابەشدەکرێت بەسەر بنکەکانی دەنگداندا، وتیشی: «ئەو مەرەکەبەی بەکاردەهێنرێت لەبەریتانیا ئامادەکراوە بە تایبەتمەندییەکی زۆرباش و یەکەمجارە بەوشێوەیە ئامادەدەکرێت پێمانوایە لەوجۆرە بێت ئێمە پێویستمانە بۆ هەڵبژاردن و سوودی لێوەردەگرین و ماوەیەکی زۆر بمێنێتەوە»، ئاماژەی بەوەشکرد، تائێستا لێرە تاقیاننەکردووەتەوە کە بزانن چەند دەمێنێتەوە، چونکە تائێستا نەیانکردووەتەوەو هەمووی هەڵگیراوە بەشێوەیەکی ئەمین لەنێو کارتۆندان، بەڵام بەوتەی ئەو: «خەڵک نێردراوە بۆ تاقیکردنەوەی لەدەرەوەو بەپێی ئەو تاقیکردنەوەیە بێت مەرەکەبەکە زۆر سەرکەوتووە بۆ ئەم پرۆسەی دەنگدانە».

سەبارەت بەبەکارهێنانی ئەو قەڵەمانەی لەلایەن دەنگدەرەوە بەکاردەهێنرێت وتی: «بڕیاری کۆمسیۆن ئەوەیە تەنیا ئەو جۆرە قەڵەمانە بەکاربهێنرێت تایبەت بەدەنگدان هێنراوە، نەک هەموو کەسێک قەڵەمی خۆی بەکاربهێنێت، ئەگەر پێویستی کرد، دەستکاری بکرێت ئەگەر هۆکارێک هەبێت ئێمە دەتوانین ئەو بڕیارە بگۆڕین».

ڕۆژی ٧/١٨ سەرۆکو ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیارانی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق گەیشتنە هەولێر، لەوبارەیەوە سەردار عەبدولکەریم وتی: «سەرجەم ئەندامان لەهەولێرن و دەمێننەوە تاکاتی دەنگدان بۆ ئەوەی لەم ماوەیەدا لەهەموو وردەکارییەکان ئاگاداربن. ئەو سکاڵایانەی لەسەر هەڵمەتەکانی بانگەشە دراوەتە کۆمسیۆن، یەکلاییبکرێنەوەو ئیجرائاتی پێویست بەرامبەر پێشێلکارییەکان بکرێت و ئومێدمان وایە بەزوویی و لەم دوو سێ ڕۆژەدا هەموو سکاڵاکان یەکلاییبکەینەوە».

ئەندامەکەی ئەنجومەنی کۆمسیاران ڕاشیگەیاند: داوامان لە هەموو قەوارەو لیستەکان کردووە دووربن لەکاری توندوتیژی و ناشارستانیانەو پابەندی ڕێنماییەکانی کۆمسیۆن بن، ئەگەرنا کۆمسیۆن ناچار دەبێت ئیجرائاتی توند وەربگرێت تا دەگاتە کێشانەوەی متمانە (مصادقه) لەو قەوارە سیاسییەی کە بەرپرسە لە پێشێلکارییەکان و کارە نایاساییەکان دژ بە خەڵک یان قەوارە سیاسییەکانی دیکە».

بۆ ڕۆژی بەڕێوەچوونی پرۆسەی دەنگدانیش سەردار عەبدولکەریم وتی: «پرۆسەی هەڵبژاردن چاودێرییەکی باش دەکرێت لەلایەن چاودێرانی ناوخۆیی و دەرەوە، هەروەها بەشێوەیەکی قەتعی ڕێ بەبەکارهێنانی مۆبایل نادەین و ڕێگا نادرێت ببرێتە بنکەو وێستگەکانی دەنگدانەوە، بۆ ئەو مەبەستە پێش ڕۆژی دەنگدان ئاگاداری بڵاودەکەینەوە بۆ هاوڵاتییان بۆئەوەی مۆبایل و ئامێری پەیوەندی لەگەڵ خۆیاندا نەبەنە ژوورەوەو بەکارینەهێنن».

ڕۆژی ٧/٢٥ هەڵبژاردنی گشتیی بۆ پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچێت و زیاتر لە ٢ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کەس مافی دەنگدانیان هەیەو ٢٤ قەوارەو هاوپەیمانی کێبڕکێ دەکەن بۆ بەدەستهێنانی ١١١ کورسی پەرلەمانی کوردستان و ٥ کاندیدیش ڕکابەرێتی دەکەن بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.



# ...ەغدا ...ۆڵدەکات

هەڵپەسێردراوەکان، بەڵام حکومەتی ناوەند بەرپرسیاری زیاترە، وتیشی: «هەمیشە دەڵێم ئەو لایەنەی کە گەورەترە، بەرپرسیاری زۆرترە، لەبەرئەوە ئەگەر ئەو کێشانەی لەنێوانیاندایە چارەسەرنەکرێن و دانەنیشن و درێژە بکێشێت، بێگومان توندوتیژی هەیەو لەوانەیە بگاتە ئاستی شەڕ، چونکە قاعیدەو بەعس لەناوچە جێناکۆکەکاندا کێشە دروستدەکەن، لەبەرئەوە بەرپرسیارێتی دەکەوێتە سەر هەردوولا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان».

دەربارەی ڕۆڵی سەرکردایەتی کوردو هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لە کوردستان ئەندامەکەی لیستی هاوپەیمانی باسی لەوەکرد کە هەردوو حیزبەکەی کوردستان بەرپرسیارێتییان لەسەرشانەو لەبەغداش هاوپەیمانی چوارقۆڵییان لەگەڵ حیزبی دەعوەی مالیکی و ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامیدا هەیە، بۆیە دەبێت ئەو هاوپەیمانێتییە لەپێناو چارەسەری ئەو کێشانەدا بخەنەگەڕ. وتی: «چاوەڕوان دەکەم پاش هەڵبژاردنەکان و هاتنەوەی مالیکی لەئەمریکا گفتوگۆی جدیی لەنێوان هەردوولادا بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان دەستپێبکاتەوە، چونکە هەستدەکرێت کە ئێستا ڕەوشەکە باش نییە بۆیە دەبێت ئەو کێشانە بەلایەکدا بخرێن».

هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم هەریەک لە جەلال تاڵەبانی سەرۆک کۆمارو د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح، جێگری سەرۆک وەزیران و د. فوئاد مەعسوم، سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی لە هەرێم سەرقاڵکردووەو نزیکەی مانگێکە بەغدایان بەوهۆیەوە جێهێشتووە کە ئەوەش بە بۆچوونی چاودێران بۆشایی دروستکردووەو پێگەی کوردی لە ناوەند لاوازکردووە.

# حکومەت، پرۆژەیاساکانی نەداوەتەوە پەرلەمان

فەلاح نەجم

بەهـۆی لاوازیـــی‌و نـەبـوونـی فشار لەسەر حکومەت لـەلایـەن پەرلەمانی ماوەبەسەرچووی کوردستانەوە، حکومەت ژمارەیەک پرۆژەیاسای بۆ پەرلەمان نـەگـەڕانـدووەتـەوە کـە خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە، زانا رۆستایی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان دەڵێت: «ناردنی پرۆژەیاساکان بۆ حکومەت پێچەوانەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانە»، دەبێت ئەو پرۆژەیاسایانەش دیسانەوە لە شێوازی پرۆژەیاسادا رێکبخرێنەوەو بنێرێتەوە بۆ حکومەت.

پەرلەمانی ماوەبەسەرچووی هـەرێـمـی کـوردسـتـان پـاش خـۆی کۆمەڵێک کـاری تـەواونـەکـراوی بـۆ پـەرلـەمـانـی نـوێ بەجێهێشتووە کە بڕیارە لە (٢٥)ی ئـەم مانگەدا هەڵبژێردرێت.

پـاش کۆتاییهاتنی ئـەم خـولـەی، چەندین راپۆرت دەربـــــارەی کـارەکـانـی پـەرلـەمـانـی مـاوەبـەسـەرچـوو بـڵاوکـرایـەوە لەناویاندا راپۆرتێکی (رێکخراوی ئەمریکی بۆ کورد) کە لە بەشێکیدا هاتووە: «بەهۆی بەدوادانەچوون‌و لاوازیـی فشاری پەرلەمانەوە لەسەر دەسـەڵاتـی جێبەجێکردن ژمـارەیـەک پرۆژەیاسا کە خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوە لە پەرلەمان پاش رەوانەکردنیان بۆ حکومەت، نەگەڕێنراونەتەوە بۆ پەرلەمان، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو پرۆژەیاسایانە بە کۆتاهاتوو دابنرێن‌و دەبێت لەلایەن خولی داهاتووی پەرلەمانەوە دیسانەوە بە شێوازی یاسایی پێشکەش بکرێنەوە».

(رێـکـخـراوی ئەمریکی بـۆ کـورد-ASK) رێکخراوێکی ئەمریکی کوردی نێودەوڵەتییەو ئەرکی چاودێریکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و چاودێریکردنی بەرنامەی کاری حکومەتە لە کوردستان.

لەبەشێکی دیکەی راپۆرتەکەدا هاتووە: «لـەبـواری چاودێریکردنی حکومەت، لێپرسینەوە لەحکومەت‌و چاودێریکردنی بودجەدا لەو ئاستەدا نەبووە».

زانا رۆستایی، ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان وتی: «پەرلەمانی داهـاتـوو دەتوانێت پرۆژەیاساکان نەنێرێت بۆ حکومەت».



ئەو پرۆژانەی لای حکومەت مـاون هیچ گرنگییەکی یاساییان نییە، چونکە ئەمەش کارێکی زۆری ئـەنـدامـانـی پـەرلـەمـان بەتایبەت لیژنەی یاسایی بەفیڕۆ دەدات، چونکە دەبـێـت پەرلەمانی نـوێـی هەرێمی کـوردسـتـان جارێکی دیکە خوێندنەوە بۆ ئەو پرۆژەیاسایانە بکاتەوە.

هەرچەندە بەپێی پـەیـڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کـوردسـتـان، نابێت هیچ پـرۆژەیـاسـایـەک رەوانــەی حکومەت بکرێت بۆ لێکۆڵینەوە، چونکە پەرلەمان باڵادەستترین لایەنی یاسادانانەو دەبێت حکومەتیش جێبەجێی بکات، بـەڵام بە بڕیاری سەرۆکایەتی پەرلەمان پرۆژەکان رەوانەی حکومەت دەکران.

لەوبارەیەشەوە زانـا رۆستایی وتی: «هیچ مانایەک لەوەدا نییە کە حکومەت رەزامەندی دەربڕێت‌و هاوبەشی پەرلەمان بکات لەدەرکردنی پرۆژەیاسادا».

# تا چەند هێزەکانی ئـ
# بێلایەنی خۆیان دەپارێـ

سامان بەشارەتی



ئەندامێکی ئەنجومەنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ئاشکرایکرد، ئەگەر دەرکەوت لە بنکەیەکی دەنگداندا هێزەکانی ئاسایش لایەنگریی لە لیستێک دەکەن، دەرکەوت لەو بنکەیەدا ساختەکاریی کراوە دوای لێکۆڵینەوەو ئەو دەنگدانە هەڵدەوەشێتەوەو ئەو هێزانەش بەپێی یاسا سزا دەدرێن، لە بەرامبەردا بەڕێوەبەری گشتیی پۆلسی هەولێر، ئاماژەی بەوەکرد داوایان لە هێزەکانی پۆلیس کردووە بێلایەنانە هەڵسوکەوتبکەن، «بۆیان نییە بە هاوڵاتییان بڵێن دەنگ بە چ لیستێک دەدەیت، ئەگەرنا رووبەڕووی سزای یاسایی دەبنەوە».

بەپێی یاسای حیزبەکان کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە حیزب نابێت هێزی چەکداری هەبێت، لە عێراقیشدا بەپێی دەستووری هەمیشەیی حیزب نابێت هێزی چەکداری هەبێت، سەرەڕای ئەو یاساو برگە دەستوورییانە تائێستا بەشێکی هێزە چەکدارییەکانی هەرێم لەژێر دەسەڵاتی حیزبەکاندان، ئەمەش گومانی خستووەتە سەربێلایەنی دەزگاکانی ئاسایش‌و پۆلیس لە چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکاندا.

بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر عەمید عەبدولخالق تەلعەت، بە رۆژنامەی راگەیاند: «هەموو کارمەندانی پۆلیسمان ئاگادارکردووەتەوە کە دەبێت بێلایەنانە هەڵسوکەوت بکەن، هەوڵبدەن بە هێمنی پرۆسەکە بەڕێوەبچێت، هیچ پۆلیسێکیش بۆی نییە داوا لە هاوڵاتییان بکات دەنگ بە لیستێک بدات، هەر هاوڵاتییەک ئەگەر پۆلیسێک پێیوت دەنگ بە لیستێکی دیاریکراو بدە، دەتوانێت سکاڵای لەسەر تۆماربکات‌و ئێمەش سزای دەدەین».

دەربارەی ئەوەی ئەو لایەنانە کێن دەتوانن چاودێریی هێزەکانی ئاسایش‌و پۆلیس بکەن لەکاتی دەنگدانی هاوڵاتییاندا، بەڕێوەبەری پۆلیسی هەولێر ئاماژەی بەوەکرد «کۆمسیۆن‌و چاودێرانی سیاسی‌و قەوارە سیاسییەکان‌و رۆژنامەنووسان دەتوانن بە وردی چاودێریی هێزەکانی ئاسایش‌و پۆلیس بکەن بۆ ئەوەی بزانن بێلایەنی خۆیان دەپارێزن لەکاتی دەنگدانی هاوڵاتییاندا».


وتیشی: «بۆ ئەم مەبەستە ژوورێکی عەمەلیاتمان کردووەتەوە لە پارێزگای هەولێر، کە لیژنەیەکن لە کارمەندانی هێزەکانی ئاسایش‌و پۆلیس بە

# هونەرمەندانی رانیە رەخنە لەخەڵاتەکەی سەرۆکی لیستی کوردستانی دەگرن

دلێر عەبدولخالق

هونەرمەندانی شانۆکاری رانیە رەخنە لەو هاوکارییە دەگـرن، کە سـەرۆکـی لیستی کوردستانی بە بـڕی (٤٠) هــەزار دۆلار بەسەر چەند گروپێکی هونەریی شارەکەدا دابـەشـیـکـردووەو «تـیـپ‌و گروپە کاراکانی لێ بێبەشکردووە». سەرۆکی یەکێک لەو تیپانەی خەڵاتی بە بڕی (١٠) هەزار دۆلار وەرگرتووە، ئاماژە بـەوە دەکـات «ئـەو هەڵسەنگاندنە ناتەندروست بـووە، چونکە چەند تیپێکی گرنگی لێ بێبەشکراوە».

لەبەردەوامی بەخشینەوەی پارە بەسەر چین‌و توێژەکانداو بەمەبەستی زیادکردنی نفوزی دەسەڵاتی دوو حزبی دەسەڵاتدار لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا، د. بەرهەم ساڵح جێگری سکرتێری یەکێتی‌و سەرۆکی لیستی کوردستانی خەڵاتی بەسەر چوار تیپ‌و گروپی هونەریی رانیە (تیپی شانۆی رانـیـە، تیپی نواندنی میللی رانیە، تیپی موزیکی کچان‌و برایەتی)دا دابەشکرد، کە بۆ هەریەکێکیان (١٠) هەزار دۆلار بووە، لەکاتێکدا ئەو خەڵاتکردنە چەند تیپ‌و گروپێکی گرنگ‌و کارای شارەکەی لێ بێبەشکرا، لەوانەش (ناوەندی هونەریی هەنگاو، تیپی هونەریی دواڕۆژ، تیپی نواندنی رانیەو گروپی



ئاڵەکۆک).

فریاد عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری ناوەندی هونەریی هەنگاو لە رانیە بە رۆژنامەی راگەیاند: کۆمەڵێک گروپ‌و تیپی هونەریی هەیە کە ماوەیەکی زۆرە بێبەرامبەر کاردەکەین‌و لەسەر گیرفانی خۆمان درێژەمان بەکاری هونەریی داوە، بـەڵام جێی داخە ماوەیەکە کۆمەڵێک خەڵک بەناوی هونەرمەندان‌و شێوەکارانی رانیە لەسەر کارو بەرهەم‌و هیلاکەتی ئێمە خەڵات دەکرێن. وتیشی: «تائێستا ئێمە نەک هەر خـەڵات نەکراوین، بەڵکو بۆ کارەکانیشمان هۆڵەکانمان بەپارە وەرگرتووە، لە خەڵاتەکەی د.بەرهەمیش بۆ تیپە هونەرییەکانی رانیە، کە نازانین لەسەر چ بنەمایەکە، ئایا هونەرییە؟ یـان هەڵبژاردن‌و ئینتیمای حـیـزبـی، دیـسـانـەوە بێبەشکراوین».

ئـەو رەخنانە لەکاتێکدایە کە سـەرۆکـی یـەکـێـک لـەو تیپانەی خەڵاتی سەرۆکی لیستی کوردستانی وەرگـرتـووە، ئاماژە بـەوە دەکـات «هەڵسەنگاندنەکە تـەنـدروسـت نەبووەو لە رێگەی میزاجی کەسییەوە بووەو بۆ مەبەستی هەڵبژاردنەکان بەکارهاتووە».

کاوە بچکۆل سەرۆکی تیپی شانۆی رانیە لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامە وتی: «هەڵسەنگاندنەکەی بەڕێوەبەرێتی گشتی رۆشـنـبـیـری‌و هـونـەری سلێمانی تەندروست نەبووەو لەسەر بنەمای چالاکی هونەریی‌و حزوری گروپەکان نەبووە»، چونکە دەکرا بۆ خەڵاتێکی لەو شێوەیە چەند گروپ‌و تیپێکی هونەریی کە کاری باشیان لە سنوورەکە کـردووە هاوکاری بکرانایە. وتیشی: «بۆ یەکمجارە ئێمە هاوکارییەکی لەو شێوە دەکرێین‌و بۆ ئەو هاوکارییەش بەرنامەو پرۆژەی هونەری نوێمان ئامادەکردووە، بەڵام دەکرا بەو برە پارەیە خەڵاتی هەموو گروپ‌و تیپەکان بکرایە، نەک چەند تیپێک‌و ئەوانی دیکە فەرامۆشبکرێن، ئەمەش بەبڕوای من بەشێکی پەیوەندی بەهەڵبژاردنەکانەوە هەبووە».

# بانگەشەی هەڵبژاردن بـ
# لە سەرکردە کوردەکان چـ

ستارە عارف

ئەندامێکی لیستی هاوپەیمانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە گەڕانەوەی بەرپرسە کـوردەکـان لـە بـەغـداوە بـۆ هـەرێـم‌و خۆتەرخانکردنیان بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ حیزبەکانیان، پێگەی کوردی لاوازکردووە کە ئەوەش دەبێتە هۆی زیاتر ئاڵۆزبوونی کێشەکانی نێوان هەرێم‌و ناوەندو نەگەیشتنە چارەسەر بۆیان.

د. مـەحـمـود عـوسـمـان، ئـەنـدامـی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی لە لێدوانێکدا بە رۆژنامەی راگەیاند: ئامادەنەبوونی سەرۆک کۆمارو جێگری سـەرۆک وەزیـران‌و سەرۆکی لیستی هاوپەیمانی‌و بەرپرسەکانی دیکە، کە ئێستا سەرقاڵی بانگەشەی هەڵبژاردنن لەکوردستان، بۆشایی لەبەغدا دروسـتـکـردووەو پێگەی کـوردی لەو کێشەیەدا لاوازکردووە. وتیشی: «مادام ئێمە بەشێکین لەم وڵاتە، کێشەکانیشمان هەر لێرە چارەسەردەبێت، بۆیە پێویستە ئەو لاوازییە نەهێڵین لەبەرئەوەی چەند بوونمان لێرە بەهێزبێت باشتر دەستکەوتەکان دەپارێزین».

کێشەکانی نـەوت‌و گـازو بوونی پـێـشـمـەرگـەو نـاوچـە دابـڕاوەکـان‌و دەسەڵاتەکانی کورد لە بەغدا، لەو کێشانەن کە ماوەیەکە کەوتوونەتە نێوان هەرێم‌و بەغداو سەرەڕای پێکهێنانی چەند لیژنەیەک تائێستا بەبێ چارەسەر ماونەتەوەو تەنانەت گفتوگۆکردن‌و دانوستانیش لەبارەیانەوە وەستاوە.

بە بۆچوونی د. مەحمود عوسمان، هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و حکومەتی ناوەند، بەرپرسیارن لەدواکەوتنی دانیشتنەکانیان لەسەر کێشە



## د. مایکڵ گەنتەر، پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان:

# حکومەت‌و پەرلەمانی کوردستان پێویستیان بە گۆڕانە

شالاو فەتاح

**د.مایکڵ گەنتەر، پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان، خاوەنی چەندین کتێبە دەربارەی کێشەی کورد لە عێراق‌و تورکیادا، وەک کتێبەکانی (کۆچی کوردەکان، لە ئاوارەیی ناوخۆوە بۆ دیاسپۆرا، کوردەکان‌و داهاتووی تورکیا، گۆڕانی کێشەی کورد لە تورکیاو چەندین کتێبی دیکە)، گەنتەر لەلایەن «چاودێری زانکۆیی» بە یەکێک لە باشترین (٣٢) تایبەتمەندی ڕەخنەگر لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست هەڵبژێردراوە. ئەو لەم چاوپێکەوتنەدا باس لەدوای باسکردنی کێشە سیاسییەکانی ئێستای کوردستانی عێراق‌و پێشبینییەکانی لەبارەی داهاتووی کورد، ئەوە دەخاتەڕوو کە لە دوا کتێبیدا دەربارەی پەیوەندییەکانی نێوان کوردو تورک دەنووسێت.**

**ڕۆژنامە: ئێمە هەفتەی داهاتوو هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانمان لەپێشە، پێتوایە ئێستا گۆڕینمان لە پەرلەمان‌و حکومەتدا پێویستە یان جێگیریی‌و مانەوە لە هەمان سیستمی پێشوودا؟**

* حکومەت‌و پەرلەمانی کوردستان پێویستی بە گۆڕانە، بەڵام گۆڕان قورسە ئەگەر ئەوانەی ئێستا حوکمیان بە دەستە هەڵبژێردرێنەوە. لیستەکەی نەوشیروان مستەفا چەند ڕەهەندێکی سەرنجڕاکێشی هەیە، تەنانەت ئەگەر نەوشیروان نەشتوانێت زۆرینەی کورسییەکان بباتەوە لەم هەڵبژاردنە پەرلەمانییەدا، ئەوا ئیرادەی خۆهەڵبژاردنەکەی کاریگەریی زۆری دەبێت لەسەر یەکێتی‌و پارتی بۆ ڕاستکردنەوەی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات‌و گەندەڵی‌و واسیتەو واشیان لێدەکات کە بیر لە باشترکردنی خزمەتگوزاریی گشتی بۆ نموونە کارەبا بکەنەوە.

**ڕۆژنامە: دەستووری کوردستان دەسەڵاتێکی زۆری داوەتە سەرۆکی هەرێم، بەجۆرێک دەتوانێت پەرلەمان هەڵبووەشێنێتەوە، پێتوایە دەستوورێکی وەها یارمەتی گەشەپێدانی پرۆسەی دیموکراسی دەدات یاخود پێویستە ئەو دەستوورە بگۆڕدرێت؟**

* حکومەتی هەرێم پێویستی بە سەرکردەیەکی بەهێز، بەڵام بەرپرسیار هەیە، مەسعود بارزانیش ئەزموونێکی زۆری هەیە، بەڵام هیچ کەسێکیش پێرفێکت نییە، سەرۆکایەتی هەرێم پێویستی بە بەدامەزراوەییکردنە، نەک تەنیا بۆ بارزانی بێت. ئەمەش مانای وایە دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم دەبێت بۆ هەموو کەس بێت، بەپرسیاریش بن بۆ خەڵکی کورد، یەکێکیش لە ڕێگەکانی چەسپاندنی ئەو مەبدەئە بریتییە لە دامەزراندنی دادگایەکی سەربەخۆ. لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە، ئەمریکا هانی ئەڵمانییەکانی دا بۆ دامەزراندنی دادگایەکی لەو جۆرە. ئەمڕۆ دەبینین دادگای دەستووریی فیدراڵی ئەڵمانیا یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی چەسپاندنی دیموکراسی لەو وڵاتە، دیموکراسی بەجۆرێک ڕەگی داکوتاوە لەو وڵاتەدا لەکاتێکدا بە هیچ شێوەیەک لە کلتووریاندا نەبوو پێش جەنگ. بوونی وەها دادگایەک پێویستەو کاری ئەو دادگایە تەفسیری دەستووری کوردستانی دەبێت (کە ئەویش پێویستی بە پاکنووس‌و باشتر نووسینەوە هەیە) بە جۆرێک حوکمی دەستووری یاسا جێبەجێبکات. ڕزگاری بکات لە لێکدانەوەی ئەو کەسانەی کە خزمەت بە خەڵکی کوردستان ناکەن.

> **نەوەکانی داهاتوو هەرگیز لە کورتبینی ئەم سەرکردانەی ئێستا خۆشنابن کە دەبنە هۆی لە دەستدانی هەلێکی مێژوویی بۆ ئەو گەلەی لە مێژوودا ئازاری زۆری چەشتووە**

**ڕۆژنامە: ئەی لە بارەی کێشەی کەرکوک‌و ناوچە جێناکۆکەکانەوە، پێتوایە دەبێت هەڵوێستی حکومەتی هەرێم لەسەر ئەم ناوچانە چۆن بێت باشە؟**

* حکومەتی هەرێم پێویستە سازشبکات لە داوا زۆرەکانی لەسەر کەرکوک، کەرکوک لە تورکمان‌و عەرەب‌و مەسیحیش پێکهاتووە هەر وەکو کورد. جگە لەوەی ئەمریکاو تورکیا سازشکردنی هەرێمیان دەوێت. حکومەتی هەرێم خزمەت بە ئامانجە درێژخایەنەکانی ناکات، ئەگەر سووربێت لەسەر کۆنترۆڵکردنی تەواوەتی کەرکوک. لە داهاتوودا، ئەوەی گرنگە عێراق ببێتە وڵاتێکی دیموکراتی فیدراڵ، ئەگەر عێراق بووبەوە، ئەوا کوردەکان بەڕاستی کەرکوکیان دەستدەکەوێت. بەدەستهێنانی کەرکوک لە ماوەیەکی کورتخایەندا بەبێ بوونی عێراقێکی فیدراڵ‌و دیموکرات سەرکەوتنێکی بەتاڵە.

**ڕۆژنامە: لە بارەی هەوڵەکانی لەناوبردنی گەندەڵییەوە رات چۆنە؟**

* پێموایە کوردەکان دەتوانن کێشەی گەندەڵی چارەسەربکەن، دیارە سەرۆک بارزانیش گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای وەتەرهاوس بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی‌و چەسپاندنی بەرپرسیارێتی بەستووە، ئەوەی هەرێم پێویستی دەبێت لە داهاتوودا بریتییە لە سیستمێکی پەروەدەی باشترو بەرزکردنەوەی ستاندەرەکانی بەرپرسیارێتی حکومەت بۆ ئاستێکی مۆدێرن.

**ڕۆژنامە: لە بارەی ڕۆڵی سەرکردە کوردەکانەوە لە بەغدا، ڕۆڵیان پۆزەتیڤە یان نەیانتوانیووە ئەو ڕۆڵەی پێویستە هەیان بێت ببینن؟**

* لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە کوردەکانی عێراق یەکەمجارە حکومەتێکی هەرێمی زۆر بەهێز دروستدەکەن‌و ڕۆڵێکی دیاریشیان لە حکومەتی عێراق لە بەغدا هەیە، ڕۆڵی کوردەکان لە عێراق گرنگە بۆ دژایەتی شۆڤێنیزمی عەرەبی، لەگەڵ ئەوەشدا، بەدڵنیاییەوە بە بەشداری کوردەکان لە بەغدا کوردەکان ڕۆڵێکی باشیان دەبێت لە گەیشتن بە دیموکراسی‌و فیدراڵیزم.

**ڕۆژنامە: پێتوایە کشانەوەی ئەمریکا لە عێراق توندوتیژیی بەرهەمدێنێت؟**

* کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا ڕۆڵێکی دوو سەرەی هەیە لە عێراقدا، بە بوونی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراقدا تەنیا ئاسایش‌و کۆنترۆڵکردنی توندوتیژیمان نەبوو، بەڵکو بوونی ئەوان بۆ زۆرێک لە عێراقییەکان ئازاراوی بوو، بەو جۆرە بووە هۆی دروستکردنی ناجێگیریی‌و توندو تیژیی، بۆیە دەبێت بزانین لە کشانەوەی بەشەکی هێزەکانی ئەمریکادا چی ڕوودەدات.

**ڕۆژنامە: چی دەڵێیت لە بارەی خاوبوونەوەی گەشەکردنی پرۆسەی دیموکراسی هەرێم لە چاو بەغدادا؟**

* حکومەتی هەرێم بەشێوەیەکی دیار بە دوای ڕیفۆرم‌و بەرپرسیارێتی دەکەوێت، ئەگەر وانەبێت، نەوەکانی داهاتوو هەرگیز لە کورتبینی ئەم سەرکردانەی ئێستا خۆشنابن کە دەبنە هۆی لە دەستدانی هەلێکی مێژوویی بۆ ئەو گەلەی کە لە مێژوودا ئازاری زۆری چەشتووە.

**ڕۆژنامە: لە دوایەمین ڕاپۆرتی «گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی»دا، بیرۆکەی چوونە پاڵ تورکیا وروژێنرا، تا چەند ئەم بیرۆکەیە بە واقیعی دەزانیت؟**

* لە نەوەدەکاندا، جەلال تاڵەبانی بە شەرمەوە پێشنیازی ئەوەی کرد هەرێم بخرێتە سەر تورکیا وەک چارەسەری کێشەی کورد، بەڵام بەدڵنیاییەوە تورکیا وازی لە داواکردنی ویلایەتی موسڵ (باکووری عێراق) هێنا لە (١٩٢٦)، بۆیە ئایدیای زیادکردنی هەرێم بۆ تورکیا خەیاڵە، بەڵام بەدڵنیاییەوە هاوکاری درێژخایەن پێویستە لەنێوان کوردو تورکیادا، چونکە تورکیا دیموکراسییەتەکەی تازە گەشەدەکات، ئەمەش ئاکامی گۆڕینی هێواش، بەڵام پۆزەتیڤی دەبێت بۆ کێشەی کورد، جگە لەوەش، کاندیدبوونی تورکیا بۆ یەکێتی ئەوروپا هاندەرێکە بۆ بیرۆکەی تورکیایەک کە هەڵسوکەوتی دۆستانەی هەیە بەرامبەر کوردەکان لە تورکیاو عێراقیشدا. لە داهاتوودا، پاراستنی ئەمریکا نامێنێت، بەڵام تورکیا دەمێنێتەوە، بۆیە باشترە بۆ حکومەتی هەرێم بگاتە تێگەیشتنێکی گشتگیر لەگەڵ تورکیادا، حکومەتی هەرێم زۆری هەیە پێشکەشی تورکیای بکات بۆ گەیشتنە وەها ڕێککەوتنێک، وەک بازرگانی، وەبەرهێنانی ئابووری، پشتگیریکردنی جیۆپۆلەتیکی‌و سیاسی بۆ کێشەی کورد لە تورکیا، ئەوەش دەبێتە یاریی براوە، (دۆخێکی سیاسییە کە یاریزانە سیاسییەکان گشتیان لە مامەڵەکە سوودمەند دەبن، نەک تەنیا یەکێکیان یان بەشێکیان)!

**ڕۆژنامە: پێتوایە کوردەکان دەتوانن لە مێژووی مۆدێرنی خۆیاندا پەیوەندییەکی دروست لەگەڵ دراوسێکانیاندا پێکبهێنن‌و داهاتووی خۆیان دەستەبەربکەن؟**

* بەگشتی‌و هۆشیارانە گەشبینم بە داهاتووی کورد، بۆ یەکەمجارو لە مێژووی مۆدێرنی خۆیاندا، پەیوەندییەکانی کوردو تورک گەشە دەسێنێت کە ناونیشانی دوا کتێبمە لەسەر کورد، دوو هۆکار هەیە لەسەر گەشبینی هۆشیارانەی من بەرامبەر داهاتووی کورد، یەکەم دروستکردنی حکومەتی هەرێم لە عێراقدا. دووەم کاندیدبوونی تورکیا بۆ یەکێتی ئەوروپا دەبێتە هۆکارێک کە تورکیا تەواوی مافە دیموکراتییەکان ببەخشێتە کوردەکان.



حکومەت‌و پەرلەمانی کوردستان پێویستی بە گۆڕانە، بەڵام گۆڕان قورسە ئەگەر ئەوانەی ئێستا حوکمیان بە دەستە هەڵبژێردرێنەوە

---

# ...ژنە دەچێت

حکومەت ناکات، پێشتر پەرلەمان هەبوو، نەمانتوانیوە چاودێرییێکی باش بین بەسەر حکومەتەوە، لەئێستادا کەوادەی بەسەرچووەو پەرلەمانی لە پشووی فەرمیدایەو دەوامیش ناکەن‌و زۆربەی ئەندامانی پەرلەمان سەرقاڵی هەڵبژاردنن، کێ چاودێریی حکومەت دەکات؟»، وتیشی: «ئێستا کەس چاودێریی ناکات‌و حکومەت ئەو بەڵێنانەی لەنموونەی یەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەتەکەی جێبەجێنەکردووە، بۆیە ئاوا خەڵک نارازییەو بڕیاریانداوە دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن».

پەرلەمانی کوردستان لەدوای (٦/٤)ەوە شەرعیەتی نەماوەو بەوپێیەش لەم حاڵەتانەدا توانای یاسادانان‌و بڕیاردان‌و چاودێرییکردنی حکومەتیشی نابێت.

د.فایەق محەمەد گوڵپی، سیاسەتمەدار ئاماژە بۆ ئەوەدەکات کە حکومەت بەهۆی هەڵبژاردنەوە سەری قاڵەو ئەگەر سەیری بەرپرس‌و وەزیرەکانی حکومەتی هەرێم بکەین هەتا جێگرو سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، هێندەی سەرقاڵی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆن، نیو هێندە سەرقاڵی بەڕێوەبردنی کاروبارە یاساییەکانی ڕۆژانەی خەڵک نین، بۆیە دەتوانرێت ئەم ماوەیە بەکاتێکی تایبەت‌و ڕاگوێزەر ناوبنرێت‌و بەهۆی بەسەرچوونی شەرعیەتییەوە پەرلەمان ناتوانێت چاودێریی حکومەت بکات‌و حکومەتیش بەڵێنەکانی جێبەجێ ناکات، «ئەوەی کە دەتوانێت چاودێریی بەڵێنەکانی حکومەت بکات، خەڵکە، لە ڕێگەی سیاسی‌و ڕاگەیاندن‌و ڕێکخراوەکانەوە چاودێریی حکومەت دەکات، بەڵام بەڕێژەیی خەڵکیش بەهۆی نەبوونی ڕۆشنبیری یاسایی‌و دیموکراتییەوەو زاڵبوونی کلتووری حیزبایەتی بەسەریاندا، ناتوانن چاودێریی حکومەت بکەن، ئەوەی گرنگە ئەوەیە خەڵک ڕوویکەنە سندوقەکانی دەنگدان‌و نوێنەرو پەرلەمانێکی چالاک هەڵبژێرن».

بە بڕوای د.یاسین سەردەشتی، مامۆستای زانکۆ، هەر دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە لە شەڕی ناوخۆوە دووکەرت بوون‌و دوای ڕێککەوتنیان کە بڕیاربوو حکومەتێکی یەکگرتوو پێکبهێننەوە، بەوشێوەیە تائێستا حکومەتەکەیان تەواو یەکگرتوو نییە، هەر ئەم دەسەڵاتە بەرپرسە لە یەکنەگرتنەوەی وەزارەتەکان، چونکە مەبەستی سەرەکیان دروستکردنی حکومەتێکی هاوچەرخ نەبووە، کە دیموکراسیەت لە کوردستاندا پێکبهێنن، واتە لەئەنجامی پرۆسەی مێژوویی‌و دابەشبوونی هەرێمی کوردستانەوە کەسانێکی خاوەن بەرژەوەندی دروستبوون، کە هەمیشە لە سەرووی هەموو یاساو ڕێسایەکی حکومیەوە بوون‌و بەرژەوەندی سیاسی‌و ئابوورییان لە هەردوو هەرێمە جیاوازەکەدا بووەو سیستمێکی ئۆتۆکراتیان پەیڕەوکردووە، وتیشی: «یەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەتەکە بە پەرلەمانی ئێستا ناکرێت، چونکە نەیتوانیوە چاودێریی حکومەت بکات، وەزارەتەکانیش لەماوەی چوارساڵدا نەیانتوانیوە یەکبگرنەوە».

## ڕێکخراوی ئاسک:

# لە ٢٠٠٣-وە بیست ملیار دۆلار خراوەتە سندوقی (IRFI)، بەڵام تائێستا تەنیا نزیکەی یەک ملیار دۆلاری لێ خەرجکراوە



محەمەد ساڵح حەمەلاو

کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد کە بە ڕێکخراوی (ئاسک ) ناسراوەو چاودێریی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانو بەرنامەی کاری حکومەت دەکات، لە دوو راپۆرتیدا هەڵسەنگاندن بۆ بەرنامەی کارو بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی پێشووی پەرلەمانی کوردستانو ئیشوکارەکانی حکومەت دەکات.

### کۆمەڵێک کاری باش

پرۆژەی چاودێریکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ماوەی سێ ساڵە لەلایەن ڕێکخراوی (ئاسک)ەوە جێبەجێ دەکرێتو لەسەر ئاستی ناوخۆییو دەرەوە رەنگدانەوەی ئەرێنیی هەبووەو بەپێی راپۆرتەکەی ڕێکخراوی ئاسک پەرلەمانی کوردستان لە ماوەی خولی دووەمیدا تارادەیەکی باش سەرکەوتوو بووە لە داڕشتنو پەسەندکردنی یاساکانداو توانیویشیەتی بنەمای یاسایی گرنگ بۆ دامودەزگاکانی حکومەت دابنێتو ژمارەیەک یاسای گرنگیشی بۆ وەزارەتەکان داناوەو بەپێی راپۆرتەکەی ڕێکخراوی ئاسک ئەو یاسایانە رۆحی بەرەو مەدەنییەت چوونو بەدامەزراوەییکردنی دامودەزگاکانی حکومەت بوون.

### سەرۆکایەتی پەرلەمانی کەمتەرخەم

بەپێی برگەی (٣) لە مادەی (٣٠) پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان کە دەڵێت: «ئامادەنەبوونی هەر ئەندامێک بۆ سێ دانیشتنی یەک لە دوایەک بەبێ عوزرێکی رەوا ئەندامێتی لەدەستدەدات» بەپێی راپۆرتەکەی ئاسک تێبینیکراوە «ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمان بەبێ هیچ هۆکارێکی گرنگ زیاتر لە (٣) دانیشتنی یەک لە دوای یەک ئامادەی کۆبوونەوەکانی پەرلەمان نەبوونو سەرۆکایەتی پەرلەمانیش بەدواداچوونی بۆ ئەم بابەتە نەکردووەو سەرۆکی پەرلەمانیش پێیوایە کەمتەرخەم بوون سەبارەت بە بەدوادانەچوونی ئەو کەمتەرخەمیانەی ئەندام پەرلەمانەکان» ئەمەش شکاندنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانەو پێویستە پابەندبن پێوەی، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان بەرپرسیارییەتی یەکەم دەخاتە ئەستۆی ئەندامانی پەرلەمان، چونکە «ئەوان نوێنەری گەلنو بەرپرسیارێتی مێژووییو گرنگیان لەسەر شانەو باڵاترین دەسەڵاتن لە کوردستان، هەربۆیە دەبێت خۆیان هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن، نەک چاوەڕێبن ئاگادار بکرێنەوە».

### هەڵەی ئەندامانی پەرلەمان

بەپێی برگەی یەک لە مادەی (٥٣)ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان «بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی وەزیران هەیە، کە ئامادەی دانیشتنەکانی پەرلەمان بنو بەشداری لە گفتوگۆکانیدا بکەن، هەرکام لەوانە لە پەرلەماندا ئەندام نەبێت بەشداری لە دەنگداندا ناکاتو بۆیان هەیە گەورە کارمەندانی وەزارەتەکانیان لەگەڵ خۆیاندا بهێنن بۆ ئەوەی بە مۆڵەتی سەرۆک پەنایان بۆ بەرن بەبێ ئەوەی مافی قسەکردنیان هەبێت» لە دانیشتنەکانی تایبەت بە گفتوگۆکردنو پەسەندکردنی بودجەی ساڵی (٢٠٠٩) سەرۆکی پەرلەمان ڕێگەی بە هەردوو بریکاری وەزارەتی دارایی دا بەشداری لە گفتوگۆکردنو روونکردنەوەکاندا بکەن، بەپێی راپۆرتەکەی (ئاسک) ئەمەش «دیسان دەرچوونە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان»، سەرۆکی پەرلەمانیش ئەوەی بە حاڵەتێکی «تارادەیەک ئاسایی» دانا، گوایە ئەندامان نارەزاییان نەبووە لە بەشداریکردنی هەردوو بریکاری وەزارەتی دارایی لە گفتوگۆکانی پەرلەماندا لەگەڵ ئەوەی ئەگەر بۆ وەرگرتنی رەزامەندیش بێت دەبوو ئەو بابەتە بخرێتە دەنگدانەوە، بەڵام لە پەیڕەوی ناوخۆدا ئاماژە بە هیچ شێوازێک ناکات بۆ بوار پێدانیان لە گفتوگۆکاندا، بەڵکو بەشێوەیەکی رەها ڕێگەیان پێنادرێت.

### پەرلەمان پەیرەوی ناوخۆی شکاندووە

ڕێکخراوی (ئاسک) لە بەشێکی راپۆرتەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە پەرلەمان لە ماوەی چوار ساڵی خولی دووەمیدا «چەند جارێک پەیڕەوی ناوخۆی شکاندووە»و سەرۆکی پەرلەمانیش پاساوەکەی ئەوەیە: «ئەو دەرچوونە لە پەیڕەوی ناوخۆدا لە پێناوی بەرژەوەندی گشتیدا بووە»، چونکە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان پێویستی بە هەموارکردنەوە هەیە بۆ کەمکردنەوەی رۆتینی کاروبارەکانی پەرلەمانو شێوازی دانیشتنەکانی پەرلەمان لە ئایندەدا.

### یاسای چاودێری دارایی

هەرچەندە ساڵی (٢٠٠٨) پەرلەمانی کوردستان یاسای دەزگای چاودێری دارایی پەسەند کرد، بەڵام تائێستا ئەو یاسایە نەخراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەگەڵ ئەوەی لە یاساکەدا هاتووە (مادەی پێنجەم) دەسەڵاتی سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانە سەرۆکێک بۆ ئەم دەزگایە پێشنیاز بکات، ژمارەیەک لە ئەندامانی پەرلەمانیش پێیانوایە «بەهۆی ڕێکنەکەوتنی هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار لەسەر سەرۆکێک بۆ ئەم دەزگایە سەرۆکایەتی پەرلەمان کەمتەرخەم بووەو پەلەی نەکردووە لە پێکهێنانی دەزگاکە کە یەکێکە لە دەزگا گرنگەکانی کوردستان» بەڵام سەرۆکی پەرلەمان هۆکاری دواکەتنی پێکهێنانی دەزگای چاودێری دارایی بۆ درەنگ یەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەتی دارایی دەگەڕێنێتەوەو پێشیوایە دیاریکردنی سەرۆک بۆ ئەم دەزگایە کێشە نەبووەو پەیوەندیشی بە ڕێککەوتنی هەردوو حیزبەوە نییە، چونکە سەرۆکی دەزگاکە کەسێکی بێلایەن دەبێت.

ڕێکخراوی (ئاسک) ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات، ئەگەر پەرلەمان کەمتەرخەم بێت لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی، پەیامێکی لاواز دەدات بە حکومەتو هاوڵاتییانو ناتوانێت وەک پێویست چاودێرییو لێپێچینەوە لە جێبەجێنەکردنی یاساکاندا بکات لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

### پرۆژەیاساکان بەسەردەچن

ژمارەیەک پرۆژەیاسای تایبەت بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، کە خوێندنەوەی یەکەمیان لە پەرلەمان بۆ کراوە پاش رەوانەکردنیان بۆحکومەت،نەگەڕێنراونەتەوە بۆ پەرلەمانو بەپێی راپۆرتەکەی ڕێکخراوی (ئاسک) ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو پرۆژەیاسایانە بە «کۆتاهاتوو» دابنرێن لەلایەن خولی داهاتووی پەرلەمانو دەبێت دیسانەوە بە شێوازی یاسایی جارێکی دیکە پێشکەش بکرێنەوە.

### زۆرێک لە بەڵێنەکان هەر قسەبوون

ڕێکخراوی ئاسک کە یەکێک لە ئەرکەکانی چاودێریکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنەکانە، پێیوایە: «زۆرێک لە بەڵێنەکانی حکومەت تائێستا هەر قسەبوونو نەگۆڕاون بۆ بەرنامەی کار، یان دەستکەوتی راستەقینە»

### سەرۆکی حکومەت بەڵێنەکانی جێبەجێنەکردووە

ڕێکخراوەکە ئاماژەی بەوە کردووە ئەم حکومەتە کە لە (٢٠٠٦/٥/٧)دا پێکهێنراوەو یەکەم حکومەتی یەکخراوی هەرێمی کوردستانە دوای (١٣) ساڵ لە دوو حکومەتی، لە هەولێرو سلێمانی، بەڵام زۆرێک لە بەڵێنەکانی ئەم حکومەتە تەنیا وەک قسە ماونەتەوەو نەگۆڕاون بۆ کردەوەو تێیدا هاتووە: پێشتر نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەت بەڵێنی دابوو، کە دامەزراوەی تایبەت بە بەدواداچوونی گەندەڵیو لێکۆڵینەوەی حاڵەتەکانی دابمەزرێنێت، بەڵام سەرۆکی حکومەت ئەو بەڵێنەی جێبەجێنەکرد، هەروەک حکومەت ئەو بەڵێنەی کە بۆ یەکگرتنەوەی ئەو وەزارەتانەی یەکیان نەگرتووەتەوە بە تەواوەتی، نەبردووەتە سەرو بەشێکی ماوە کە جێبەجێ بکرێتو بۆچوونیشیان وایە یەکنەگرتنەوەی هەردوو وەزارەتی دارایی کاریگەری خراپی لەسەر چالاکییە حکومییەکان دەبێت، ئەوەش بەهۆی بوونی دوو بودجەییەوە،

### سەرۆکی حکومەت تاکلایەنانە بڕیار دەدات

ڕێکخراوی (ئاسک) رەخنە لە ئەنجومەنی وەزیران دەگرێت بەوەی کە بەڕێوەبەرێتییەکی گشتی تایبەت بەخۆی دامەزراندووەو کاری دیاریکردنی ئەولەویەتەکانی پلانە ستراتیژییەکان دەکات بێئەوەی پشت بە هیچ لێکۆڵینەوەیەک یان بنەمایەکی زانستی ببەستێت، ئەوە وێڕای ئەوەی «هەندێکجار سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران تاکلایەنانە بڕیار لەسەر بوارێکی ئابووری دیاریکراو دەدات».

### حکومەت لە (٢٠) ملیار دۆلار یەک ملیاری خەرجکردووە

سەرچاوە داراییەکانی هەرێم لە دوو شوێنەوە دابیندەکرێن، یەکەمیان: لە بودجەی گشتیی عێراقو لە ڕێژەی (١٧٪)کەی هەرێمو دووەمیشیان: لە ڕێگەی ئەو پارەیەوە کە وڵاتانی کۆمەک بەخش دەیدەن بۆ ئاوەدانکردنەوەو بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری عێراق، بۆ ئەو مەبەستەش سندوقێک بەناوی (IRFI) بۆ دانانی ئەو پارانە دابینکراوە، بەڵام بەپێی راپۆرتەکەی (ئاسک) لە ساڵی (٢٠٠٣)وە نزیکەی (٢٠) ملیار دۆلار خراوەتە ئەو سندوقەوە، بەڵام تائێستا نزیکەی یەک ملیار دۆلاری لێ خەرجکراوە.

### وەزارەتی مافی مرۆڤ دوو لیستی مووچەی هەیە

بەپێی راپۆرتەکەی ئاسک وەزارەتی مافی مرۆڤ کەمترین بودجەی لەلایەن حکومەتەوە بۆ دانراوەو وەزارەتەکەش ژمارەی فەرمانبەری مەیدانی پسپۆڕی نییە بۆ تۆمارکردنو بەدواداچوونی مافەکانی مرۆڤو پێشێلکارییەکانو وەزارەتەکەش تائێستا نەیتوانیوە کۆنگرەیەکی ساڵانە ڕێکبخات بۆ ناساندنی رەوشو بوارەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان، ئەوە جگە لەوەی ئەو وەزارەتە تائێستا نەیتوانیوە سەنتەرێکی لێکۆڵینەوەو پاراستنی بەڵگەنامەکان دابمەزرێنێت، هەر بەپێی زانیارییەکانی ئەو راپۆرتەی ڕێکخراوی ئاسک وەزارەتی مافی مرۆڤ تائێستا لیستی مووچەی فەرمانبەرەکانی بە دوو لیستی جیاواز دەدات، کە یەکێکیان تایبەتە بە فەرمانبەرانی هەولێرو ئەوەی دیکەشیان تایبەتە بە فەرمانبەرانی سلێمانی.

### بودجەی وەزارەتی کارەبا روون نییە

راپۆرتەکەی ڕێکخراوی ئاسک تیشکدەخاتە سەر ئەوەی کە بودجەی ساڵی (٢٠٠٩)ی وەزارەتی کارەبا روونو ئاشکرا نییە، ئەوەش گرێیەکی سەرەکییە لەبەردەم جێبەجێکردنی نەخشەو پلانی وەزارەتەکە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکان، ئەوە سەرباری ئەوەی کە تائێستا وەزارەتی کارەبا میلاکی ئەو وێستگانەی دیارینەکردووە، کە بڕیارە بەم نزیکانە بکەونە کار، ئاماژەی بەوەشکردووە کە رۆتینێکی زۆر لە جێبەجێکردنی ئیشوکاری وەزارەتەکەدا بەدیدەکرێت، بە جۆرێک ئەنجامدانو جێبەجێکردنی پرۆژەیەک پێویستی بە وەرگرتنی رەزامەندی دەیان وەزارەت هەیە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ وەزارەتەکانی دیکەدا، وەزارەتی پلاندانان لەڕووی پێکهاتەییەوە ڕێکخراوترە لە وەزارەتەکانی دیکە.

کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد، ناسراو بە (ئاسک)، ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتییەو ساڵی (١٩٩٧) دامەزراوەو لە ساڵی (١٩٩٩)وە نووسینگەیەکی لە هەولێر کردووەتەوەو لە بوارەکانی چاودێریکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنو بەرنامەی حکومەتی هەرێم دەستی بەکارەکانی کردووە.

---

# دەسەڵات لە گرێـ

ستارە عارف

زۆرینەی پیاوە حکومییەکانو وەزیرەکان خۆیان سەرگەرمکردووە بە بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ لیستەکانیانو کاروبارەکانی حکومەتیان جێهێشتووە، وەزارەتەکانی دارایی یەکیاننەگرتووەتەوەو پەرلەمانیش ماوەی یاسایی بەسەرچووە، کەس نازانێت کێ لەکێ دەپرسێتەوە.

لەدوای ئەنجامدانی هەڵبژاردن لە ٢٥ی ئەم مانگەو بڵاوکردنەوەی ئەنجامەکەی، پەرلەمانی نوێی کوردستان یەکەم دانیشتنی خۆی ئەنجامدەداتو لەو رۆژەوە بەفەرمی خولی دووەمی پەرلەمان کۆتایی پێدێتو دوو بۆچوون هەیە، هەندێک دەڵێن پەرلەمان هەتا کۆبوونەوەی پەرلەمانی داهاتوو شەرعیەتی ماوە، بۆچوونەکەی دیکەش دەڵێن، شەرعیەتی نەماوە، ئیتر بە چ مافێک چاودێریی کارەکانی حکومەت بکات، د.نوری تاڵەبانی، ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان وتی: «پێشتر زۆر باس لە چاودێرییو یەکگرتنەوەی وەزارەتەکان کرا، نەگەیشتینە ئەنجام، بەڵێنیان پێداین جێبەجێنەکراو ئێستاش هەر دەچێتە خانەی بەڵێنەکانەوە، یەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەت یەکێک بوو لەو راسپاردانەی کە لەکاتی پەسەندکردنی بودجەی هەرێمی کوردستاندا یەکبخرێنەوە».

لە (٢٠٠٦/٥/٧) حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای سیانزە ساڵ یەکەم کابینەی یەکگرتووی راگەیەنرا، کە هەردوو حیزبە سەرەکیەکەو کۆمەڵێک لە حیزبەکانی دیکەی گرتە خۆی، نێچیرڤان بارزانی وەکو سەرۆک وەزیرانی ئەو حکومەتە دەستبەکاربوو، هەر لەوێشەوە بەبۆنەی ئەو راگەیاندنەوە بەشێوەیەکی فەرمی وتاری خۆی خوێندەوەو تێیدا هێڵە سەرەکیەکانی کارنامەی حکومەتەکەی ئاشکراکرد، بەپێی راپۆرتی دووەمی ڕێکخراوی ئاسک لە حوزەیرانی (٢٠٠٩)دا بۆ پرۆژەی چاودێرییکردنی کارنامەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەو بەڵێنانەی تەنیا وەکو وتار مانەوەو نەکرانە کارنامەیەکی چڕوپڕی بەرنامەدار، کە کۆمەڵێک دەستکەوت لەچەند ماوەیەکی دیاریکراودا بە ئەنجام بگەیەنرێت، بۆیە: تائێستا ئەو دەستەیە دانەمەزراوە کە لە وتارەکەیدا هاتبوو بۆ بەدواداچوونو لێکۆڵینەوە لە گەندەڵی کە بە «دیاردەیەکی نەنگ» وەسفیکردبوو، هەروەها لەگەڵ ئەوەی کۆتاییهاتنی ماوەی یاسایی ئەو حکومەتە نزیکبووەتەوە، کەچی ژمارەی وەزارەتەکان هەروەکو خۆیان ماونەتەوەو کەمنەکراونەتەوە.

لە (٢٠٠٩/٤/٦) لە دانیشتنێکی پەرلەماندا یەکگرتنەوەی هەردوو وەزارەتی پێشمەرگەو ناوخۆ راگەیەنرا، بەوەش بەشێکی بەڵێنەکەی یەکگرتنەوەی وەزارەتەکان هاتە دی، بەڵام تائێستا وەزارەتی دارایی یەکنەخراوەتەوە، ئەمەش کاریگەریی بەسەر گشت کاروبارو پرۆژەکانی حکومەتەوە هەیە.

کوێستان محەمەد، ئەندامی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان، دەڵێت: «ئێستا کەس چاودێریی بەڵێنو کارەکانی

birura.rozhnama@gmail.com

# پلانی کۆکردنەوەی دەنگو وێنەی زیهنی لیستەکان



هادی ئەمین

هەموو لایەک چاوەڕواندەکەن رۆژی (٢٥) ئەم مانگە گۆڕانکاریی گەورە بهێنێتەئاراوە، چونکە تایبەتمەندیی ئەو هێزانەی ململانێدەکەن بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین دەنگ لە هەڵبژاردنی ئەم مانگەدا، جیاوازی هەیە وەک لە هەڵبژاردنەکانی رابردوو.

کۆکردنەوەی زۆرترین دەنگیش پەیوەستە بە کۆمەڵێک هۆکارەوە، یەکێک لەو هۆکارانە ئەوەیە، هێزە جیاجیاکانی لەرێگەی بانگەشەی هەڵبژاردنەوە هەوڵی بۆ دەدەن، ئەویش بە مەبەستی کاریگەریدانان لەسەر بۆچوونی خەڵکیو گۆڕینی بۆچوونیان بە ئاراستەی پاڵپشتیکردن لە لیستەکانیان.

بەپێی زانستی دەروون بۆچوون بریتییە لە ئارەزووی وەڵامدانەوەی تاکەکان بۆ بابەتە گۆڕاوەکان (سیاسیو کۆمەڵایەتی...) ئەو گۆڕانەش بە تەئید یان رەتکردنەوە روودەدات. واتە بۆچوون بەرامبەر شتە نەگۆڕەکان دروستنابێت، بەڵام بابەتەکانی وەک چۆنێتی حوکمکردنو باشترین لیست بۆ بەڕێوەبردنی وڵات بابەتێکی گۆڕاوەو دەکرێت لە بۆچوونی تاکەکاندا تێڕوانینی جیاواز هەبێتو هاوکات ئەو تێڕوانینەش بگۆردرێت.

لە بانگەشەکانی هەڵبژاردندا هێزو لایەنەکان هەوڵدەدەن بۆچوونی خەڵکی بگۆڕن بە ئاراستەی تەئیدکردنی خۆیان، ئەوەش ئیمکانی هەیە، چونکە لە تایبەتمەندییەکانی بۆچوون ئەوەیە کە زکماکی نییە، بەڵکو گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئەزموونو شارەزاییو لاساییکردنەوە رۆڵی گەورە دەبینن لە گۆڕانی بۆچووندا لە پشتیوانیکردنی لایەنێکەوە بۆ بێلایەنی پاشان بۆ پشتیوانیکردنی لایەنێکی دیکە.

ئەزموونی کار وەک یەکێک لە هۆکارەکانی گۆڕینی بۆچوون:

ئەزموونی کاری هەر هێزێک کە بە کرداریی هەیبووە لە رابردوودا، وێنەیەکی زهنی دروستدەکات لای خەڵکو بەوەش بۆچوونێکی کەڵەکبوو پێکدێت. ئەگەر ئەو هێزە گەندەڵیو کەمتەرخەمی هەبووبێت لەبەرچاوی خەڵک، ئەوا ئەزموونە گەندەڵەکە وێنەیەکی سلبی دروستدەکاتو بۆچوونی رەتکردنەوە بەرامبەر ئەو هێزە لەلایەن خەڵکەوە گەڵاڵەدەبێت.

ئەو ئەزموونەی کە ئێستا دوو حیزبی دەسەڵاتداری هەرێمی کوردستان هەیانە لە کەمتەرخەمیو گەندەڵی لای خەڵک وێنەیەکی سلبی دروستکردووە، سەدان بانگەشەو پارەبەخشینەوە نایگۆڕێت، خەڵک زۆر زۆر بە زەحمەت بڕوا بە بەڵێنەکانیان دەکات، لەکاتی بەڵێنەکاندا دەنگێک دەچرپێنێت لە هزی تاکەکانداو دەڵێت ئەی بۆچی لەمەوبەر ئەو بەڵێنانەتان جێبەجێنەکردووە خۆ خۆتان حاکمی وڵاتبوون، بێگومان لایەنی دەسەڵاتداریش بیانووی خۆی هەیە.

بەڵام پێویستە میدیاکانو ئەوانەی رۆڵیان هەیە لە بانگەشەدا کاربکەن بۆ نیشاندانی واقیعی ئەزموونەکان وەکخۆی، بە جۆرێک وێنە سلبییەکان لای خەڵک نەکرێن بە وێنەی ئیجابی، چونکە نەشارەزاییو نەخوێندەواریی خەڵکی رۆڵی گەورەی دەبێت لەوەی دوو حیزبی دەسەڵاتدار وێنەی کەمتەرخەمیو ناشرینی خۆیان لای خەڵک جوان نیشانبدەن.

زیادکردنی شارەزایی وەک یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی گۆڕینی بۆچوون:

لاساییکردنەوە مەترسییەکی گەورەیە، بۆیە دەبێت بەردەوام هێزەکان بەڵگەی مەنتقی بهێننەوە بۆ فەناعەتپێکردنی خەڵکی کە زۆر گرنگە بۆ جێگیرکردنی بۆچوونەکانو توانای وەڵامدانەوە بە ئاسانترین شێوە بۆ ئەو بۆچوونەی وەریگرتووە. لەلایەکی دیکەوە بۆچوونەکان بەهۆی شارەزاییەوە دەگۆڕێت، تا شارەزایی خەڵکی زیاتربێت لەسەر وێنەی هێزێک، ئەوا بۆچوونێکی روونی سەبارەت بەو هێزە بۆ دروستدەبێت.

ئەگەر ئەم خاڵەش تەرجەمەبکەینەسەر واقیعی خۆمان، ئەوا دەبینین دوو حیزبی دەسەلاتدار چەندین بەڵێنیان داوەو نەیانبردووەتەسەر، بۆیە ئێستا لای خەڵکی شارەزاییەک دروستبووە بەوەی کە بەڵێنەکانی ئەو دوو هێزە تەنیا بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنەو عەقڵی جەمعی خەڵک بەو بەڵێنانە بڕواناکات.

بۆ نموونە پارتیو یەکێتی لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٠٥)دا چەندین بەڵێنیان داوە، بەڵام تائێستا جێبەجێیان نەکردووە، ئەوەتا لە راپۆرتی سێیەمی کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد ASK، هەندێک لەو بەڵێنانە روونەکاتەوە کە تائێستا جێبەجێنەکراون، ئەویش لە راپۆرتێکی بڵاوکراوەیاندا بەناونیشانی (پرۆژەی چاودێریکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان) کە لە ساڵی (٢٠٠٨) بڵاویکردەوە، هەندێک لەو بەڵێنانەی کە دوو حیزبی دەسەڵاتدار جێبەجێیاننەکردووە:

١- بەڵێنی تایبەت بە دیاریکردنو چەسپاندنی سنووری جوگرافی هەرێمی کوردستان. دیارە تائێستا کارێکی وای بۆ نەکراوەو هیچ جارێک پەرلەمانی کوردستان کۆبوونەوەی تایبەت بەو مەسەلەیەی سازنەکردووە.

٢- تائێستاش بەڵێنی تایبەت بە گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان جێبەجێنەکراوە، تەنانەت خەریکبوو خەڵکی ناوچە دابڕاوەکان بێبەشبکەن لە دەنگدان لەسەر دەستووری هەرێم.

٤- بەڵێنی تایبەت بە دانانی بەرنامەیەکی خێراو بنچینەیی بۆ بنبڕکردنی کێشەکانی (ئاو و کارەباو سووتەمەنی) جێبەجێنەکراوەو تائێستا ئەو کێشەیە بەردەوامەو جێی نیگەرانی خەڵکی کوردستانەو بووەتە هۆی نارەزاییو خۆپیشاندانی خەڵکی شارەکانی کوردستان. خەڵکی کوردستان نیگەرانن لەوەی کە بە دەیان گرێبەست بە ملیۆنان دۆلار سەرفدەکرێت لەو پرۆژانەی کە پێویستی سەرەکی خەڵک نین، کەچی مەسەلەی ئاوو کارەباو سووتەمەنی هەوڵی جدی بۆ نەدراوە، بە کێشەیەکی لاوەکی سەیردەکرێت، هاوکات ئەوەشمان بیرنەچێت کە کێشەی ئاو و کارەبا تەنیا لای هاوڵاتییان هەیەو بەرپرسان ئەو کێشەو موعاناتانەیان نییە.

٥- بەڵێنی تایبەت بە پەرەپێدانو کاراترکردنی خزمەتگوزارییەکانی شارەوانیو رێگەوبانو ئاوەڕۆکان، دیارە سەبارەت بە خزمەتگوزارییەکان خەڵکی نیگەرانن بەو پرۆژانەی جێبەجێدەکرێن، چونکە بەشێک لە پرۆژەکان دوای ماوەیەکی کورت شکستدێنن بەهۆی بەکارهێنانی مەوادی خراپ کە دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەو تێکچوونی پرۆژەکەو زیانگەیاندن بە هاوڵاتییانو پاشانیش بە هەدەربردنی سەرمایەیەکی زۆری حکومەت کە پەیوەندی بە باری گوزەرانی خەڵکەوە هەیە، تائێستا پەرلەمان هیچ لێپێچینەوەیەکی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار نەکردووە سەبارەت بەو گەندەڵییەی لە پرۆژەکاندا دروستبوون.

لە هەڵبژاردنی (٢٠٠٥)دا پارتیو یەکێتی سەدان بەڵێنیاندا بە خەڵک، تەنانەت بەڵێنیان دابوو بە خەڵکی عەلوەکەی سلێمانی کە گومرگ لەسەر بەرهەمەکان هەڵبگرنو کارئاسانی بۆ بازرگانەکان بکەن، بێگومان جێبەجێیاننەکردووە، بەڵام دەبێت ئەوانە بۆ خەڵکی بخرێتەڕوو، تا بە بەڵێنەکان هەڵنەخەڵەتێن، چونکە خستنەڕووی زانیاریو شارەزایی لە بارەی گەندەڵیو کەمتەرخەمییەکان گرنگە بۆ ئەوەی تەواوی خەڵک ئەو بۆچوونەی لا بەرجەستەبێت کە ئیتر بەسە (١٨)ساڵ حوکمڕانی کەمتەرخەمو گەندەڵ بە بیانووی حکومەتێکی ساواو بارودۆخێکی ناسکو مەترسی دوژمنان.

رۆڵی میدیاو بانگەشە کاریگەرە بۆ زیادکردنی شارەزاییو هۆشیاری خەڵک لە بارەی بەڵێنەکانەوە، بەتایبەت لە بارەی ئەو بەڵێنانەی کە ئێستا دەدرێنو بەراوردکردنیان بە بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی رابردوو.

Hadi.ameen@yahoo.com

# سوپەر دەسەڵات



پشکۆ ناکام

..... لە گەرمەی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنی ئایندەی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، لەلایەن دەسەڵاتەوە چەند موزایەدەو دروشمێک هێندە وتراوەتەوە کە کەم کەس هەیە لەبەری نەکردبێو هەر ئەم «نیوە رستانەش» رۆژانە بە مانشێتی گەورە راگەیاندنی هەردوو جەمسەری دەسەڵات دەرازێنێتەوە لەوانە: پاراستنی پێشکەوتنەکان!!! هێنانەدی خواستی شەهیدان... لەبارنەبوونی ئەزموون.. پارتیو یەکێتی نەبن کورد گورگان خواردوو دەبێت... دەسەڵات باوکو دایکمانە تا دەگاتەوە ئادەمو حەوا.. و.. هتد.

لەم دوایەشدا موزایەدەکی دیکەش زیادبووە کە پێویستی بە تێڕوانینو هەڵوێستەکردن هەیە، ئەویش موزایەدەی دەسەڵات رووبارێک خوێنی رشتووە بۆ ئەم رۆژە!

هەر میللەتو نەتەوەیەکی چەوساوە کە بە ناچاریی پەنا دەباتە بەر خەباتی چەکداریی، هیچ گەرەنتییەک نییە کە نەک رووبارێک، دەیان رووباری خوێن مێژووی پێ بگاتە مەبەست، خوێنڕشتنو قوربانی گەر هاوکاتو هاوسەنگ نەبێت لەگەڵ بەرنامەو ئاراستەکان، ئەنجامەکەی نە گەشو رێڕەوەکەش نەمەبەست دەپێکێت.

- خەڵکی سۆڤیەتی رەحمەتی لەپێناو پاراستنی دەسەڵاتی کۆمۆنیستی، زیاتر لە (٢٠) ملیۆن کەس بوونە قوربانی، ئەی سەرئەنجام؟! بەڵێ، سەرئەنجام لەبەرئەوەی ئەو سیستمە لەگەڵ خواستو ئارەزووی خەڵک، لەگەڵ رەوتی مێژوو، لەگەڵ بیروباوەڕەکانی ئازادیی تاکو بە دیموکراسیکردنی پەیوەندی خەڵکو دەوڵەت نەگونجا، هەموومان دیمان ئەو وڵاتە زلو سیستمە تۆتالیزمە چی بەسەرهات، ئەمە لەکاتێکدا کە (سۆڤیەت) سیستمێکی حوکمڕانی هەبوو لەسەر بناغەو بنەمای ئایدۆلۆژی کۆمۆنیستی، جا لە هەرێمی کوردستان کە سیستمێکی دیاریکراوی حوکمڕانی نییە، دەبێت لە بەردەوامی ئەم دەسەڵاتەی ئێستا چ کاولکارییەکی بۆ کۆمەڵانی خەڵک بەدواوە بێت!

جگە لە نموونە جیهانییەکان، هەر خۆشمان وەک کورد نموونەیەکی نزیکمان لەبەردەستە، کە شۆڕشی ئەیلولە، چواردە ساڵ لە خەباتو خوێنڕشتن، لەبەر نەبوونی سەربەخۆیی بڕیاردان، رووباری خوێنی چواردە ساڵی کورد چووە بەنداوی ـ هەرەس ـ ەوە...

ئەو رووبارە خوێنەی دەسەڵات موزایەدەی پێوەدەکات، جێی خۆیەتی کە پرسیاری ئەوە بکەین ئامانجەکانی قوربانییەکانی ئەو رووبارە هاتووەتەدی؟!

خەڵکی کوردستان چاک دەزانن کە بەشێکی ئەو رووبارە لە ململانێی هەردوو جەمسەرەکەدا رژاوە، ئەو جەمسەرەی بە هەزاران رۆڵەی ئەم گەلەی کردە ـ ئاگردانی ـ ئەو ململانێیە، ئێستا داوا نەک هەر لە حیزبەکەی خۆی، بگرە داوا لە هەموو کورد دەکات دەنگبدات بە سەرۆکی جەمسەرەکەی دیکەی دەسەڵات!! ئایا جەمسەری ـ سلێمانی ـ دەسەڵات، پێیوایە گەر ئەو خەڵکانەیان بە کوشت نەدایەو ئێستا زیندوو بوونایە، دەبوایە دەنگیان بە هەمان کەس بدایە؟ دەسەڵات چی بە کەسوکاری ئەو شەهیدانە دەڵێت کە لە دژایەتی ئەو کەسەو حیزبەکەیدا خوێنی خۆیان کردە پێناسەی راستگۆیی هەڵوێستیان..؟! جەمسەری سلێمانی دەسەڵات بە کەسوکاری شەهیدانی خەباتی لابەلاکردنی سیستمی تاکڕەوییو ـ کاریزما ـ دەڵێت کە دەنگبدەن بە هەمان حیزب، بە هەمان سەرکردە، بە هەمان بنەماڵە، بە هەمان مێژوو! دەسەڵاتێک کە رێز لە بەشێکی پیرۆزی ـ رووبارە خوێناوییەکە ـ ی خۆی نەگرێت، بە بێشک، کەسوکاری ئەو قوربانیانەی بە خوێنی خۆیان ئەو رووبارەیان دروستکرد، رێز لەو دەسەڵاتە، لەو دیماگۆگیەتی دەسەڵات ناگرێت.. ئامادەش نابن جارێکی دیکە دەنگ بە هەمان دەسەڵات بدەنەوە، نەبادا هەمان مێژوو، هەمان چارەنووس دووبارە بێتەوە، مێژووی لە قۆناغێکدا نەفرەتی لێبکەو لە قۆناغێکی دیکە دەنگی پێبدە، چارەنووسی لە کیسدانی باوکو براو کوڕو دواتر لە هەڵبژاردنێکدا، لەبیر بچنەوە لەپێناو درێژەدان بە تەمەنی هەر ئەو دەسەڵاتو هەر ئەو کاریزمایە...

دیارە بەشێکی گەورەی لەبیرنەچووی قوربانیەکانی کورد، لە خەباتی چەکداریدا بووە دژ بە رژێمەکەی ـ سەدام ـ و سوپا درندەکەی، هەر ئەو خەباتەش بووە مایەی بەشداریکردنی هەزاران رۆڵەی کورد بە خوێنی خۆیان لەو رووبارەدا، بەرامبەر بە رژێمێک کە پێی دەوترا: رەفتار فاشیست، ئەی بۆ ئەمڕۆ دەسەڵات ئامادە نییە پشتگیری لە لەسێدارەدانی وەزیری بەرگری، واتە کەسی یەکەمی ئەو رژێمە بکات؟

پاساوی دەسەڵات چییە بۆ بە (ئەستێرە)کردنی کەسی یەکەمی سوپای عێراق؟ تۆ بڵێیت رژێم ـ رەفتار فاشیست ـ بووبێتو وەزیری بەرگرییەکەی ـ رەفتار دیموکرات ـ!! تا دەسەڵاتی دیموکرات خوازی کورد شەفاعەتی بۆ بکات...


هەر دەسەڵاتێک زۆر شانازی بە دەریایەک خوێنی هاوڵاتییانی خۆیەوە بکات، بەرامبەر بە ئۆقیانووسێک هەڵەو لادانو لە هەڵە قورستریش، موزایەدەیەکە ناچێتە گیرفانی کەسەوە، چونکە گەر بەراوردێکی لەنێوان قورسایی رووبارەکەو ئۆقیانووسی هەڵەو لە هەڵە قورسترەکان بکەین، هاوکێش نابن.. ئەوەی ئەم دەسەڵاتە دەرهەق بە کۆمەڵانی خەڵک ئەنجامیداوەو کردوویەتی، زۆر زەحمەتە بە پاساوی ئەو رووبارە، خەڵک لێبووردنی هەبێت یان چاوپۆشی لێبکات، ئەو رووبارە خوێنە بۆ ئەوە رژا یەکسانیو عەدالەتیو کۆمەڵایەتیو پاشەڕۆژی ئاسوودە مسۆگەر بکرێت، نەک بۆ دەنگدان بە هەمان ئەو کەسانەی رێگری ئەو خواستانە بوونو دەبن... گەر ئەو رووبارە بۆ بە دیکتاتۆرکردنی سیستمی حوکمڕانی هەرێم بێت، ئیتر ئەو خەڵکە کەسوکاری قوربانییەکانی ئەو رووبارە راپەڕینیان بۆ کرد؟!

- یەکێک لە دروشمە پێکەنیناویە تازەکانی دەسەڵات ئەوەیە، کە رابەرانی دەسەڵاتی ئێستای هەرێم ئاڵتەرناتیڤ (بدیل)یان نییە!

ئەوانەی بەناوی دەسەڵاتەوە قسەدەکەن، لایان وایە ئەوانە لەسەروو هەموو میللەتەوەن، بە مانایەکی دی گەر میللەتیش (بدیل)ی هەبێت، ئەوا رابەرەکان نیانە، بە درێژایی مێژوو نەبووەو رووینەداوە کە هیچ شتێک ئاڵتەرناتیڤی یەک میللەت بێت، بەڵام جەمسەرەکانی دەسەڵاتی هەرێم هەمووشتێک (سووک) دەکەن لەپێناو بەزۆر قورسکردنی سەرکردەکانی خۆیان، بەبێ رەچاوکردنی رابردوویان!!

تەنانەت بەبێ ـپێغەمبەرـ یش، ئیسلام تەفروتوونا نەبوو، دوای ـگاندی ـیش هیندستان نووقمی ژێر بەحر نەبوو، پاش هەرەسی شۆڕشی ـ ئەیلول ـ یش، کورد مەحف نەبووەوە، بگرە زیاتر چاوی کرایەوە بۆ ئایندەی خۆی.. تەنیا ـ گەل ـە کە ئاڵتەرناتیڤی نییە، گەر بە دونیای خەیاڵ و فەنتاسی (FANTASI) بیر بکەینەوە، تەنیا سوپەرمان (superman) ئاڵتەرناتیڤی نییە، بەڵام ئەو سوپەرمانە وەهمیە دروستکراوی خەیاڵی ئینسانە، هیوادارین دەسەڵات نەکەوێتە ئەو خەیاڵەوە، چونکە سوپەرمان لە رووی زانستییەوە «بوون»ی نییە.

# کێ کاسبی بەخوێنی شەهیدانەوە دەکات؟


PATRIOTIC UNION OF KURDISTAN

**یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**
**بەڕێزان، وەزیری دادی کۆپنهاگن، دانیمارک**
**(٢٨)ی تشرینی دووەمی (٢٠٠٢)**

بەڕێزان،

بەڕێزەوە، بەپێویستی دەزانم ئامادەیی خۆم وەک شایەتێک لە کەیسی جەنەراڵ نزار ئەلخەزرەجی، فەرماندەی پێشووی سوپای کۆماری عێراق دەرببڕم.

دەمەوێت ئەم شایەتییانەی خوارەوە بدەم:

١. هەر لە لاوێتییەوە، جەنەراڵ نزار ئەلخەزرەجی عێراقییەکی نیشتمانپەروەر بووە، ئەمە مانای ئەوە نییە، کە پشتگیریکارێکی توندڕەوی ڕژێمی دیکتاتۆری بووبێت.

٢. کە پەیوەندی بە حیزبی بەعسەوە کرد (وەک داواکرابوو لەلایەن گشت ئەفسەرەکانی سوپاوە) ئەو لایەنگیری باڵی چەپی کرد، کە دژی گروپەکەی سەدام حسێن بوون (باڵی عەفلەقی)ییەکان.

٣. کاتێک کرا بە فەرماندەی فەیلەقی یەک، خەزرەجیو یەکێتی نیشتمانی کوردستان، (PUK) پەیمانی نهێنییان لەنێواندا بوو. ئێمە کۆدەبووینەوەو زانیاریی نهێنیمان لەبارەی چالاکییەکانی سەرکردایەتی بەعسەوە ئاڵوگۆڕ دەکرد، لەنێویاندا لەبارەی سەدام حسێنەوە.

٤. لە یەکێک لە سەردانەکانم بۆ بارەگای فەیلەقی یەک، داوام لە خەزرەجی کرد کە ئاسانکارییم بۆ بکات بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ ئەفسەرێکی دژە ڕژێم، ئەو میواندارییەکی لە یانەیەکی سەربازیی بۆ ڕێکخستینو ئامادەکاریی بۆ کۆبوونەوەکە کرد کە مەبەست لێی یەکخستنی هەوڵەکانمان بوو دژی دیکتاتۆرییەت.

٥. جەنەراڵ ئەلخەزرەجی، بەپێی زانیاری من، شەخسی خۆی بەشداری نەکردووە لە فەرمانداران بە بەجێگەیاندنی پرۆسەکانی ئەنفالو ڕشتنی چەکی کیمیایی. ئەو فەرمانانە ڕاستەوخۆ لە فەرمانداری گشتییەوە هاتوون. بەرپرسیارێتیو ئەو فەرمانانەو بەکارهێنانی چەکی کیمیایی ڕاستەوخۆ بۆ تاوانباری جەنگی دانپیانراو، عەلی حەسەن مەجید دەگەڕێتەوە.

٦. بڕوای شەخسی خۆم وایە، ڕژێمی عێراق پەکەکەو چەند کوردێکی عێراقی کە چەکی کیمیایی کاریگەریی لەسەریان هەبووەو ئاگادار نین لە پەیوەندی نهێنی ئێمەو خەزرەجی، هانداوە بۆ بەڕێخستنی ئەو کەمپەینانە دژی خەزرەجی. ئەو پڕوپاگەندانە بێ بنەماو بەڵگە دروستکراون بەتایبەت دوای ناسراوی خەزرەجی وەک سەرکردەی داهاتووی عێراق.

**دڵسۆزتان**
**جەلال تاڵەبانی**
**سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**

**پارتی دیموکراتی کوردستان**
**(١٠)ی ئۆکتۆبەری (٢٠٠١)**
**مەلەفی نهێنی**

بەڕێز فرانک جینسن، وەزیری دادی کۆپنهاگن
بەڕێز کاک جینسن

ئێمە لە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق، ڕایدەگەیەنین کە عەریف جەنەراڵ نزار ئەلخەزرەجی فەرماندەیەکی پێشووی بەناوبانگی سوپای عێراقەو کەسێتییەکی سیاسی دانپێدانراوی سیاسییە لە عێراق.


کاک خەزرەجی تۆمارێکی نایابی لە سوپای عێراقدا هەیە، فەرمانداری سەرۆک ئەرکان. لە ئازاری (١٩٩٨) عێراقی جێهێشتو هاتە کوردستان بۆ پەیوەندیکردن بە ئۆپۆزسیۆنی ڕژێمی دیکتاتۆری عێراقەوە. هەڵگەڕانەوەی ئەو زیانێکی گەورەبوو بۆ ڕژێم، لەوکاتەوە ئەو پەیوەندییەکی گرنگو هاوڕێیانەی لەگەڵ ئێمەو پارتە کوردییە سیاسییەکانو گروپە ئۆپۆزسیۆنەکانی دیکەی عێراق هەبووە.


بەم دواییانە، ئەو تارگێتی کەمپەینی تاوانبارکردن بە «تاوانباری جەنگ» بووە لە دژی کوردەکانو لەسەر هەڵمەتی هەڵەبجەو جینۆسایدی ئەنفال لە (١٩٨٨).

ئێمە بە تەواوی بڕوامان وایە ئەم کەمپەینە بۆ لاوازکردنی سومعەی جەنەراڵ خەزرەجییەو دەستی ڕژێمی سەدامە بۆ بێهیواکردنی بەرپرسە عێراقییەکانی دیکە لە پەیوەندیی کردنیان بە ئۆپۆزسیۆنی دیموکراتییەوە.

هیوادارین ئەم گەواهییە یارمەتیتان بدات لە تۆمەتبارکردنی جەنەراڵ ئەلخەزرەجی.
تکایە ڕێزمان قبوڵ بفەرموون

**دڵسۆزتان**
**دڵشاد میران**
**نووسینگەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان**


KDP
KURDISTAN DEMOCRATIC PARTY
16 October 2001
CONFIDENTIAL



**ڕێزدار وەزیری دادی حکومەتی دانیمارک– کۆپنهاگن**

فەریق روکنی یەک (نزار خەزرەجی) لای ئێمە وەک کەسێتییەکی سەربازییو نیشتمانپەروەری شایستەو خاوەن ناوبانگێکی باش ناسراوەو بەپێی زانیارییەکانیشمان ڕۆڵی نەبووە لە لێدانی شاری هەڵەبجەدا بە چەکی کیمیاییو بەشداریشی لە هەڵمەتەکانی ئەنفالی کوردستانی عێراقدا نەبووە، کە بەهۆیەوە نزیکەی (١٨٢٠٠٠) هاوڵاتی کوردی عێراقی بوونە قوربانییو بەوەش ناسراوە کە دژ بە تاوانەکانی جەنگ بووە، کەسێتییەکی ڕێزدار بەهەند وەرگیراوە.
سوپاس

**فواد مەعسوم**
**ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان**
**بەرپرسی نووسینگەی دەرەوە**

# تۆش ئەو «گۆڕان»ە بە کە خۆت ئاواتی پێدەخوازیت



ئەحمەد موفتی

**ئـەو گـۆڕانـەی کـە ئـاواتـی پێدەخوازیت، هەرگیز نایەتەدی، ئەگەر خۆت کاراکتەرێکی نەبیت.**

**غاندی**

ئێستا بەگشتی تێکەڵکردنێک هەیە لای کۆمەڵانی خەڵک لەنێوان (ململانێی حیزبیی بۆ گرتنەدەستی دەســـــەڵات) لــەگـــەڵ (ڕەوتـــی گۆڕینی سیستمی بەڕێوەبردنی سـیـاسـەتو ئـیـدارەی وڵات). پێدەچێت برایانی لیستی گۆڕانیش هەندێک کەمتەرخەمییان هەبێت لـە ڕوونـکـردنـەوەی جیـاوازی نێوان ئەم دوو پرۆسە سەرلەبەر جیاوازەو حەقی خۆیان نەدابێتێ، چونکە بەڕای من ئەگەر ئەم خاڵە بەشێوەیەکی سادە ڕوونبکرێتەوەو بەزمانێک قسەی لەسەر بکرێت کە هەرسکردنی ئاسان بێت بۆ خەڵکی ناوماڵو سەرجادە، ئەوا نەک دەنگی دەنگدەرە دوودڵەکان، بەڵکو هەڵگێڕانەوەی رای زۆر کەسیشی پێ مسۆگەر دەکرێت کە بڕیاری دەنگدانیان بۆ لیستی دیکە یەکلاییکردووەتەوە. لەڕاستیدا ئـەم بابەتە کـاری دەوێــتو من خۆشم هەندێک کێشەم هەیە لە ڕوونکردنەوەو گەیاندنی ڕۆحی ئەم بابەتەدا بۆ دەوروبەرو کەسوکارو کەسانی نزیک خۆم، ئەمەش یان لەبەر کاریگەریی لایەنی سۆزداریی بەسەر جۆرێک لە دەنگدەرەوە، یان لەبەرئەوەی کە جۆرێکی دیکە لە دەنگدەر بەڕادەیەک لە سیاسەتی ناوخۆی دەسەڵاتی کوردی بەرامبەر میللەت بێئومێبوون کە دانیشتنو وتووێژو ڕوونکردنەوەی زۆری گەرەکە هەتا دێتەوە سەر خوانی بەشداری، لە پرۆسەی سیاسیدا.

هــەڵــبــەت ئــەم دوو جــۆرە نزیکبوونەوەیە بۆ دەسەڵات هەر لە بنەماوە جیاوازن هەتا دەگاتە ئامانجی کۆتاییو دەسکەوتەکان، بـــەڵام ئـــەوەی مـەبـەسـتـی ئـەم نووسینەی من بێت ڕوونکردنەوەی خاڵێکی سەرەکییە لەمەڕ هەریەک لەو دوو جۆرە نزیکبوونەوەیە، ئەویش ئەوەیە کە لە ململانێی حیزبیدا (کە جۆری یەکەمە)، ئەگەر گۆڕانی سەرتاسەری لە سیستمدا نەبووبێتە دروشمو لە بەرنامەی ئـەو قـــەوارە سیاسییەدا نەبێت، ئەوا گۆڕانی جەوهەری ئاراستەی سـیـاسـیو ئـیـداریـدا ناهێنێتە کایەوە ئەمەندەی تەنیا گۆڕینی دەموچاوەکانی لێدەکەوێتەوە (ئەمە بۆ قۆناغێک سوودمەندە کـە گـــۆڕان، وەک پێویستی حەتمی، پێویست نەبێت، بەڵکو تەنیا هەندێک سازکردنو وردە گۆڕانکاریی پێویست بێت لەکاتی جێبەجێکردنو پەیڕەوکردنی ئەو سیستمەی کە خۆی، بەشێوەیەکی توندوتۆڵو تۆکمە بوونی هەیە، گۆڕینی پێویست نییە)، لەکاتێکدا ڕەوتی گۆڕانی سیستم (کە جۆری دووەمـــە) مــەرج نییە تەنیا بە حیزبێکی سیاسی بکرێتو هەروەک مەرجیش نییە دەموچاوەکانیشی تێدا بگۆڕدرێت ئەمەندەی مەبەست لێی گۆڕینی بنەڕەتی کۆبەندی سیستمی بەڕێوەبردنی هەمەلایەنی وڵاتە بۆ سیستمێکی توندوتۆڵی یـاسـایـی پـەرلـەمـانـی وەهـــا کە هیچ کونو کەلەبەری تێدا بەدی نەکرێت بۆ سلبیاتی دەســـەڵات (وەک گەندەڵییە جۆراوجۆرەکان، فـەرامـۆشـکـردن، نـاعـەدالـەتـی... هتد). ئەوجا لەم سیستمە نوێیەدا دەشێت (هەندێکجار پێویستیشە) کاراکتەرەکانی دەسەڵاتی پێشووش بەشداری کارابنو کاری تێدابکەن. چونکە فاکتەری خولقاندنی سیستمی گـەنـدەڵ، بەپلەی یەکەم بوونی سیستمی بەڕێوەبردنو چاودێری شلوشێواوی بێسەرەوبەرەیە، ئینجا بەپلەی دووەم فاکتەرەکانی وەک بوونی پیاوی گەندەڵو میللەتی بێدەنگو ڕازی، دێنە پێشەوە. هەڵبەت پێشتریش هەندێک لە نووسەرانو ڕۆشنبیرانی بەڕێز نووسینیان هەبووە لەسەر ئەوەی کە گەندەڵی کوردستان سەرچاوەی لە شلوشێواوی سیستمی داراییو ئیدارییەوە گرتووە بەهیچ جۆرێک پەیوەست نییە بە ئەدائی کەسێک یان کەسانێکەوە. کەواتە گۆڕینی ســەرلــەبــەری ئــەم سیستمە، ئـەگـەر بەرنامەیەکی تۆکمەی بـۆ دارێــژرابـێــت، ئــەوا ئەگەر کاراکتەرەکانیشی نەگۆڕێت، هەر سەردەگرێت.

ئالێرەوە مەبەستی نووسینەکەم بۆ دەنگدەر دەستپێدەکات، دەمەوێت بۆ دەنـگـدەری ڕوونبکەمەوە کە دەنگدان بۆ لیستێک کە دروشمی گـۆڕانـی بــەرزکــردووەتـــەوە، نە دوژمنایەتییە بۆ لیستەکانی دیکە، نە خەنجەری خیانەتکارانەیە لە پشتی یەکێتیو پارتی، نە دوورخستنەوەی ئەندامانی بەڕێزی سەرکردایەتی ئەم دوو حیزبەشە لە دەسەڵات، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەکرێت چەندەها کادیری لێهاتووی ئەو دوو حیزبە ببنە یاریزانی لێهاتووی بەرنامەی گـۆڕان هــەروەک چـۆن زۆربـەی هەرە زۆری دەسەڵاتدارانی ئەم لیستە پەروەردەی ئەم دوو حیزبەن. (ئەمە دەکرێت وەڵامیش بێت بۆ ئەوانەی کە لایان سەیرە، گۆڕان چـۆن بە کەسانێک دەکـرێـت کە خۆیان بەشێک بوون لە دەسەڵاتی پێشوو). دەنگدان بۆ لیستی گۆڕان، دەکرێت بەرپرسانی ئێستای کایەی دەسەڵاتی کوردستان لە ئیمتیازاتی ڕەهاو لێشاوی پارەو دەسەڵاتی ڕەهای بێ پرسینەوە مەحروم بکات، بەڵام بەدڵنیاییەوە نزیکیان دەکاتەوە لە دڵـی جـەمـاوەرو سەرەنجام دەشـێـت بیانکاتە کاراکتەرێکی بەسوودی جێبەجێکردنی سیستمە نوێیەکە، لەبەر ئەمە جەوهەری مەسەلەکە لەم هەڵبژاردنەدا ئەوە نییە کـە تـۆ لیستی کـام کەسە خۆشەویستەت هەڵدەبژێریت، بەڵکو ئەوەیە کە تۆ لیستی کام بەرنامەیە هەڵدەبژێریت، ئۆپشنەکانی بەردەم دەنگدەر هەڵبژاردن نییە لەنێوان بـەرپـرسـە بـەرێـزەکـانـدا وەک خودو کەس، بەڵکو لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا تەنیا دوو ئۆپشن هەیە بۆ هەڵبژاردن، یان هێشتنەوەی هەمان سیستمی ئێستا بە هیوای لیستێکی دوورودرێــژ لە وەعدو بەڵێن (کە هەندێکیان هێندە زەقنو قەبەن، کە وەک بەردی زل وەهان)، یان گۆڕینی تەواوی سەرلەبەری سیستمەکە بەو پێیەی ئەم سیستمەی ئێستا هەیە تـاقـیـکـراوەتـەوەو، تاقیکردنەوەش باشترین بەڵگەیە. کەواتە، دەنگدان بەبەرنامەیەک کە گۆڕینی سەرتاسەریی لە سیستمی ئێستادا لەخۆدەگرێت، ئەگەرچی لەدەسەڵاتی برایانی دەسەڵاتی ئێستا کەمدەکاتەوە، بەڵام قەتعەن ناکاتە دوژمنایەتیکردنیان یاخود دوژمنایەتی خودی یەکێتیو پارتی وەک دوو پــارت، ئــەوەنــدەی کە داوەتکردنیانە بۆ بەشداریکردن یاخود پەیڕەوکردنی بەرنامەیەکی گشتگیری گـۆڕانـکـاری، چونکە دەنگی زیاتر بۆ لیستی گۆڕان واتا بوونی بڕێکی زیاتر لە «ڕایەکەی دیکە» یاخود «بۆچوونەکەی تر» لـەنـاو پەرلەماندا کـە حەقوایە باڵاترین دەســەڵاتــی تەشریعی بێت لە کوردستاندا، ئەمەش یانی گوشاری زیاتر بۆ سەر دەسەڵاتی ئێستا بـۆ بـەخـۆداچـوونـەوەو پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زیاترو هەوڵی زیاتر بۆ بنەبڕکردنی کەموکورتییەکان، واتـە گۆڕینی ئەوەی ئێستا باوە. (بۆ نموونە، ئەو تەوژمی چڕی خزمەتگوزارییەی کە ئێستا لە سلێمانی لەپای بوونی لیستی گۆڕان لە ئارادایە، ئەگەرچی چەندین تێبینیش لەسەر چۆنایەتی ئەو خزمەتگوزارییانە هەیە)، واتە دەنگدەر لێرەدا دەسەڵات مەجبور دەکات کە بەشێوەی خۆی، بەشداری تەوژمی گۆڕان بکات.

نـەک هـەر ئەمە، بگرە خۆی لـەخـۆیـدا شـەخـسـەنـەکـردنـی هەڵبژاردنی ئەمجارە لێکدانەوەیەکی ئێجگار هەڵەیە، زۆر هەڵەیە ئەگەر وابزانین لیستی گـۆڕان لیستی نـەوشـیـروان مستەفایە، بەڵکو ڕاستەکە ئەوەیە کە نەوشیروان مستەفاو برادەرەکانیشی بریتین لە کاراکتەری تاک لە کاراکتەرەکانی ئەم ڕەوتـە، واتا کارمەندێکن لەو سوپای کارمەندانەی کە ئێستا لە کوردستان کار بۆ ئەم ڕەوتە دەکەن، ڕاستە ناونیشانی کاری نەوشیروان مستەفا (سەرۆکی لیست)ە، بەڵام ئەو کەسەش کە تەنیا یەک دەنگ بـۆ لیستی گـۆڕان دەخـاتـە ناو سندوقی هەڵبژاردنەوە، دەورەکەی لە دەوری سەرۆکی لیست کەمتر نییە لە پرۆسەی گۆڕاندا. سیستمی داهـاتـووی کوردستانیش (پاش گۆڕانکاریی) دەبێتە سیستمی کۆمەڵگایەک کە دەوری هەموو تاکێک تیایدا بۆڵدو ئاشکرا دەبێتو هەرکەسەو بەگوێرەی کاری خۆی. واتا بە سەرکەوتنی لیستی گۆڕان هەرگیز نـەوشـیـروان مستەفاو برادەرەکانی نابنە ئەو سەرکردە کاریزمییانەی کە دەست بۆ بردنیان تابۆبێت قابیلی هەڵە نەبنو تەنیا بڕیاردەر بێت بەسەر حکومەتو گەلو پەرلەمانەوە (هەڵبەت ئەگەر ئەم برادەرانە لەگەڵ پەیامەکەیان ڕاستگۆبن)، کەواتە هیچ پێویست نـاکـات مـن خــودی نەوشیروان مستەفام خۆش بوێت بۆ ئەوەی دەنگ بدەمە گـۆڕان، بەڵکو تەنیا هەستکردنم بەوەی کە کۆمەڵگاکەم پێویستی بە گۆڕان هەیە، نەک بەسە بۆ ئەوەی کە دەنگ بە لیستی گۆڕان بـدەم، بەڵکو ئەمە دەبێتە ئەرک بەرامبەر کۆمەڵگاکەم.

لێرەدا، ئەو وتەیەی سەرەوەی سـەرکـردە (غـانـدی) بەرجەستە دەبێت، کە پێماندەڵێت تۆ هەرگیز بـەو گـۆڕانـە ناگەیت کـە خۆت ئاواتی پێدەخوازیت، هەتا خودی خۆت بەشداری لە هێنانەدی ئەو گۆڕانەدا نەکەیت، واتا تۆ لەکۆتاییدا ئـەوەت دەستدەکەوێت کە خۆت هەڵیدەبژێریت. خۆ ئەگەر ئاواتت ئەوەیە کەشێکی باشترو جوانترو پێشکەوتوترو تەندرووستترو شەفافتر ببینیت، ئەوا دەبێت خۆشت بە دەنگدانت ببیتە کاراکتەرێکی ئاشتیخوازی گۆڕان.

دەنـگـدان بۆ لیستی گـۆڕان، دەکرێت بەرپرسانی ئێستای کایەی دەسەڵاتی کوردستان لە ئیمتیازاتی ڕەهـاو لێشاوی پـارەو دەسەڵاتی ڕەهای بێ پرسینەوە مەحروم بکات، بەڵام بەدڵنیاییەوە نزیکیان دەکاتەوە لە دڵی جەماوەرو سەرەنجام دەشێت بیانکاتە کاراکتەرێکی بەسوودی جێبەجێکردنی سیستمە نوێیەکە، لەبەر ئەمە جەوهەری مەسەلەکە لەم هەڵبژاردنەدا ئەوە نییە کە تۆ لیستی کام کەسە خۆشەویستەت هەڵدەبژێریت، بەڵکو ئەوەیە کە تۆ لیستی کام بەرنامەیە هەڵدەبژێریت

# نامەیەکی سەرواڵا بۆ شێخ جەعفەر شێخ مستەفا

عەبدوڵڵا سیمەنی

جەنابی وەزیر

منو تۆ هەرگیز یەکترمان نەناسیووە. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەمڕۆ پێ دەنێم بە جەرگی خۆمداو ئەم نامەیەت ئاڕاستە دەکەم، بەڵکو ڕەحمت ببزوێتو دەستی یارمەتیم بۆ درێژبکەیت. بێگومان ناهەقت ناگرم ئەگەر زویرو نارەحەت بیت لەوەی ئەرزو حاڵەکەم لە ڕۆژنامەدا بڵاوکردووەتەوە، نەک (وەک بەجێتربوو) خـۆم بیگەیەنمە بـەر چاوی میهرەبانتان. لە راستیدا ترسام. ترسام، چونکە دەزانـم بەر لـەوەی ڕێگام پێ بدرێت بێمە خزمەت جەنابتان دەبێت بە چەکدارەکانتدا تێپەڕم، ئەوانیش لە چەند ڕۆژی ڕابوردوودا داستانێکیان تـۆمـارکـردووە کە گومانی لادروستکردووم ئەرکی ئەوانە پاراستنی ژیانی تۆ بێت، بەڵکو وای بۆ دەچم کە دەستەیە چەقۆکێشو شەقوەشێن بن، کاریان داپڵۆسێنی خەڵکانێک بێت کە تاقە تاوانیان باوەڕبوون بە دیموکراتی بێت، دەزانم یا شێخ، دیموکراتی لای تۆ یەکتەرەفە، تاکرەوە، لای تۆ ڕەوایە خێڵەکەی خۆت بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن خوێندکاری زانکۆو مووچەخۆری دەوڵەت بە زۆر کێشکاو، دوکانو بازاڕ بە عالەم گاڵبدات. خۆ ئەگەر کۆمەڵێک لاوی گەڕەکی ئەوبەر چەند ڕستەیەکیان بەدەمدا هات کە تۆی پێقەڵس دەبیت (گۆڕان یانی کوێربوونەوەی ســەرچــاوەی سامانتو لە دەستچوونی ئیمتیازاتی ناپاکژت)، تێدەگەم، بێئەوەی پێبقایل بم کە تۆیش وەک کەسانی پێشوو چەکدارەکانتیان تێبەردەیتو بە لیس بڵاوەیان پێبکەیت. بەڵێ یا شێخ، نیازم وابوو خۆم بێمە خزمەتتو ئەرزو حاڵەکەمت بە دەستی بدەمێ، بەڵام کە خوێنی سەری ئاسۆی هاوڕێم لە تەلەفزیۆندا دی، سوێندت لە سەرم نییە یا شێخ قەڵەمی ئەژنۆم شکا، غیرەتم پووکایەوەو لە نییەتەکەم پەشیمانبوومەوە.

جەنابی وەزیر

وەک ئاگادارن قەیرانی ئابووری سەراپای دنیای گرتووەتەوە، واتە ڕەحمی بە گیرفانی منیش نەکردووە. دەستکورتی تەواو تەنگی پێهەڵچنیومو سەغڵەتیکردووم. ئێجگار زۆر پێویستم بە پارەیە، کەس نەماوە قەرزم بداتێ. بۆیە خەیاڵم بۆ بۆ پلانێکی زۆر ئاڵۆز، بەڵام نیشانشکێن چوو کە هیوادارم جەنابت دەستتەنێیت بە ڕوومەوە، یارمەتی لێقەوماوێکی وەک من بدەیت بڕێک پارەم بەشێوەیەکی ڕەواو یاسایی دەستکەوێت. نەخێر یا شێخ، نامەوێت خێرم پێبکەیت، نەهاتوومە سواڵ. دەروەزەکردن لە ڕەوشتمەوە بە دوورە. ئەگینا منیش کاتی خۆی کۆمەڵێک منداڵی زەردو سووری شارەکەم خڕ دەکردەوە، دەمبردن بۆ بەغدا لەبەردەم سەددامدا سووڕبدەن. بەڵێ ئەوسا لاو بووم، کەللەگەرمو دەبەنگبووم، ئەگینا ئەمڕۆ بـاری داراییم ئەوەندە شڕ نەدەبوو، نەخێر یاشێخ، گەرەکمە پارەکەم بە ڕەنجی شانی خۆم، یاخود ڕاستتر بە پاشەڵی خۆم دەستکەوێت، ئێستایش پلانەکەمت بۆ ڕووندەکەمەوە: تکات لێدەکەم جەنابی وەزیر کە بەرشەقم بدەیت، بەڵێ بەڕاستمە، چەوتت نەبیست، لێت دەپاڕێمەوە لەبەر چاوی عالەم بەر شەقم بدەیت. بێگومان پێویست ناکات شەقەکان باوەژنانەو ژمارەیان لە ئەندازە بــەدەر بێت، تەنیا چەند نەرمە شەقێک. پاشتر چەند شایەتێک دەبـەمو سکاڵات لە دژ تۆمار دەکەم. بۆ ئەوەی لەم هەنگاوەم پەشیمانببمەوە، بەڕێز مام جەلال دەمانچەیەکم پێخەڵات دەکات، ئەوسا بۆم هەیە دەمانچەکە بفرۆشمو بڕێک پارەی مۆڵم بچێتە گیرفانەوە. دڵنیابە یا شێخ ئەم پارەیە گەلێک دەلاقەم بۆ سواخدەدات. ئێستاش لێتدەپرسم جەنابی وەزیـر: یارمەتیم دەدەیـت؟ دڵنیابە یا شێخ ئەم ماندووبوونەت بێپاداشت بە زایە ناچێت، دەعوەتێکی چەوری ویسکیت دەکەم. حەزت لە سکۆچە یا لە کێنتەکی؟

# هەڵبژاردن حەقیقەتی ئیرادەکانی ئینسان دەبەخشێتەوە بەئینسان

**هێمن عەلی**

پرۆسەی گۆڕان پرۆسەیەکی بەردەوامی دونیایەو بە درێژای سوڕی ژیانی مرۆڤ هەبووەو دەبێت، گرنگ ئەوەنییە مرۆڤ لە خەونەکانیدا بۆ گۆڕان سەرکەوتووبێت، گرنگ ئەوەیە مرۆڤ حەقیقەتی یاخیبوون لە دونیایەک کە ستەمکاریو ناعەدالەتی تیایدا باڵا دەستە نەدۆڕێنێت.

گرنگی هەڵبژاردن لەوەدا نییە مرۆڤ کۆی خەونەکانی لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە بێنەدی..

گرنگی هەڵبژاردن لەوەدایە کە مرۆڤ لە ڕێگای چوونە بەردەم سندوقەکانی دەنگدانەوە حەقیقەتی ئینسانییەتی خۆیو ئیرادەی خۆی دەسەلمێنێت..

گۆڕانکاری بریتییە لەو سیاسەتەی کە لە ڕێگایەوە باشترین ژیان بۆ هاوڵاتیان دروستو فەراهەم دەبێت، کە پێشتر هاوڵاتی لێی مەحرومو بێبەشبوون.

گۆڕانکاریی بریتییە لە هێنانەدی ژیانێک کە مرۆڤەکان ژیانێکی شایستەو بەختیار تیایدا ژیان بەڕێبکەن..

گۆڕان بریتییە لە هێنانەدی ژیانێک کە مافی خۆلڕێژێک (کارگوزار)ێکو وەزیرێک وەک یەک بن لەبەردەم دادگادا.

گۆڕان بریتییە لە هێنانەدی دونیایەک مرۆڤەکان بە ئازادیی ژیانی تێدا بەڕێبکەن، کە پێشتر ژیان لەو هەرێمەدا بە هیچ شێوەیەک شایستەی ژیانی ئینسانیان نەبووە.

مەشروعیەتی گۆڕان لەوەدایە، دونیا باشتر بکات لەوەی کە هەیە لە واقیعی ژیانی کۆمەڵگادا.. حورمەتی ئینسان بگێڕێتەوە دەست ئینسان خۆی، کە پێشتر ئینسانەکان لەم مافانەدا بێبەشو بەشبڕاو بوون.

هەموو بیرکردنەوەیەکی جوان، هەموو خەونێکی جوان، هەموو پرۆژەیەکی جدی، لە وەختو زەمەنی خۆیدا نەیاربوو دوژمنی سەرسەختی دەبێت.

هەمیشە ئەوانەی کە گۆڕان بە زەرورەت بۆ دروستکردنی ژیانێکی باشتر بۆ ئینسانەکان بە ئاوات دەخوازن، لەڕووی ژمارەو ڕێژەوە کەمترن لەوانەی کە شەڕ لەپێناو دونیایەکدا دەکەن کە شوێنێک بۆ ئەوان تیایدا لەسەر حسابی نەخۆشییەکانی ناو کۆمەڵگا.. وەک ناعەدالەتیو گەندەڵیو ستەمکاریی، دیاریکراوە.. ئەم مرۆڤە لەڕاستیدا هەر گۆڕانێک لە سیستمی سیاسیو سیستمی کۆمەڵایەتی بە خەتەر بۆ حەیاتی شەخسی خۆی دەزانێت.

وی ئەم مرۆڤە کە بە هیچ شێوەیەک خەونی بۆ ژیانی ئینسانی پێ نەماوە، هەرشوێنێک کە دوکانێکی باش بێت بۆ پارە کەڵەکەکردنو خۆسەرمایەدارکردن، ئەو ئەو شوێنە بە هەرێمێکی شایستە بە ژیانی ئینسانی خۆی دەزانێت.

ئەم مرۆڤە ناتوانێت قبوڵی گۆڕان بکات، گۆڕان لای ئەم مرۆڤە ڕوونادات مەگەر قەدەرێکی حەتمی لە ئاسمانەوە بێتو دەستی بگرێت.

ئەوانەی کە سەنگەر لە گۆڕان دەگرن، ئەوانەن کە مێشکیان بە بیری کۆنەپەرستیو بە جەهل زاخاو دراوە. هەموو خەونێک لەم پێناوەدا، هەموو هەوڵێک بۆ گۆڕان بە هەڕەشە بۆ سەر ژیانی ئینسانییان دەزانن بەو مانایەی کە گۆڕان بەسەر ژیانی شەخسی ئەواندا لە تاڵانکردنو دزییو بە تاڵانبردنی سەروەتو سامانی میللەت پەکدەخات.

سیاسەت لە هەموو ساتو زەمەنێکدا بەردەوامیدانە بە دەسەڵات، لە ساتەکانی هەڵبژاردندا نەبێت، کە زۆرینەو کەمینە تیایدا باڵادەستو دەست ڕۆیشتوو خاوەن بڕیارن «هەڵبژاردن حەقیقەتی ئیرادەکانی ئینسان دەبەخشێتەوە بە ئینسان خۆی».

# شۆڕشی سندوقەکان سەردەکەوێت

**ئاکۆ خالید**

هەڵبژاردنی ئەم خولی پەرلەمانی کوردستان، هەڵبژاردنێکی ئاسایی نابێت، ئاسایی نابێت بەو مانایەی لیستە بەشدارەکان لەڕووی چۆنایەتییەوە جیاوازییەکی زۆریان لەنێواندایە ئەمەش کاریگەری لەسەر بانگەشەکانی هەڵبژاردن داناوەو بانگەشەکانیش لەڕووی چۆنایەتییەوە جیاوازی زۆریان تێدا بەدیدەکرێت.

گەرچی لە کوردستاندا تەنیا دووجار هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجامدراوە، بەڵام لە دووجاری ڕابردوودا، هیچ سیمایەکی دیموکراتی بەو هەڵبژاردنەوە نەبینراوە، دیموکراتیەت تەنیا ئەوە نییە هەموو حیزبێکی مۆڵەتدراوی ناو وڵاتەکە هەموو هاوڵاتییەک مافی بەشداریکردنی هەبێت، بەشێکی گەورەی دیموکراتیەتو پایەیەکی گرنگی دامەزراندنی دەوڵەتێکی دامەزراوەیی، دەوڵەتێکی دیموکراتی دەوڵەتێک کە یاسا تێیدا سەروەر بێت، دەستبردن بۆ سامانی گشتی لەلایەن بەرپرسو کەسە پایە بڵندەکانییەوە قەدەغەبێت، بوونی لیستێکی ئۆپۆزسیۆنەو بەشداریکردنێتی لە هەڵبژاردندا، ئۆپۆزسیۆنێک کە بتوانێت گوزارشت لەو ئازارانەی گەلەکەی بکات کە بەناوی دیموکراتیەتو ئازادیی ڕادەربڕین بە منەتکردنیشەوە بەسەریاندا تووشیان کراوە.

لە ماوەی هەژدە ساڵی ڕابردوودا، دەسەڵاتی هەردوو حیزبی حاکمی کوردستان، بەو ئاراستەیە بووە کە میللەتێکی خەسیوو وڵاتێکی بەڕووکەش پێشکەوتوو دیموکراتیەتێکی خۆکرد بەرهەم بهێنن، ئەنجامی ئەم سیاسەتەش وەک دەبینرێت، وڵاتێکی بێخزمەتگوزاریی، میللەتێکی خەمبار، گەنجێکی بێبەرهەم، ئابوورییەکی فشەڵ، حکومەتێکی بێ دامەزراوەی لێبەرهەم هاتووە.

لەبانگەشەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەم وەرزەدا، دەردەکەوێت کە ئەم دوو حیزبە هەندێک کێشەو گرفت کە پێشتر خۆیان بۆ میللەتیان دروستکردووە، چۆن ئێستا بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن بەکاری دێننەوە، بە پڕوپاگەندەکانیاندا دەردەکەوێت کە چۆن ئەم دوو حیزبە دامەزراوەکانی حکومەت، کەلوپەلەکانی، توانا مادیو مرۆییەکانی، دەستکەوتەکانی، بۆ پڕوپاگەندەی خۆیان بەکاردێنن.

ڕۆژانە سەرۆکی لیستی کوردستانی، ئەم بەرپرسی ئەم حیزبەیان، ئەو بەرپرسیان دەبینین، چۆن بەڵێنی تەملیککردنی خانووی تەجاوز بە هاوڵاتییان دەدەن، دوو مانگ پێش بانگەشەکانی هەڵبژاردنیش ئەو خانووە تەجاوزانە بەسەر دروستکەرەکانیاندا دەڕوخێنرا، ئەمە بەکارهێنانی تواناکانی حکومەت نییە بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن؟ لە ریکلامەکانیاندا وێنەی (یاریگا، تونێل، شەقام، بیناو هتد..) دەبینرێت، وەک ئەوەی هەریەکێک لەمانە دەستکەوتی ئەم دوو حیزبە بێت، بە سامانی خۆیان بۆ میللەتیان دروستکردبێت، ئەمە بەکارهێنانی دەستکەوتەکانی حکومەت نییە بۆ پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن؟ ئایا لە سەردەمی ڕژێمی بەعسیشدا شەقام لێنەدەدراو بینا دروست نەدەکراو یاریگا ئاوا نەکراوەو تونێل لە شاخەکاندا دروست نەدەکرا؟ کەوا بوو دەبووایە ڕژێمی بەعس بە درێژایی تەمەنی دەوڵەتی عێراق نە ڕووخایە..

ئەنجامی هەژدە ساڵ حوکمڕانی دوو حیزب، ئەنجامی ڕەفتارو مامەڵەکردنیان بە سامانی گشتییەوە، بووە هۆی نەمانی متمانەی هەردوو حیزب لای میللەت، ئەمەش ئەنجامێکی ئاساییو چاوەڕوانکراوە، چونکە دیموکراتی تەنیا ئەوە نییە ژمارەیەکی زۆر ڕۆژنامەو گۆڤار بە پارەی خەڵک دەربچن، دیموکراتیەت تەنیا ئەوە نییە چەندین کەناڵی تەلەفزیۆنو ڕادیۆ هەبن، دیموکراتی تەنیا ئەوە نییە خەڵک بێترس هاتوچۆ بکات، پایەیەکی گرنگی دیموکراتی بوونی شەفافیەتە، بەتایبەت شەفافیەت لە داراییوڵاتو چۆنیەتی خەرجکردنی سامانی گشتی.

ئەگەر ئەو دوو حیزبە منەتی ئەوە بەسەر میللەتدا دەکەن، کە ئەم بارودۆخەی ئێستا، ئەم نیمچە ئازادییەی لە کوردستاندا بوونی هەیە، ئەنجامی سەروەریی ئەوانو خەباتو تێکۆشانی ئەوانە، ئەوا سەرۆکی لیستی گۆڕان (نەوشیروان مستەفا)ش کەسێکی کاریگەرو بەشێکی دانەبڕاو بووە لەو خەباتو تێکۆشانو سەروەریە، بگرە نەوشیروان مستەفای سەرۆکی لیستی گۆڕان پشکی شێری لەو سەروەرییانەدا بەردەکەوێت، چونکە کاتێک سەرکردەکانی دیکە شەڕی پۆستو پلەو پایەیان کردووە لە شاخ، ئەو عەقڵی بەرەنگاربوونەوەی ئەنفالو ڕاگوێزان بووە، بەردەوام ئەو باسی لە سەروەریی نەتەوەییو ئەمنی قەومی کردووەو کاری بۆ چەسپاندنیان کردووە،

گەرچی باش نییە شۆڕشی پرتەقاڵی هەرێمی کوردستان، (گۆڕان) بە مانافراوانەکەی ببەستینەوە بە کەسێکەوە کە (نەوشیروان مستەفا)یە، بەڵام لە داهاتوودا ناوی نەشیروانیش هیچی لە ناوی ماوتسی تۆنگو هۆشی منە، لەڕووی بەرپاکردنی شۆڕشی ڕۆشنبیرکردنی میللەت، کەمتر نابێت، ئەوەی ئێستا نەوشیروان مستەفا لە ڕێگای لیستی گۆڕانەوە دەیەوێت بیکات، جوڵانەوەیەکە کە داهاتووەکەی لە سندوقەکانی هەڵبژاردنەکەی (٢٥)ی مانگەوە دەستنیشاندەکرێت، شۆڕشێکە بە عەقڵی شۆڕشگێڕێکی ماندوو بەرپا دەکرێتو بە دەنگی گەنجێکی ناڕازیی سەردەخرێتو منداڵێکی نێو مەلۆتکەش لە سێبەری ئەنجامەکەیدا پشوودەدات.

# ئایا خواستی گۆڕانو چاکسازیی، دوژمنایەتیکردنی دەسەڵاتە؟!



**ئاراس عومەر**

**(خۆشترین سەمفۆنیا ئەوەیە کە زۆرترین ئاوازی جیاواز بگرێتەخۆی)**

ئەوەی تا ئەم ساتە لە مۆدێلی سیاسیو جۆری حوکمڕانیی هەرێمی کوردستاندا بەدیدەکرێت، پیادەکردنی ئەو وتەیەیە کە دەڵێت (ئەوەی لەگەڵم نەبێت دوژمنمە)، وتەیەک هیچ کەس نکۆڵی ناکات لەوەی جگە لە ماناو بەها دیکتاتۆریو تاکڕەوییەکان، جگە لە ڕەتکردنەوەی دەنگو ڕەنگی جیاواز، دواجاریش بە دوژمن ناساندنی هەموو ئەوانەی لەگەڵت نین، هیچی دی لەودیو دیوارەکانییەوە خۆی حەشارنەداوە، پەیڕەوکەرانی ئەو وتەیەش دەتوانین ناوبنێین بە تووشبووانی نەخۆشییەک کە ناوی نەخۆشیی (خۆپەرستی)یە.

دیارە ئەوەی ئەمڕۆ لە سیاسەتکارانو کاربەدەستە حیزبیو حکومییە گەورەکانی ئێرەی دەبینین، بریتییە لە پەیڕەوکردنێکی دیارو ئاشکرای ڕەهەندەکانی ئەو وتەیەی کە باسمانکرد، بەپێی شیکردنەوەی ئەو ڕەهەندانەش زۆربەی زۆری ئەو سیاسیکارو لێپرسراوانە تووشی نەخۆشیی ناوبراو (خۆپەرستی) بوونو نیشانەکانی ئەو نەخۆشیەیان لێ دەرکەوتووە، چونکە ئەوجۆرە ڕێگاو شێوازە مامەڵەیەی ئەوان گرتوویانەتەبەر (بەتایبەت دوای دەرکەوتنی لیستی جیاواز بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتوو لە ٢٠٠٩/٧/٢٥دا، جگە لە سەلماندنی ئەو ڕاستییە، ئاماژە بۆ هیچی دیکە ناکات.

ئەگەر ئەوەی ئێمە دەیڵێین ناڕاست بێت یاخود وانەبێت، ئەی کەواتە بۆ ئەوان جگە لە خۆیان هەموو لیستەکانی دیکەیان لێ بووەتە دوژمنو زەڕبی سفریان دەکەن پێش ئەوەی زانیبێتیان کاندیداکانی ئەو لیستانە کێنو بەرنامەی کاری ئەو لیستانە چین؟ خۆ هێشتا هیچکامێک لەوانە بە فەرمی ئاشکرا نەکرابوو بۆ هیچ لایەکو هەموو شتەکان وەهمی بوون، ئیتر بۆ دەبێت بڕیار لەم دوژمنایەتییە پێشوەختە بدەن؟! دوژمنایەتیکردنی پێشوەخت، دوژمنایەتیکردنی شتانو کەسانی وەهمی، مۆدێلێکی نوێی ناو سیاسەتی ئەمڕۆی کوردییەو تەنیا لای دیموکراتیخوازەکانی ئێرە بەوشێوەیە دەبینرێت، ئەمەش یەکێکە لە ڕەهەندەکانی ئەو وتەیەی سەرەتاو فراوانکردنی بازنەی دوژمنایەتییە بۆ هەموو ئەوانەی کە لەگەڵ ئەواندا نین بەبێ جیاوازیی.

لەوەش گەڕێن، باشە بۆ دەبێت لای دەسەڵاتو سیاسیکارانی ئێرە عەیب بێت ئەگەر بێتو هێزێک لەدەرەوەی خۆیان دروست ببێتو کاربکات؟! ئەوان دەیانەوێت تەنیاو تەنیا تا قیامەت هەر خۆیان دەستەڵاتدارو بڕیاردەربنو کەسیش بۆی نەبێت قسەیەکی جیاواز بکات؟ ئەگەر ئەوەیان دەوێت، ئەوا ئاشکراو ڕوونە کە ئەوانیش جگە لە دیکتاتۆرێکی نوێ، هیچی دیکە نین، ئەگەر ئەوەشیان ناوێت، دە کەواتە ئاساییە هەرکەس بیروبۆچوونی جیاوازی خۆی هەبێتو پێویستە لێگەڕێن تا لە چوارچێوەی یاسادا ئیشی خۆیان بکەن، هێرش نەکرێتە سەریانو بە دوژمنی خۆیانیان نەزانن، ناو و پایەیان لەکەدار نەکەنو بە کەمبایەخ لێیان نەڕوانن، لە پۆستو کارەکانیان دەرنەکرێنو بگرە ڕێزیشیان لێبگیرێت. بەڵام ئەوان چونکە تووشی نەخۆشییەکە بوون، تازە ئاستەمە بێدەنگبن لەوەی ئەگەر یەکێک بیەوێت لەدەرەوەی خۆیان ئیش بکات، ئاستەمە بەرگەی لەدەستدانی کورسییەکانیان بگرن.

لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە کاتێک باسی هەوڵێکی چاکسازیی دەکرێت لەدەرەوەی خۆیان، هەموویان بەجارێک دێنە قسەو دەڵێن کێ دەیەوێت چاکسازیی بکات با بێت لەناو حیزبەوە بیکات، تائێستا بۆمان ڕوون نەبووەتەوە کە ئایا بۆ لەدەرەوەی ئەوان چاکسازیی ناکرێتو

> **ئەوەی تا ئەم ساتە لە مۆدێلی سیاسیو جۆری حوکمڕانیی هەرێمی کوردستاندا بەدیدەکرێت، پیادەکردنی ئەو وتەیەیە کە دەڵێت (ئەوەی لەگەڵم نەبێت دوژمنمە)، وتەیەک هیچ کەس نکۆڵی ناکات لەوەی جگە لە ماناو بەها دیکتاتۆریو تاکڕەوییەکان، جگە لە ڕەتکردنەوەی دەنگو ڕەنگی جیاواز**

هەر دەبێت لای ئەوانەوە بێت؟! ئەی کە چاکسازیی لەناو حیزبەوە هێندە کارێکی بەرهەمدارو گونجاوە، چەند ساڵە بۆ نەیانکردووەو کەی دەیکەنو چاوەڕێی چین؟

سیاسەتمەدارانو کاربەدەستانی کورد دەبێت لەمڕۆ بەدواوە ڕوونبێت لایان کە ئەوانەی جیا لەوان کاردەکەن، دوژمنی ئەوان نین، دەبێت ئەوە بزانن کە چیتر دەسەڵاتو بەڕێوەبردنی وڵات، میراتی نییە بڕابێت بە بەریانداو کەسی دیکە بۆی نەبێت قسەبکات، پێویستە بەئاگابن لەوەی کە هیچ عەیبە نییە بۆ دەسەڵات کاتێک کەسێک یان لایەنێک داوای گۆڕانو چاکسازیی دەکات، چونکە ئێستا لە پێشکەوتووترین وڵاتانی دنیادا زۆرجار دەبینین لە هەڵبژاردنەکاندا لایەنێکی کێبڕکێکەر کەسانی ریفۆرمخوازن، مێژوو سەلماندوویەتی، پێشکەوتووترین وڵات ئەو وڵاتانەن کە دەنگی جیاوازو ئۆپۆزسیۆن بەهێزە تێیاندا، بۆیە پێویستە ئەوان لەجیاتی تەنگەتاوبوون، چیتر بەوە خۆشحاڵبن کە لەدەرەوەی ئەوان دەنگو ڕەنگی جیاواز هەیە.

خۆزگەی کۆتاییمان بۆ ئەمجۆرە مۆدێلەی دەسەڵاتو سیاسەت لەم وڵاتە ئەوەیە پەیڕەوی خۆیان لە گوتاری (ئەوەی لەگەڵم نەبێت دوژمنمە)، بگۆڕن بۆ ئەو گوتە بەناوبانگەی کە دەڵێت (ئەگەر هەموومان وەک یەک بیربکەینەوە، مانای ئەوەیە کەسمان بیرناکەینەوە)، لێگەڕێن با خەڵک ڕای جیاوازی هەبێت، ئەوە نیشانەی زیندوویێتی میللەتەکەتانە، نەک دوژمنایەتی ئێوە.

جمهورية العراق
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
كۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان
The Independent High Electoral Commission
دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان
هيئة انتخابات اقليم كوردستان

((راگەیاندن))

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بڕیاری خۆی ژمارە(٦)ی کۆنوسی نائاسایی (٤٨)لە بەرواری ٢٠٠٩/٧/١١ بەم شێوەی خوارەوە دەرکرد:

• ڕەتکردنەوەی سکاڵای پێشکەشکراو لەلایەن بەڕێز عبدالسلام بارزانی نوێنەری دەسەڵات پێدراوی بزوتنەوەی چاکسازی کوردستانی دژی بەڕێز مەسعود بارزانی بە هۆی پێشکەش نەکردنی بەڵگەی ڕاستەقینە کە ناوەڕۆکی ڕووداوی بابەتی سکاڵاکە بسەلمێنێت.

ئەم بڕیارە شیاوی تێهەڵچونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەری هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی سێ ڕۆژ کە لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی بڕیارەکە دەست پێدەکات.

**ئەنجومەنی کۆمیسیاران**

جمهورية العراق
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
كۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان
The Independent High Electoral Commission
دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان
هيئة انتخابات اقليم كوردستان

(( راگەیاندن ))

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بڕیاری خۆی ژمارە(٥)لە کۆنوسی نائاسایی(٤٨) لە بەرواری ٢٠٠٩/٧/١١ بەم شێوەی خوارەوە دەرکرد:

• غەرامەکردنی بەڕێز (د.کەمال میراودەلی) پاڵێوراوی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی هەرێم بە غەرامەیەکی دارایی بە بڕی (٢,٠٠٠,٠٠٠دینار)دوو ملیۆن دینار ئەمە بە پێی هەردوو بڕگەی پێنجەم و نۆزدەهەم لە بەشی سێیەم لە پەیڕەوی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠٠٩.

ئەم بڕیارە شیاوی تێهەڵچونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەری هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی سێ ڕۆژ کە لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی بڕیارەکە دەست پێدەکات.

**ئەنجومەنی کۆمیسیاران**

جمهورية العراق
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
كۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان
The Independent High Electoral Commission
دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان
هيئة انتخابات اقليم كوردستان

(( راگەیاندن ))

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بڕیاری خۆی ژمارە(٤)ی کۆنوسی نائاسایی (٤٨)لە بەرواری ٢٠٠٩/٧/١١ بەم شێوەی خوارەوە دەرکرد:

• ڕەتکردنەوەی سکاڵای پێشکەشکراو لەلایەن بەڕێز ئاکۆ عبدالکریم دەرویش لەبەرئەوەی لە ناوەڕۆکی سکاڵاکەیدا کەسی سکاڵالێکراو و لایەنی تاوانباری دیاری نەکردووە بۆ هەڵسان بە کرداری سکاڵالێکراو.

ئەم بڕیارە شیاوی تێهەڵچونەوەیە لەبەردەم دەستەی دادوەری هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی سێ ڕۆژ کە لە ڕۆژی دوای بڵاوکردنەوەی بڕیارەکە دەست پێدەکات.

**ئەنجومەنی کۆمیسیاران**

جمهورية العراق
المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
كۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان
The Independent High Electoral Commission
دەستەی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان
هيئة انتخابات اقليم كوردستان

(( راگەیاندن ))

ئەنجومەنی کۆمیسیاران بڕیاری خۆی ژمارە (11)ی بڕیاری نائاسایی خۆی (48) لە بەرواری 2009/7/11 بەم شێوەی خوارەوە دەرکرد:

سەپاندنی غەرامەی دارایی بە بڕی(1,000,000)دینار بەسەر ئەو قەوارە سیاسیانەی کە پێشێلی مەرجەکانی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنیان کردووە کە لەم خشتەی خوارەوەدا هاتووە، بەهۆی دانانی بانگەشەی هەڵبژاردن لەو شوێنانەی کە بۆ ئەو مەبەستە تەرخان نەکراوە و پابەندکردنیان بە لابردنی ئەو پێشێلکاریانە.

ئەنجومەنی کۆمیسیاران

| ز | ناوی قەوارە سیاسیەکە | شوینی روداو | بری غەرامە |
|---|---|---|---|
| 1 | گەنجانی سەربەخۆ (ژمارە 60) | هەولیر/ شوینی جوراوجۆر | 1000000 یەك ملیون دینار |
| 2 | پارتی پارێزگارانی کوردستان (ژمارە 61 ) | هەولێر / قەلاّ | 1000000 یەك ملیون دینار |
| 3 | لیستی تورکمانی هەولێر (ژمارە 70) | هەولێر / قەلاّ | 1000000 یەك ملیون دینار |
| 4 | قائمە الاصلاح الترکمانی ( ژمارە 72) | هەولێر / قەلا, قوتابخانەی سەلجوق 2- هەولێر / نەخۆشخانەی لەدایك بوون ,قوتابخانەی شەهید مامون دباغ | 1000000 یەك ملیون دینار |
| 5 | یەکیەتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK (ژمارە 51) | هەولێر شوێنی جوراوجۆر | 1000000 یەك ملیون دینار |
| 6 | گۆران ( التغییر) ژمارە (57) | هەولێر / گەرەکی نوروز قوتابخانەی شرفکندی | 1000000 یەك ملیون دینار |

ئەنجومەنی دادوەری
ژمارە/ ٤٠١/ب/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٧/١٩

**ئاگاداری**

داواکار/ سرچڵ مجید قادر
بۆ داوا لەسەرکراو/ معروف شاکر وهاب بەڕێوەبەری لێپرسراوی کۆمپانیای معروف شاکر وهاب
ئەم دادگایە لە بەرواری ٢٠٠٩/٧/٦ بڕیارێکی دەرکـردووە بە پێدانی بڕی (٧٩٠٠) حەوت هەزارو نۆسەد دۆلار کە دەکاتە (٨٩٦٤٢٠٠) هەشت ملیۆنو نۆسەدو شەست و چوار هەزارو دووسەد دیناری عێراقی بۆ داواکار سرچڵ مجید قادر وە لەبەر ئەوەی ئێستا شوێنی دانیشتنت نادیارە ئاگادارت ئەکەینەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ کە لە ماوەی یاسایی نارەزایی و تێهەلچونەوەو پێداچوونەوە بگریت لەم بڕیارە بە پێچەوانەوە ئەم بڕیارە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
**دادوەری یەکەم**
**خدر حسن محمد**

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەرێتی
سەرۆکایەتی دادگای تێهەلچونەوەی ناوچەی سلێمانی
دادگای بەرایی سلێمانی/ ٢
ژمارە: ٥٠٣/ب/٢٠٠٩
بەروار: ٢٠٠٩/٧/١٩

ئاگاداری

بڕیار
بۆ داوالێکراو/ سازان مصطفی احمد
ئەم دادگایە بە بڕیاری ژمارە (٥٠٣/ب/٢٠٠٩) لە بەرواری (٢٠٠٩/٧/٦) بڕیاری دا بە فرۆشتنی موڵکی (٩٧/٦٠٥ م چوارباخ) لەبەر ئەوەی موڵکەکە قابیلی دابەشکردن نەبوو وە دابەشکردنی پارەکەی بەسەر هاوبەشەکاندا، وە لە ئەستۆگرتنی ڕەسمی داواو کرێی پارێزەری، وە لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بڕیاردرا بە ئاگادارکردنەوەتان لە دوو ڕۆژنامەی نێوخۆی فەرمی پاش تێپەڕبوونی ماوەی یاسایی پلەی کۆتایی وەردەگرێت و لەو ماوەیەدا مافی خۆتە تانەو تمییزی بەکار بێنیت.
دادوەر
شکر سلگان عدو شاهین

ئەنجومەنی دادوەری
دادگای بەرایی سلێمانی/ ١
ژمارە/ ١٠١٤/ب/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٧/١٩

ئاگاداری

داواکار/ نسرین سعید رشید
بۆ داوا لەسەرکراوان/ ١ـ بەرزان أحمد علی ٢ـ جمال سعید عبدالله
ئەم دادگایە لە بـەرواری ٢٠٠٩/٦/٣٠ بڕیارێکی دەرکـردووە بە نەهێشتنی هاوبەشەکان لەسەر موڵکی ژمارە ١٤٥/٤٤ م٦ قرگوغان بە فرۆشتنی لەبەر ئەوەی شیاوی بەش کردن نەبوو لە نێوانتان وە لەبەر ئەوەی ئێستا شوێنی دانیشتنت نادیارە ئاگادارت ئەکەینەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ کە لە ماوەی یاسایی نارەزایی و پێداچوونەوە بگریت لەم بڕیارە بە پێچەوانەوە ئەم بڕیارە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم
خدر حسن محمد

ئەنجومەنی دادوەری
دادگای بەرایی سلێمانی/ ١
ژمارە/ ١٠١٥/ب/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٧/١٩

ئاگاداری

داواکار/ نسرین سعید رشید
بۆ داوا لەسەرکراوان/ ١ـ بەرزان أحمد علی ٢ـ جمال سعید عبدالله
ئەم دادگایە لە بـەرواری ٢٠٠٩/٦/٣٠ بڕیارێکی دەرکـردووە بە نەهێشتنی هاوبەشەکان لەسەر موڵکی ژمارە ٥٠/٤٤ م٦ قرگوغان بە فرۆشتنی لەبەر ئەوەی شیاوی بەش کردن نەبوو لە نێوانتان وە لەبەر ئەوەی ئێستا شوێنی دانیشتنت نادیارە ئاگادارت ئەکەینەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ کە لە ماوەی یاسایی نارەزایی و پێداچوونەوە بگریت لەم بڕیارە بە پێچەوانەوە ئەم بڕیارە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم
خدر حسن محمد

ئەنجومەنی دادوەری
دادگای بەرایی سلێمانی/ ١
ژمارە/ ١٠١٦/ب/٢٠٠٩
بەروار/ ٢٠٠٩/٧/١٩

ئاگاداری

داواکار/ نسرین سعید رشید
بۆ داوا لەسەرکراوان/ ١ـ بەرزان أحمد علی ٢ـ جمال سعید عبدالله
ئەم دادگایە لە بەرواری ٢٠٠٩/٦/٣٠ بڕیارێکی دەرکردووە بە نەهێشتنی هاوبەشەکان لەسەر موڵکی ژمارە ٦٤٠/٤٤ م٦ قرگوغان بە فرۆشتنی لەبەر ئەوەی شیاوی بەش کردن نەبوو لە نێوانتان وە لەبەر ئەوەی ئێستا شوێنی دانیشتنت نادیارە ئاگادارت ئەکەینەوە بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆ کە لە ماوەی یاسایی نارەزایی و پێداچوونەوە بگریت لەم بڕیارە بە پێچەوانەوە ئەم بڕیارە پلەی کۆتایی وەردەگرێت بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم
خدر حسن محمد

ونبوون
پێناسێکی کەمئەندامی، کە لەبەڕێوەبەرایەتی چاودێریی کەمئەندامان دەرچووە، بەناوی (یارأحمەد میرأحمەد بارام)، هەرکەس دۆزییەوە پەیوەندی بکات بە ژ . م:
٠٧٥٠١١١٣٧٧٧

خاوەنی ئیمتیاز:
کۆمپانیای وشە

سەرنووسەر:
عەدنان عوسمان
ednan.rozhnama@yahoo.com - adnan@rozhnama.com

بەڕێوەبەری نووسین
ئاودێر شێخ عومەر
awder.sh.omer@gmail.com

دەستــەی نووســەران
سیروان ڕەشید ٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ serwan_rm@yahoo.com
فازڵ نەجیب ٠٧٧٠١٥٢٦٥٨٣ fazil988@yahoo.com
هیوا جەمال ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦ hiwa.jamal@yahoo.com
فرمان عەبدولڕەحمان ٠٧٧٠٢٢٣٣٣٠٤ frman802001@yahoo.com

ب. ئۆفیسی هەولێر
ئیبراهیم عەلی ٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩

کارگێڕیو ریکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

دابەشکردن:
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

ئۆفیسی سەرەکیی:
سلێمانی - بەختیاری - پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

ئۆفیسی هەولێر:
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر

# بۆ پێویســـتمان بە گـــۆڕانکارییە؟

ئەحمەدی مەلا

**بۆ ئەوەی پەپوولەیەک توانای فڕینی هەبێت، پێویستمان بە گەردوونێکی فراوان هەیە.**
**ئوبێر ریڤ، گەردووناناسو فیزیاناسێکی کەبێک_ کەنەدا**

چالاککردنو ئەکتیڤکردنی کاری سیاسی لە کۆمەڵگەی کوردی بە یەکێک لەو ئەرکانە دەژمێردرێت کە هەموو ئایندەی لە سەر بنیاتدەنرێت. ڕەنگە لە هیچ کۆمەڵگەیەکی دیکە تێرمی بنیاتنانو ئاوەدانکردنەوە بەقەد کۆمەڵگەکەی ئێمە خاوەن کۆواتا نەبێت!، چونکە ئێمە لە هەموو ڕوویەکەوە لە قۆناغی خۆبنیاتنانو خۆ ڕێکخستنین، بۆیە دەبێت تێرمی سیاسەت لەنێو واتا ئێتیمۆلۆژییەکەی بخوێندرێتەوە، واتە ڕێکخستنەوەی شار.

ئەو بنیاتنانە فرەلایەنەو سەرجەم کایەکانی ژیان دەگرێتەوە، بۆیە لێرە تێرمی «گۆڕانکاریی ریشەیی» ڕەنگە زۆر پێویستبێت، ئەم کاژفرێدانو خۆتەکاندنو خۆ نوێکردنەوەیە پێداویستییەکی حەیاتییە، واتە پێداویستییەکی سیاسیشەو هەمووش لە ئاستی جیاواز لە سەری تەبان. (زۆرن ئەوانەی کە دەڵێن بەڵێ بۆ گۆڕانکاریی، بەڵام بەشێنەییو بەهێمنی تا دەسکەوتەکانمان لە کیس نەچن!) ئەم قسەیە هێندەی ڕاستە، هێندەش دیماگۆژییە، چونکە دووفاقەیە، سەرەڕای ئەوەی ڕاستە دەکرێتیش بۆ مەبەستی دیکە بەکاربهێنرێت، لەلایەکی دیکەشەوە گۆڕانکاری تەنیا هەر پەیوەندی بە کاتەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە ئەکتیڤکردنی کاتەوە هەیە، واتە پێویستی بە دۆزینەوە دینامیسم هەیە. بەبێ ئـەم ئالییەتە گۆڕانکاری مومکین نابێت!، چونکە تەنیا بە نییەت کارەکان مەیسەر نابن!

لەبەرئەوەی هەرێمەکەی ئێمە لە هەموو ڕوویەکەوە پێویستی بە گۆڕانکارییە، گۆڕانکارییەکی سەرتاپاگەری، ئەگەر بێتو لە سەرەتای شەستەکانەوە تا سەرەتای سەدەی بیستویەکەم بە شۆڕشی یەکەم ناوزەد بکرێت، دەکرێت ئەم گۆڕانکارییە سەرتاپاگەرییە ناوی شۆڕشی دووەمی لێبنرێت. پێناسەکردنی ئەم گۆڕانکارییە سەرتاپاگەرییە، واتە لەبەرچاوگرتنی وردترین دیاردە تا دەگاتە گەورەترین دیاردە، لە موفرەدەیەکی زمانەوانییەوە تا پلاندانانو ڕێکخستنی خەستەخانەیەک، لە نووسینی تێکستێکەوە تا دامەزراندنی کۆلێژو دانیشگایەک، لە چاندنی درەختێکی ناوشارەوە بۆ خەملاندنی دید لەمەڕ پاراستنی ژینگەوە.

دەبـێـت ئـەم جـەدەلـە لـە پێشچاو بگیرێت تا کۆمەڵ لە سەر زەمینەیەکی پتەوەوە بتوانێت خۆی ڕێکبخات، ئەمە لەهەمانکاتدا گرێدانەوەی ئینسانەکانە بە خاکو هەروەها گرێدانەوەی ئینسانەکانە بەو دەورووبــەرەی کە تیایدا دەژینو لەسەروو هەمووشیەوە مۆرکردنی گرێبەستێکە لەنێوان ئینسانو ئەو کۆمەڵگەیەی کە تیایدا دەژی.

ڕاستە ئەم گۆڕانکاریانە لە ئانو ساتـێـکـدا ڕوونـــــادەن، بــەڵام وەکـو دەرهـــاویـــشـــتــە لــە ڕێـــگـــای زمـــانو دەستەواژەکانیشەوە دەردەکــەون، لە ڕێگای ئەو جیهانبینیپەوە دەردەکەوێت کە سیاسەتمەدار هەوڵی جێبەجێکردنی لە سەر زەمین دەدات، بۆیە چاودێری وریا ئەو کەسەیە کە دەتوانێت وردترین دیاردە بە گەورەترین دیاردەوە گرێبدات، توانای ئەوەی هەیە جەدەلیەتی نێوان دیاردەکان بخوێنێتەوەو لە هەموو ئاستەکانیشدا بەم کارە هەڵسێت، گۆڕانکاری ڕاستەقینەش مومکین نییە بەبێ ئەم گرێدانو بێ ئەم دیدە، بەبێ ئەم تێکهەڵکێشییە، لەسەر هەمووشیەوە گۆڕانکاری مانای ئەوە نییە لەکاتی هەڵبژاردن بە پیری ئەمو ئەوەوە هاتنو ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەکو پیشاندانی چەند ڕێگاوبانێک... گۆڕانکاری دەبـێـت پـرۆژەیـەکـی یـەکـگـرتـوو و موتەلازیم بێتو هەموو وردەکارییەکانی لەبەرچاوگرتبێت.

یەکێک لە کۆڵەکە بنەڕەتیەکانیو هــۆکــارە ســەرەکــیــەکــانــی هــەمــوو گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینەی سەردەمی هاوچەرخ، بوونی شوێنێکە کە تیایدا نوێنەرانی کـۆمـەڵ بـە ئـــازادانــە، بە شارستانیانەو بە لێوەشاوەییەوە لەمەڕ کێشەکانی کۆمەڵگە بدوێن، ئەم شوێنە لە سەردەمی هاوچەرخدا پەرلەمانی پێدەوترێت کە لە تێرمی «پەرلەمانتێ»ەوە هاتووە، واتــە گفتۆگۆسازان لەپێناو دۆزینەوەی چارەسەرێک بۆ کێشەیەکی دیاریکراو، واتــە ڕێکخستنەوەی شار لە ڕێگەی دانوساندنو دۆزیـنـەوەی ڕێگاچارەوە، لە ڕێگای دیالۆگەوە دێتە بەرهەم.

ئەم ناوکە بچووککراوەی کۆمەڵگەیە کە دەبێت ئەکتیڤ بکرێت تا ئەندازەیەک چالاک بکرێت تا سەرجەم کێشەکانی کۆمەڵگە بەپێی پلەی گرنگیان باسیان لێوەبکرێتو دەمــەتــەقــێو گفتۆگۆی لەسەربکرێتو ڕچەی جێبەجێکردنیان بۆ برەخسێنرێت، ئەم ئەکتیڤکردنە بەبێ بگرەوبەردەیەکی تەندروست، بەبێ بەرهەلستاکارییەکی لێپرسراوو هۆشیار نە دەبێتە شوێنێکی بە بەرهەم، نە دەبێتە شوێنێک بۆ چالاکی سیاسی!، چونکە کاتێک گفتوگۆ بەرهەمدار دەبێت کە پەرلەمەنتار خاوەن دیدو بۆچوونیکی دیاریکراو بێت لەمەڕ ئەو شارستانیەتەی کە دەیەوێت هەنگاوی بۆ بنێت، کەواتە دەبێت خاوەنی تێڕوانینێکی سەرتاپاگەری بێت بۆ کۆمەڵ، دەبێت خاوەن دیدێکی فراوانو هەمەلایەن بێت سەبارەت بە هەموو کێشەکانی کۆمەڵ : پــەروەردە (تەنیا هەر دروستکردنی قوتابخانەو دانشگاو پەیمانگاکان ناگرێتەوە، بەڵکو سەرجەم ڕێکخستنەوە پەیوەندییەکانیش دەگرێتەوە کە لەنێوان مامۆستاو قوتابی هەیە، پەیوەندی بە میتۆدو میتۆدۆلۆژییەوە هەیە کە پرۆگرامەکانی لەسەر دەسازێت، دروستکردنی ئەو ئاووهەوایەیە کە قوتابی لەناویدا گەشەدەکات). تەندروستی (تەنیا دروستکردنی نەخۆشخانە ناگرێتەوە، بەڵکو ڕێکخستنەوەی سەرجەم ئەو پەیوەندییانە دەگرێتەوە لەنێوان پزیشکو نەخۆش، نەخۆشو دەورووبەرەکەیدا هەیە). کۆمەڵایەتی، ( کێشە لە بنەهاتوو و کەلەکەبووەکانی کۆمەڵگەی ئێمە چۆنو بە چ ئاقارێکدا دەبێت وەرچەرخێندرێت...). ئابووری (هەر لە سەرجەم ئەو یاسایانەی کە پەیوەندییە ئابوورییەکان لە ناوەوە ڕێکدەخاتو چۆنیش دەیبەستێتەوە بە دونیای دەرەوەو لە هەموو ئاستەکانیشدا)، چونکە بنیاتنان ئەوکات هەموو واتاکانی دەستگیردەکات، کاتێک ئەم دیدەمان لە لا دەخەملێت، بەبێ ئەم دیدە پەرلەمەنتار دەبێتە کارمەندێکی بێدەسەڵات.

ئەوەی تا ئێستا کـراوە، هەنگاوێکی گرنگە، بــەڵام بەبێ گۆڕانکاری، ئەم ئاراستەیەی ئێستا تووشی مەنگی دێتو لە ناوەوە تووشی سوان دێتو لە ناوەوە خۆی دەکرۆژێت، بۆیە کۆمەڵگەی کوردی پێویستی بە مومارەسەکردنی سیاسەتێکی هاوچەرخانەیە کە وتوێژو ئاخاوتن لە ئاستی پێداویستییەکانمان بێت. گرنگی لە خوێندنەوەی ڕابردوو تەنیا خستنەڕووی ئامار نییە کە ژمـــارەی قوتابخانەو خەستەخانەو کۆلێژەکانمان بۆ ڕیزبکات، بەڵکو لەو دیدەشەوە سەقامگیربووبێت کە ئایا بە چاوێکی یەکسانی تەماشای کۆمەڵگەی کوردستانی کـراوە؟ یا خزمەتگوزارییەکان بەپێی پلەوپایەو کەرتکردنی هــەرێــم بەسەر زۆنو ناوچەی جیاجیادا دابەشکراوە. ئایا لە پێناو بوژانەوە بە یەک چاو سەیری کــەلارو هەولێر کـراوە، بە یەک چاو سەیری چەمچەماڵو دهۆک کراوە؟ گۆڕانکاری ڕاستەقینە لەوەدایە لە زۆنو ناوچە دوورە دەستەکانەوە دەستی پێبکەین (وەکو جەستەی ئینسانێک، پزیشک دەبێت لە نەخۆشییە هەرە زەقو مەترسیدراکانەوە دەستپێبکات).

ئــەم نەخشەکێشانو پلانانەی کە تائێستا پەیڕوی کـراوە سەر بە دونیای سیاسیانەی هەموو سیستمە دواکەوتووەکانی جیهانی سێیەمە (با تەکنەلۆژیای نوێش بەشداری تیاکردبێت). واتــە وڵات یــان شار دەکرێتە چەند جوغزێکەوە تا لە ماڵی پاشا دوورکەوینەوە، هێندە لە نەگبەتیو مالوێرانیو بێنەخشەییو بێئایندە نزیکدەبینەوە، بەپێی ئەم کەرتکردنە ئۆتۆماتیکیانە ئینسانەکانی دەکەونە خانەی جـیـاوازەوەو نابنە خاوەن هەمان ئیمتیاز، ئەمەی تائێستا ڕووی داوە تەواو بە پێچەوانەی هەموو بنیاتنانێکی تەندروستە، ئەم بنیاتنانە بەپێی ئامار ڕەنگە هیچ عەیبێکو نەنگییەکی تێدا بەدینەکرێت، بەڵام بەپێی دابەشکردنو یەکسانیو یەکدیدیو یەک ڕوانین خاوەن هەزاران کەلێنە، ئەم پێشکەوتنەی ئێستای کوردستان زۆر بە ناتەوای دەمێنێتەوە کاتێک بــەدەر دەبێت لە دیدێکی تێکڕاییو هەمەلایەنیو بە یەک چاو تەماشای هەرێمی کوردستان وەکـو شارێک نەکرابێت، لە حەققەتیشدا هەموو دانیشتووانی هەرێم نیوەی دانیشتووانی شارێکی وەکو شەنگەهایە!

بـۆیـە دەبـێـت پــەرلــەمــان ببێتە ئەو شوێنەی کە نەک تەنیا زمانو ئاخاوتن تیایدا باڵادەست بێت، بەڵکو ببێتە شوێنێک کە جێی لێوەشاوەییو پسپۆری لە بوارە جیاکانیشدا ببێتەوە، دیدێکی ڕوونــمــان هەبێت لــەوەی کە چۆن کۆمەڵگەی کــوردی بەرەو ئاوەدانیو شارستانیەت بگوازینەوە، کاتێک کە پەرلەمانتار خۆی وەکو تاکێک نەبووبێتە خــاوەن دیدێکی تایبەت لەمەڕ چۆنیەتی گواستنەوە کۆمەڵگە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دی، ئەدی چۆن دەتوانێت لێوەشاوەیی بنوێنێت؟ ئــەوەی تائێستا کــراوە سیاسەتی هەڵسوڕانەو ئیدامەدان بە ئیدارەو خەرجکردنی سامانی نەتەوەیە بەشێوەیەکی بێپلان.

بۆیە گۆڕانکاری وەکـو هــەوا بۆ کۆمەڵگەی کـــوردی زەروورییــــە، بــەڵام گۆڕانکارییەک تەنیاو تەنیا لەپێناو خزمەتی میللەت کۆتاییبێتو ئینتما دروستکردنەوە بێت تا تاک لە ســەرووی هەموو ئیعتیبارێکی حیزبییەوە بە کۆمەڵ گرێبدرێتەوە، ئەوکات هەموو دەسکەوتەکان بەبێ سڵەمینەوە لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵەوە پارێزگاری لێدەکرێتو بەرامبەر بە هەموو هەڕەشەیەکی دەرەکیش دەبینە خاوەن یەک دەنگ. گرێدانەوەی تاک بە کۆمەڵ لەسەر بنەما تەندروستەکان دەبـێـتـە ســەرچــاوەی تەقینەوەی هەموو وزە شاراوەکانی داهێنانو تەماشاکردنی ئایندە، تا جوغزی تاک لە ناو کۆمەڵ فراوانبێت هێندە دەبێتە خــاوەن ئەم توانا شاراوەیە، ئەگینا سیاسەت دەبێتە ئەو دیماگۆژییەی کە هەموو شت واتە سەرجەم شتەکان لەپێناو مـانـەوەو ئیدامە بەخۆدان خەرجدەکرێتو بۆ میللەتە پاینەکەش چش!!!.

**لەبەرئەوەی هەرێمەکەی ئێمە لە هەموو ڕوویەکەوە پێویستی بە گۆڕانکارییە، گۆڕانکارییەکی سەرتاپاگەری، ئەگەر بێتو لە سەرەتای شەستەکانەوە تا سەرەتای سەدەی بیستویەکەم بە شۆڕشی یەکەم ناوزەد بکرێت، دەکرێت ئەم گۆڕانکارییە سەرتاپاگەرییە ناوی شۆڕشی دووەمی لێبنرێت**

# گۆڕان لەچەند کەسێکدا کۆناکرێتەوە

ئارام حەمە ئەمین

ئەوانەی دەیانەوێت ئەو بزووتنەوە جەماوەرییەی کە تەنگی بە دەسەڵاتی پارتیو یەکێتی هەڵچنیوەو بووە بەو ئۆپۆزسیۆنەی کە چەند ساڵێکە خــەڵــک خــەونــی پێوەدەبینێت، لە موجادەلەکانیانیدا لە چەند ناوێکدا کۆیدەکەنەوەو مەودای بزووتنەوەکەش بەوە کورتدەکەنەوە کە ئەمانە بۆ پێشتر بەو شێوەیە کاریاننەکردووە،

ئەوانەی بەو شێوەیە بیردەکەنەوە خۆیان دەزانن هەموو بزووتنەوەیەکی جــەمـــاوەری پێویستی بــە چەند هەڵسوڕاوێک هەیە کە ئەو بزووتنەوەیە بـــەرەو پێشەوە بـــەرێـــت، بۆیە ئەو ناوانەی کە لەنێو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بوونەتە سەرقافلەی ئەو بزووتنەوەیە کە بزووتنەوەی گۆڕانە دوور نییە لە چەند هەنگاوێکی دیکەدا چەندین کەسێتی نێو حیزبەکانی دیکەش ڕووەو بزووتەنەوەکە هەنگاو بنێن، خۆ ناکرێت لێرەدا ڕێگری لەو کەسانە بکرێت بە بیانووی ئەوەی تا دوێنێ بۆ لەگەڵ ئەو بزووتنەوەیەدا نەبوو، ئەمڕۆ بۆ خۆی دەداتە پاڵ ئەو بزووتنەوەیەوە، ئەمە ئەو هاوکێشەیەم بۆ دێنێتەوە بەر شیکار کە لە ڕوانگەی سایکۆلۆژییەوە مرۆڤ لە هەموو بوونەوەرەکانی دیکە جودایە کە توانای هەیە بیربکاتەوە ئەو کاتە ڕەفتاربکات، چــوار دەور بخوێنێتەوە ئەو کاتە ڕەفتاربکات کە ئەمە پێچەوانەی هەموو زیندەوەرانی دیکەیە، بۆیە ناکرێت ئینسان تا مردن لەیەک پێستو لەیەک ڕەنگدا بمێنێتەوە، واتــە دوێـنـێ چـۆن بـوویـت ئەمڕۆ بەهەمان شێوەو سبەی بەهەمانشێوە، بۆیە ئەوانەی ئەمڕۆ ڕابەرایەتی ئەو بزووتنەوەیە دەکـەن مـەرج نییە کە دوێنێ بەرپرسێکی نەگونجاو بن ئەمڕۆش هەمان ڕەفتاریان هەبێت.


حەزناکەم بگەڕێمەوە بۆ مێژوو، چونکە هەمیشە چـــاوم لە ئێستاو ئایندەبووە، بەڵام ئەم وتارە واملێدەکات کەمێک ئاوڕ لە مێژوو بدرێتەوە، کاتێک ساڵی (١٩٩١) خەڵکی کوردستان لەژێر دەسەڵاتی ئەوکاتەی ڕژێمی بەعسدابوو، بەهۆی ناعەدالەتیو زەبرو زەنگی ڕژێمەوە خەڵک ڕاپەڕینی کرد، پرسیار ئەوەیە کە کێ ڕاپەڕینی کردو کێ ڕابەرێتی ئەو بزووتنەوە چەکدارییەی کرد؟ بۆ وەڵامی یەکەمیان خەڵکو بەشێک لەو چەکدارانەی کە بە ناوی فەوجی خەفیفەوە چەکدارانی ڕژێمبوون، شانە چەکدارەکانی کە سەر بەرێکخستنەکان بـوون، بەڵام بۆ دووەمیان هەموو ئەو بەشانەی لە یەکەمدا ناویان هات ڕابەرێتییەکەی لە ئەستۆی ئەو حیزبانەبوون کە پەنایان بۆ شاخەکانی کوردستان بردبوو، بەڵام کاتێک کە بزووتنەوەکە سەرکەتووبوو، پــەرلــەمــانو حکومەتی هــەرێمی کوردستانی بە دوای خۆیداهێنا، ئەوا لەنێو کۆی ئەو بزووتنەوەیە ئەوە نەبوو کە خەڵک ویستیو بۆ خەڵک هاتەدی، بنەچەی قسەکردنمان لەسەر ئەو ڕێڕەوەیە کە هەموو بزووتەنەوەیەک باشو خراپی تێدەکەوێت، بێخەوشو خـــەوشــــداری تـێـدەکــەوێــت، بــەڵام سەرکەوتنی بزووتنەوەکە لەوەدایە کە ئەوانەی ڕابەرێتی دەکەن خەوشدارەکان بێخەوش بکەنو بێخەوشەکانیش بکەنە ڕێنیشاندەری خەڵکو دەسەڵاتیان بدەنێ، ئەگەرنا دەگەڕێنەوە سەر هەمان ڕێڕەوی پێشوو، کەواتە لێرەوە ئەگەر لەدوای بزووتنەوەی ڕاپەڕین نەتوانرابێت ئەو ئەرکە جێگەی خۆی بگرێت، ئــەوا ئەرکی بزووتنەوەی گۆڕانە ورد بۆ ئەو مەسەلەیە بڕوانێت، چونکە مــەرج نییە هەموو ئەوانەی لەگەڵ گۆڕاندا کاردەکەن بێخەوشبن، بەڵام گەورەی ڕابەرێتی بزووتنەوەکە لـــەوەدایـــە بـتـوانـێـت ئــەو کەسە خەوشدارانەش وەک بێخەوشەکان لێبکاتو ئــەوکــات ئــەو کەسانەی لـــە(٧/٢٥)دا دەنــگ بە لیستی گۆڕان دەدەن هەست بەوەدەکەن دەنگەکانیان بەفیڕۆ نەڕۆیشتووە، چونکە هەر بزووتنەوەیەک لە کۆتایدا ئامانجی خزمەتی خەڵک نەبێتو ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی بەشێکی ژیانی داگیربکات، سەرئەنجام شکستدەهێنێت.

ئــەو جــەمـــاوەرە بــەرفــراوانــە خۆڕسکەش کە دوای لیستی گۆڕان کەوتووە هەموو ئومێدەکەی لەسەر ئەوە هەڵچنیوە کە دوای هەڵبژاردن ئەوەی لەپێشوودا شکستی پێهێنراوەو سەرکردایەتی پارتیو یەکێتی بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکاریانهێناوە لەژێر چنگیان دەربهێنرێتەوە بخرێتە خزمەت هەمووان، لێرەدا مەبەست لە هەمووان ئەوەیە بەوانەی دەنگ بە لیستی گـۆڕان دەدەنو بەوانەش کە دەنگی پێنادەن، بۆ ئەوەی نەبینە بەهەمان سیفەتهەڵگری ئەو دەسەڵاتەی ئێستا کە تێکڕای بەرژەوەندییەکان نەک بۆ تــەواوی لایەنگرانی خۆیان نییە، بەڵکو بۆ چەند کەسێکە، ئیتر ئەوە خەڵکی بەگشتی کەوتوونەتە دەرەوەی هاوکێشەکەو سوودو قازانجی هەموو لایەنەکانی ژیان، خەڵک بەگشتی لێی بێبەشە.

کەواتە ئەو تەوژمە توندەی کە ئێستا بەناوی گۆڕانەوە سەریهەڵداوە تەنیا چەند کەسێک لێی بەرپرس نین، بەڵکو ئەوە بزووتنەوەیەکی جەماوەری خۆڕسکەو لە ئەنجامی ئەو ناعەدالەتییە کۆمەڵایەتییە هاتووەتە ئــاراوە کە دەســەڵاتــی سیاسی لــەم هەرێمەدا دروستیکردووە، بۆیە مەسئولیەتێکی ئێجگار قورسە بۆ لیستی گـۆڕانو ڕابەرانی ئەو بزووتنەوەیە کە بتوانن ئــەو خــەڵــکە ڕێـکـبـخــەنو لـــەدوای هەڵبژاردن بێئومێدیان نەکەن.


# پڕۆژەی ڕۆژ ستی .

کۆمپانیای ڕۆژی نوێ بۆ وەبەرهێنانی خانوو بەرە








+ ڕۆژ ستی - لەسەر شەقامی بازنەیی مەلیک مەحموود ( نزیک سەنتەری بۆڵینگ ) .
+ ( ژووری میوان , چێشتخانە , ( 3 ) نوستن , حەمام , توالیت , شوێنی غەسالە و مەغسەل , بالکون ) .
+ هیچ مانگانەیەکی خزمەت گوزاری نادەیت .

+ نرخی یەکەیەک ( 50 000 $ ) پەنجا هەزار دۆلارە , ( 25000 $ ) لە لایەن سندوقی نیشتەجێ بوونەوە دەدرێت بۆ هەموو هاولاتیەک , تەنها بری ( 25000$ ) دەدرێت بە چوارقیست - پێشەکی 6500$ .

ئۆفیسی کۆمپانیا - فرۆشتنی یەکەکان : تووی مەلیک - بەرامبەر ئامادەیی شەهید جەمال ئایەر - ت ( 0771 016 5555 - 0770 152 93932 - 0750 152 1717 )

NEW Sirwan Mineral Spring Water

زیاد لە 25 ساڵ ئەزموون
لە بەرهەمهێنانی ئاوی کانزایی دا

# ئاوی کانزایی سیروان
## لەکانیاوی بانی خێڵان




From famous Bany khelan spring 07480124442: بنکەی فرۆشتنی ڕاستەوخۆ




لە هەڵبژاردنی پەرلەمان و سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق

# چــۆن دەنگ دەدەیت ؟




دوو کارتی
دەنگدان هەیە



ئاگـــادار بە

- تەنها یەک نیشانەی ( ✓ ) لە کارتی دەنگدان لە بەردەم ناوی ئەو قەوارە یان پێکهاتە یان پاڵێوراو بۆ سەرۆکی هەرێم دابنێ کە هەڵیدەبژێری.
- لە کاتی دانانی زیاتر لە یەک نیشانەی ( ✓ ) لە هەردوو کارتەکەی دەنگدان یان پێشکەشکردنی بەبێ نیشانەکردنیان کارتەکە بە پووچەڵ دادەنرێت و دەنگەکەی هەژمار ناکرێت.




- بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان نیشانەی ( ✓ ) لە خانەی بەتاڵی بەردەم ناوی ئەو پاڵێوراوە دابنێ کە هەڵیدەبژێری بۆ پۆستی سەرۆکی هەرێم.

- لە حاڵەتی دەنگدان بۆ قەوارەیەکی سیاسی دیاریکراو نیشانەی ( ✓ ) لە خانەی بەتاڵی بەردەم ناوی ئەو قەوارە سیاسیە دابنێ کە هەڵیدەبژێری.
- لە حاڵەتی دەنگدان بۆ قەوارەیەکی سیاسی کە نوێنەرایەتی پێکهاتەکانی کلدان سریان ئاشوور و تورکمان و ئەرمەن دەکات نیشانەی ( ✓ ) لە خانەی بەتاڵی بەردەم ناوی ئەو قەوارەیە دابنێ کە نوێنەرایەتی ئەو پێکهاتەیە دەکات.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بەم ژمارە خۆڕاییانەوە بکە:
ئاسیاسیل ٧٧٧٧ کورەک ٣٠٢٠

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات
کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان
The Independent High Electoral Commission
www.ihec.iq

٤ رۆژی دیکە دەیگۆڕین

گۆڕان بەرەو

٥٧

گۆڕان التغيير CHANGE

بڵاوكراوەیەكی تایبەتی هەڵبژاردنە، لیژنەی راگەیاندنی لیستی گۆڕان دەریدەكات

No. 21 Date. 21-7-2009

٢٠٠٩-٧-٢١

ژمارە: (٢١)

# دەسەڵات سەروەت و ماڵی میللەت بۆ كڕینی دەنگ هەڕاج دەكات

**بەرەوگۆڕان**

بۆ دروستكردنی كاریگەریی لەسەر دەنگدەران، حیزبی دەسەڵاتدار هەرچی ڕێگەی نایاسابیە پیادەیدەكات و بەچڕی كەوتووەتە دابەشكردنی پارەو سەروەت و سامانی میللەت بۆ كڕینی دەنگ بۆ لیستی كوردستانی.

بەپێی زانیاریی سەرچاوە باوەڕپێكراوو ئاگادارەكانمان لەماوەی هەڵمەتی هەڵبژاردندا یەكێتی بەچڕی كەوتووەتە دابەشكردنی زەوی و شوقەو پارەو دەمانچەو كۆمپیوتەری لاپتۆپ و چەندین كەلوپەلی ناوماڵ، لەكاتێكدا هەموو ئەمانە لەپارەی بودجەی هەرێم كڕاون و موڵكی میللەتە، بەڵام دەسەڵات بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن و كڕینی دەنگ بەكاریدەهێنێت.

هەندرێن محەمەد، بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەولێری كۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان ، لە لێدوانێكی پێشویدا بە (رۆژنامە)ی راگەیاند: یەكێك لە پێوەرەكانی جیهانی بۆ سەركەوتنی هەڵبژاردن و دەستەبەركردنی ئازادی دەنگدەرەو هەروەها ڕێگری لە كەس نەكرێت و نەخرێتە ژێرفشارەوەو دەنگی هاوڵاتیان نەكڕدرێت.

## عیماد ئەحمەد دەیان هەزار دۆلار دەبەخشێتەوە

**بەرەوگۆڕان**

لە سەروبەندی هەڵبژاردندا جێگری سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان بەردەوامە لە پارەبەخشینەوە بەسەر چین و توێژەكانی خەڵكداو چەند هەزار دۆلارێكی لەوبارەیەوە بەخشیوەتە خەڵكانی كەمئەندام.

سەرچاوەیەكی ئاگادار لە مەكتەبی ڕێكخراوە دیموكراتیەكانی یەكێتی نیشتمانی كوردستان بە (بەرەوگۆڕانی) راگەیاند: پێری عیماد ئەحمەد، جێگری سەرۆكی حكومەتی هەرێمی كوردستان، كۆبوونەوەی بە (٢٥٠) كەمئەندام كردووەو بۆ هەریەكێكیان بڕی (١٠٠) دۆلاریان دراوەتێ، كە بەپێی زانیاریەكانی ئەو سەرچاوە ئاگادارە بەخشینی ئەو هەزاران دۆلارە بۆ ئەوەیە كە سۆزی خەڵك رابكێشن كە دەنگ بە (لیستی كوردستانی) بدەن.

پارە بەخشینەوەی عیماد ئەحمەد لەكاتێكدایە كە دەسەڵاتی جێگری سەرۆكی حكومەت سنووردارەو بۆی نییە بە ئارەزوی خۆی پارەی میللەت تەخشان و پەخشان بكات.

## پەیامی نەوشیروان مستەفا لە بارەی پرسی مادەی (١٤٠)ەوە

ل٢

## هەولێرییەكان (٧/٢٥) بە بێ دەنگی تۆڵەی خۆیان دەكەنەوە

ل٢

## هەزاران جوتیاری سنوری هەولێر ئومێدیان بە لیستی گۆڕانە

ل٢

## ئەمەتان لە كوێ؟ وڵاتێك بۆ تاڵان

**عەدنان عوسمان**

رۆژانە بەرپرسە حیزبیی و بەناو حكومیەكان لەم شارو ئەو شار پارە تەخشان و پەخشان دەكەن، بەسەر خوێندكاران، لاوان، هونەرمەندان، پیشەوەران، لادێكان، شارەكان، بنەماڵەی شەهیدان، كەمئەندامان، هتد. تەقینەوەی كانی مەرحەمەت و مەكرومەی ئەم بەڕێزانە ڕێك لەكاتی هەڵمەتی هەڵبژاردن و بە بەرچاوی كۆمسیۆنی باڵاو دنیاوە دەكرێت و رۆژیش نییە، لە میدیاكانەوە پەخش نەكرێتەوە. سەرۆك كۆماری عێراق بێ ئەوەی كاندیدبێت، یا سەرۆكی هەڵمەتەكە بێت رۆژانە بە سوودوەرگرتن لە پۆستی سەرۆكایەتی و سكرتێری یەكێتیی و بە هەزاران پاسەوانی تایبەتەوە لە هەموو سەردانەكانیدا بە هەزاران دۆلار یا دەبەخشێنێتەوەوە یا بەڵێنی سەرفكردنی دەدات. ئەم رەفتارەی سەرۆك و بەرپرسە باڵاكان ڕێك لەژێر پێنانی سەرجەم بەندەكانی یاسای ژمارە (٤)ی كۆمسیۆنی باڵای هەلبژاردنەكانە تایبەت بە هەلبژاردنەكانی هەرێم.

كە پرسیاری سەرچاوەی ئەم پارە زۆرو زەوەندانە دەكەیت پێتدەڵێن ئەمە پارەی وەقفی یەكێتییەو پەیوەندی بە بودجەی حكومەتەوە نییە! لە راستیشدا سەیرو سەمەرەكە ئا لێرەدایە، حیزبێك بودجەكەی لە دەوڵەت و حكومەت زۆرتربێت، حیزب (نەك حكومەت) بیری ئیرتوازی لێبدات، هۆڵ، قوتابخانە، خانوو، شەقام، باخچەی مناڵان دروستبكات، خەڵكی خانەنشین بكات، مووچەی هێزەچەكدارەكان بە نوكە قەڵەمێك زیادبكات، مقاوەلات و كۆمپانیای هەبێت، بێحیساب و كیتاب پارە وەك شاباش بەسەر ئەم سەرۆك هۆزو تاقمەدا ببەخشێنێتەوە، لە چ شوێنێكی ئەم دنیایەدا ماوەو لە چ فەرهەنگێكی سیاسیدا جێی دەكرێتەوە؟

هەگبەی پارەی حیزب ئەم شارو ئەو شاردەكات، ئێواران خالی دەبێت و بۆ بەیانی بە قودرەتی قادر پڕ دەكرێتەوەو دیسان تەخشاندەكرێت، سەرچاوەی ئەم پارەیە چییە؟ لە كوێوە دێت؟ كێ رەقیبە بەسەریەوە؟، چ دیوانێكی چاودێری ئاگای لێیە؟ چ دەزگایەكی تەشریعی فەتوای تەخشانكردنی داوە، پێشتر لە كوێ بووە؟ بۆ تەرخاننەكرا بۆ پرۆژەكان، كێ بڕیاردەدات سەرفبكرێت؟ دەفتەرو حیسابەكەی لای كێیە؟ ئەمە ئەو مەتەڵانەن كە وەڵامەكەی لای سەركردەكانە.

دوو ئامراز بناغەی سەرەكین بۆ ئەوەی بە هیزێك یا گروپێك بوترێت مافیا، یەكەم پارەی بێحیساب و گومسەرچاوە، دووەمیش هێزی چەكدار. لەم كوردستانە كە دەبینین حیزب خاوەن هێزی چەكداری تایبەت بە خۆیەتی و چۆنی بیەوێت ئاوا هەڵیدەسوڕێنێت، خاوەن پارەیەكی بێشومارە كە هیچ رەقیبێكی بە سەرەوە نییە، بەهەمان شێوە چۆنی بوێت ئاوا سەرفیدەكات، ئیتر دەبێت بە جدی گومان لە شەرعیەتی ئەو هێزانە بكرێتەوەو پرسیاری ئەوە بكەین ئەمانە لە كوێی یاساوەن؟



شەممەی داهاتوو گۆڕانخوازان ئاهەنگی سەركەوتنی هەڵبژاردن لە كوردستان دەگێڕن

فۆتۆ: سامان حەمە كەریم

# پەیامی نەوشیروان مستەفا لەبارەی پرسی مادەی (١٤٠)ەوە



مادەی (١٤٠) لەپێشدا ناوی مادەی (٥٨) بوو لە قانوونی ئیدارەی دەوڵەتی عێراق کە لە زەمانی بریمەردا دانرابوو. یەکەم وەزارەت کە دروست بوو بە سەرۆکایەتی ئەیاد عەلاوی کوردێک جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بوو، چەند وەزیرێکیش لە کابینەکەدا هەبوو. کابینەکەی ئەیاد عەلاوی مادەی (٥٨) جێبەجێنەکردو بەجێیهێشت بۆ کابینەی ئیبراهیم جەعفەری، کابینەی ئیبراهیم جەعفەری کابینەیەک بوو کە ئەرکی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی لە ئەستۆدا بوو. کابینەیەک بوو ئەویش دیسانەوە جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کوردبوو، چەند وەزیرێکی کوردی تێدابوو. ماوەی ساڵێک زیاتر کابینەکەی ئەو حوکمی کرد، لە سەردەمی ئەویشدا مادەی (٥٨) جێبەجێنەکرا.

یەکێک لەو گلەییانەی کە کورد لە د.ئیبراهیم جەعفەری دەکرد لەسەر ئەوەبوو کە مادەی (٥٨)ی جێبەجێنەکردووە. کە ویستی جارێکی دیکە دابنرێتەوە بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، نوێنەرایەتی کورد لە بەغدا ئیعترازیان لەسەر ئەوە گرتو ویستیان ئەو بگۆڕن بە یەکێکی دیکە، بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئیعترازە د. ئیبراهیم جەعفەری خۆی هات بۆ کوردستان، لە سەلاحەدینو لە قەڵاچوالان زنجیرەیەک کۆبوونەوەی لەگەڵ هەردوو مەکتەبی سیاسی کرد. د.ئیبراهیم جەعفەری لە کۆبوونەوەی قەڵاچوالاندا کە منو ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتیشی تێدابوو، ئێستا سوپاس بۆ خوا هەموویان زیندوون وەکو شایەتی زیندوو، ئیبراهیم جەعفەری لەو کۆبوونەوەیەدا وتی: «من وەکو سەرۆک وەزیری عێراق، گەلێک ئەرکی گەورە گەورەم لەسەر شانە بەتایبەتی شەڕی قاعیدەو شەڕی ئیرهابو مەسەلەی ئابووریو مەسەلەی فڵانە ژماردی ئەو ئەرکانەی ئەو چییەو وتی من نامپەرژێتە سەر ئەوەی کە بڕۆم خەریکی جێبەجێکردنی مادەی (٥٨) بم، بەڵام چ ڕۆژێک وەزیرێک لە وەزیرەکانی خۆتان لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقدا ئەو باسەی کردووەتەوە، ئیسارەی ئەو مەوزوعەی کردووە، من ئیعتیزارم لەسەر کردبێ کە نابێ جێبەجێ بکرێتو وتی دەبوایە خۆتان داواتان بکردایە».

دوای ئەوەی کە ئیبراهیم جەعفەری دانەنرایەوە بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران. لە جێگەی ئەو نوری مالیکی دانرا. ئەو ڕێکەوتنەی لەنێوان لایەنی کوردیو لایەنی ئیئتیلافی شیعەدا کرا، یەکێک لە مەرجەکانی ئەوە بوو کە نوری مالیکی تا کۆتایی ساڵای (٢٠٠٧) مادەی (١٤٠)ی دەستووری عێراقی جێبەجێ بکات، بۆ ئەوە زەمان بەندی دانراوە، یەعنی جەدۆڵێکی زەمەنی دانرابوو کە لە سێ مانگی یەکەمو لە سێ مانگی دووەمو لە شەش مانگی کۆتاییدا چی بکرێ.

یەکێک لە بەندەکانی ڕێکەوتن لەگەڵ لیستی ئیئتلافی شیعە کە پێکەوە حکومەت دروستبکەن ئەوە بوو، هەر کاتێک وەزیرە کوردەکان لە وەزارەتەکەی نوری مالیکی بکشێنەوە ئەو وەزارەتە سقوت بکات، نوری مالیکی مەجبور بێت بڕواتەوە بۆ بەردەم پەرلەمانی عێراق سەرلەنوێ لە هەوڵی دروستکردنی کابینەیەکی تازەیدا بێت.

لە سەرەتای دامەزراندنی کابینەکەی نوری مالیکیەوە، تووشی کۆمەڵێک قەیرانی سیاسی بوو، هەندێک لەو لایەنانەی کە بەشداربوون لە کابینەکەدا، بەتایبەتی گروپی حیزبی ئەلفەزیلە، سەدرییەکان، تەوافوقو بەشێک لەمانە بەڕیز یەک لەدوای یەک لە کابینەکەی ئەو چوونە دەرەوە. ئەو زەمانە کابینەکەی نوری مالیکی تەنیا کوردو چەند وەزیرێکی دیکە مابوو بیپارێزێو لە زەعیفترین حاڵەتا بوو، کورد دەیتوانی هەڕەشەی لێبکات بۆ ئەوەی لە کابینەکەی دەکشێتەوە، چونکە بەکشانەوەی سەدرییەکان کابینەکەی ئەو نە دەڕوخا، بە کشانەوەی فەزیلەو تەوافوقیش نە دەڕوخا، چونکوم ئیتیفاقەکە وابوو بە کشانەوەی کورد کابینەکەی ئەو دەڕوخا. کورد دەیتوانی هەڕەشەی کشانەوەی لێبکات، دەبوو بە سەبەبی ئەوەی کە وەزارەتەکەی بڕوخێت.دەیانتوانی ئەوەوەکو گوشارێکی سیاسی بەکاربهێنن لەو کاتە بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) کە پەیوەندی بە ناوچە دابڕاوەکانی کوردستانەوە هەیە.

یەعنی لەمەدا من پێموایە کە نوێنەرایەتی کورد لە بەغدا لەو کاتەو پێش ساڵی (٢٠٠٧) کە کابینەکەی نوری مالیکی زۆر زەعیف بوو، نەیتوانیبوو نە لەڕووی سیاسیەوە، نە لەڕووی ئابووریەوە، نە لەڕووی عەسکەرییەوە کاروبارێکی ئەوتۆ ئەنجام بدات، مەوقیعی کورد لە بەرامبەر ئەوا بەهێز بوو، دەیتوانی ئەو کاتە زەختی لێبکات.

ئێستا کە هەندێک لایەن پڕوپاگەندە دەکەنو قسەی نابەجێ دەکەن سەبارەت بەوەی کە ئێمە پەیوەندی ژێر بەژێرمان هەیە، ئەسڵو ئەساسی نییە، ئەوە ڕاست نییە یەعنی حەتا ئەگەر پەیوەندیمان هەبێت، نوری مالیکی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقە کە لە حەقەتا ئێمە هیچ پەیوەندیەکمان نییە.

ئەوانەی کە خۆیان تەقسیریان هەبووە لە مەسەلەی جێبەجێکردنی مادە(١٤٠)، لەکاتی خۆیدا دەیانتوانی حکومەتی عێراق مەجبوربکەن کە جێبەجێی بکات. لەبەر کۆمەڵێک سەبەب جێبەجێیان نەکردووە لە سەرو هەموویانەوە لەبەرئەوەی کە کاتی خۆی نوری مالیکی تا ئەو کاتەی مادەی (١٤٠) ئیکسپایەربووەو تا کۆتای (٢٠٠٧) دەسەڵاتی ئیمزاکردنی گرێبەستی بازرگانی، گرێبەستی نەوتو هەندێک گرێبەستی لەو جۆرەی دابوو بە هەندێک لە کوردەکان لە موقابیلی ئەوەدا ئەوانیش چاوپۆشیان کرد، هەتا وەکو ماددەکە ئیکسپایەر بوو کە ماددەکەش ئیکسپایەر بوو هەموو ئەو دەسەڵاتانەی سەندەوە لەو کار بەدەستە کوردانەی کە لە بەغدا بوون، یەعنی ئێستا ئەوانە کە منەت بەسەر ئێمەوە دەکەن یاخود گلەیی لە ئێمە دەکەنو ڕەخنە لە ئێمە دەگرن دەبێت لە پێش هەموو شتێکدا ڕەخنە لە خۆیان بگرن.

## پێویستە مامۆستایانی ئایینیش هەنگاوێک بەرەو گۆڕان هەڵبگرن

**مەلا ئیدریس ژاڵەیی**

لێرەدا مەبەستم لەم ناونیشانە ئەوە نییە کە بڵێم با هەموو مامۆستایانی ئایینی بچنە ریزەکانی گۆڕانو دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن، هەروەها مەبەستیشم لە گۆڕان ئایدۆلۆژیا یان کۆمەڵێکی سیاسی نییە کە هەلگری ئەم دروشمە بن، گۆڕان ئەو حاڵەتو بەرەوپێشچوونە سروشتییەیە کە یەکێکە لە شوناسو ناسنامەی هەر کۆمەڵگەیەکی زیندوو لەم سەرزەمینەدا، یەکێک لە نزا هەمیشەییەکانی پێغەمبەریش (ص) داوای گۆڕانکاری بووە {اللهم یامحول الاحوال حول حالنا الى احسن الحال}،من بەحوکمی ئەوەی مامۆستای ئاینیم بە ئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم ئەم چەند دێڕە بنووسم، چونکە ئێستا سوپاس بۆ خودا هەموو چینو توێژەکانی گەلەکەمان هۆشیارەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئاستی ئەم هۆشیارییە بەرزدەبێتەوەو لەسایەی ئەم بارودۆخەشەوە ئەمڕۆ واقیعێکی زۆر دڵخۆشکەر هاتووەتە ئاراوە کە هەرگیز لە دوێنێ ناچێتو وادەبینم خۆری سبەینێش لە ئەمڕۆ زۆر پرشنگدارتربێت، مامۆستایانی ئاینیش بەحوکمی ئەوەی توێژێکی کاریگەرو گوێلێگیراوی ناو کۆمەڵگەکەمانن زۆر پێویستە راتەکانێک بەخۆیاندا بکەنو رازی نەبن سبەینێیان وەک ئەمڕۆ بێت، چونکە پێغەمبەر (ص) دەفەرموێت: {من استوى یوماة فهو مغبون}، من لەسەرەتای ڕاپەڕینەوە تەعامولم لەگەڵ مامۆستایەتیدا هەیەو قسەشم لە مامۆستایانی ئاینی دوای ڕاپەڕینەو سەرنجو تێبینیەکانیشم لەسەر ئەم سەردەمە دیاریکراوەیە، بەداخەوە زۆرینەی مامۆستایانی ئاینیش لەژێر کاریگەری پارچە پارچەبوونو دابەشبوونی لایەنە سیاسییەکاندا دابەشبوون، ئەمە یەکێتی زانایان، مەکتەبی تەنفیزی، ئەوی دیکەیان مەکتەبی زانایان مەکتەبی سکرتاریەت، یەکێتی زانایانی سەر بە دەسەڵاتی پارتی، ئەمیان سەر بەدەسەڵاتی یەکێتی، هەندێکیان مەکتەبی زانایانی سەر بە یەکگرتووی ئیسلامیو بەشێکیشیان نووسینگەی فتواو زانستە شەرعیەکانی بزووتنەوەو یەکبوونی ئیسلامیو چەندین ناوی دیکەی سەر بە گروپە توندڕەوەکان کە هەریەکەیان مینبەرو گۆڤارو زمانحاڵی خۆیان هەبووەو تاڕادەیەکی بەرچاویش پارێزگاریان لە سیاسەتی حیزبەکانیان کردووە کە لە پەنایاندا ژیاونو ئەشهەدوبیلایان بۆ کردوون، بێگومان ئەمە گەورەترین لەکەیە لە مێژووی سپیو خاوێنی مەلاو زانای ئاینیدا، کە لەپێناوی بەرژەوەندی حیزبیو دونیاییدا پارچە پارچە بوونو یەک دەنگو یەک هەڵوێست نەبوونو کارتێکراوبوون لەملاولەولاوە، چونکە ئەسڵ لە زاناو عولەما لە ئاینی ئیسلامداو لە بیرو فیکری زۆرینەی تاکی کوردیشدا ئەوەیە کە ئەوان لە ئاستێکی بەرزتری هەڵپەی حیزبایەتیدانو دەبێت کارتێکەرو گۆڕەری واقیعی نالەباربن، چاو لە خوارو چاو لە دەستی دەسەڵاتدارو کاربەدەستان نەبن، بە پارەو ئیمتیازات نەخەڵەتێن، هەق بێژو چاونەترس بن، بیروباوەڕی وابێت کە مردنو ژیان، ڕۆزیو گوزەران، تەنیا لەدەستی پەروەردگاردایە، پێویست ناکات خونکیو ماستاو بۆ کاربەدەستانی دونیایی بکات یان بەباڵای ئەو حیزبو فڵان کەسایەتیدا هەڵبدات سەر لەخەڵک بشێوێنێتو چەواشەکاری بکات، من دەڵێم مامۆستای ئاینی بەخۆشمەوە با سود لەم کرانەوەیەی ئەمڕۆو دەرس لە هەڵەکانی دوێنێمان وەربگرین، ئێمە لە ریزی میللەتو بە خەڵکەوە جوانین نەک بەدانیشتن لەگەڵ سەرۆکو کاربەدەستاندا، حەقە مامۆستایانی ئاینی ڕابەرایەتی شۆڕشی جەماوەری بکەن، لە سەنگەری پارێزگاری لە داخوازی مافەڕەواکانی گەلەکەماندا بین، نەبین بەداردەستی فەرمانڕەواو مەسئولەکان، با بلندگۆبین بۆ نوزەی هەژارو مافخوراوو بێ واسیتەکان، ئەو کاتە ئیتر میللەت بەچاوی سوک سەیرمان ناکەنو لەناو دلی ڕۆڵەکانی گەلەکەماندا دەبینو سەربەرزو ڕووسوری دونیاو قیامەت دەبین.

لە سەرەتای دامەزراندنی کابینەکەی نوری مالیکیەوە، تووشی کۆمەڵێک قەیرانی سیاسی بوو، هەندێک لەولایەنانەی کە بەشداربوون لە کابینەکەدا، بەتایبەتی گروپی حیزبی ئەلفەزیلە، سەدرییەکان، تەوافوقو بەشێک لەمانە بەڕیز یەک لەدوای یەک لە کابینەکەی ئەو چوونە دەرەوە. ئەو زەمانە کابینەکەی نوری مالیکی تەنیا کوردو چەند وەزیرێکی دیکە مابوو بیپارێزێو لە زەعیفترین حاڵەتا بوو، کورد دەیتوانی هەڕەشەی لێبکات بۆ ئەوەی لە کابینەکەی دەکشێتەوە، چونکوم بەکشانەوەی سەدرییەکان کابینەکەی ئەو نە دەڕوخا، بە کشانەوەی فەزیلەو تەوافوقیش نە دەڕوخا، چونکوم ئیتیفاقەکە وابوو بە کشانەوەی کورد کابینەکەی ئەو دەڕوخا. کورد دەیتوانی هەڕەشەی کشانەوەی لێبکات، دەبوو بە سەبەبی ئەوەی کە وەزارەتەکەی بڕوخێت. دەیانتوانی ئەوە وەکو گوشارێکی سیاسی بەکاربهێنن لەو کاتە بۆ جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) کە پەیوەندی بە ناوچە دابڕاوەکانی کوردستانەوە هەیە

# گـــــۆڕان لە هــــەولـــــێر

## ماموستا کۆچەر کاندیدی لیستی گۆڕان:

# جوتیارانی سنووری پارێزگای هەولێر دەنگ بە لیستەکەمان دەدەن

سازدانی: ئارام شێخ وەسانی
سامان بەشارەتی

**کاندیدی لیستی گۆڕان، ناتق نادر ئەحمەد (مامۆستا کۆچەر) دەرچـووی کۆلێژی پەروەردە بەشی ماتماتیک، سەرپەرشتیاری بنکەکانی ناوچەی بەرانەتی دەکات بۆ بانگەشەی هەڵبژاردنی لیستی گۆڕان.**

**بـەرەوگـۆڕان: بەڵێنی چی بەخەڵک دەدەیت ئەگەر بچیتە پەرلەمان؟**

* من وەک خۆم ئەگەر بچمە پەرلەمان کار بۆ خواستی جوتیاران دەکەم، بەهۆی ئـەوەی لە سنووری ناوچەی بەرانەتی ناوچەیەکە ڕێژەیەکی بەرچاوی جوتیار لە خۆدەگرێت، من دەمەوێت لە نیگای ئەو جوتیارانەوە کاربکەم بۆ هەموو جوتیاران، جوتیارانی ئێمە هەڕەشەیان لەسەرەو لە بارودۆخێکی دەرونـی ناجێگیردان، بنەماکانی بڕیارەکانی حکومەت بۆ جوتیاران بەبێ لێکۆڵینەوەیە، بەبێ ڕەچاوکردنی بارودۆخەکانە، هەر ڕۆژەو بیانویەک بە جوتیارە خاوەن زەویەکان دەگرن.

**بـەرەوگـۆڕان: پێتوایە لیستی گۆڕان دەتوانێت خواستی جوتیاران بەدیبهێنێت؟**

* بەدڵنیاییەوە لیستی گۆڕان تاکە لیستە کە جوتیاران دڵیان پێخۆش بێت، چونکە هەموو ئەو بڕیارانەی ئێستا دەدرێـن هیچیان لە بەرژەوەندیی جوتیاراندا نییە، تا ئێستا ڕێکخراوێکی جوتیارانی وامان نییە کە بەرگری لە مافی جوتیاران بکات، بەداخەوە ئەو ڕێکخراوەی کە هەیە کە بەناوی جوتیارانەوە ماوەی دوو ساڵە بووە بە کۆمپانیاو ئیشی ئەوەیە ئۆتۆمبێل بهێنێت لە دەرەوە بەناوی جوتیارانەوە، بەڵام ڕێژەیەکی زۆرزۆر کەمی ئەو ئۆتۆمبێلانە بۆ جوتیارانە، بۆیە من بەدڵنیاییەوە دەیڵێم نە حکومەت بەرگری لە جوتیار دەکاتو نە ڕێکخراوە پیشەییەکان، من دڵنیام کە لیستی گۆڕان تاکە لیستە بەرنامەی تایبەتی هەیە بەرامبەر بارودۆخی جوتیاران.

**بـەرەوگـۆڕان: لەناوچەی بەرانەتی هەوادارانی لیستی گۆڕان لە چ ئاستێکدایە؟**

* تائێستا پێنج بنکەمان کردووەتەوە، ئەو ناوچەیە لە ڕابردوودا تووشی ئازارێکی زۆر بووە خەڵکەکەی تووشی چەندان



نەهامەتی هاتووە، دڵنیام هەوادارێکی زۆرمان هەیە، خەڵکەکە زۆر بێزارە لەم دەسەڵاتەی کە هەیە، چونکە ئەگەر هەموو شوێنێک خزمەتکرابێت، دڵنیام بەرانەتی هیچ خزمەت نەکراوە، من خۆم دانیشتووی ئەو ناوچەیەمو لەناو ئازارەکانی خەڵکدام.

**بـەرەوگـۆڕان: پێتوایە لیستی گۆڕان دەتوانێت چی بۆ جوتیاران بکات لە پەرلەمان؟**

* من جوتیاران دڵنیادەکەمەوە کە ئەگەر ئێمە بچینە پەرلەمان بەپلەی یەکەم کار بۆئەوە دەکەین کە هیچ هەڕەشەیەک نەهێڵین لەسەر جوتیاران، چونکە من لە نزیکەوە لە بارودۆخەکە ئاگادارم جوتیاران لە ئێستادا کەسیان خۆیان بەخاوەنی زەوییەکانیان نازانن، ناتوانن گرنگی بە زەوییەکانیان بدەن، هەر ڕۆژەی بڕیارێکە، هەروەها لیستی گـۆڕان گرنگی زۆر بە کەرتی کشتوکاڵو جوتیاران دەدات، هەوڵدەدات ئەگەر چوونە پەرلەمان پێداویستییەکان بۆ جوتیاران دابین بکات، لە ئێستادا جوتیار تەنیا ناوە هیچ ناوەرۆکێکی نییە، ئێمە هەوڵدەدەین ئەو ناوەرۆکە بگەڕێنینەوە، داوا لە جوتیاران دەکەم ئەوە دوا دەرفەتەو دەنگ بە لیستی گۆڕان بدەن.

## شێخ جەنگی، لێپرسراوی پەیوەندییەکانی لیستی گۆڕان لە هەولێر:

# پێشبینی موفاجەئە دەکەم لە شاری هەولێر ئەگەر هەڵبژاردنەکە شەفافو پاک بێتو دووربێت لە خروقات

سازدانی: ئارا م شێخ وەسانی
سامان بەشارەتی

**بەرەوگۆڕان: تاچەند کردنەوەی ئەو هەموو بنکەیە بە پێویست دەزانن؟**

* کاتێک بینیمان پێشوازییەکی ئێجگار زۆر هەیە لە لیستی گۆڕان، خەڵکێکی زۆر هەیە بە پەرۆشە بۆ لیستەکەو لە زۆرینەی گەڕەکو شەقامەکان، بۆیە هەوڵماندا لەچەند گەڕەکێک بنکە بکەینەوە، ئێستا ژمارەی بنکەکان یانزە بنکەیە، تا ئێستاش بەردەوام خەڵک دێتە لامانو داوای کردنەوەی بنکەی زیاتر دەکەن، بەڵام ئێمە وامان پێباشە لەوە زیاتر بنکە نەکەینەوە.

**بەرەوگۆڕان: نەبوونی ئەو گەرموگوڕییەی هەڵبژاردن لە هەولێر بۆچی دەگێڕیتەوە، پێشوازی خەڵک چۆنە لە لیستی گۆڕان؟**

* خەڵکێکی یەکجار زۆر لە هەموو توێژەکان سەردانی بنکەکان دەکەن، پشتگیریی خۆیان نیشاندەدەن بۆ لیستی گـۆڕان، سەبارەت بە بێدەنگی شاری هەولێر من پێموایە خەڵکی شاری هەولێر هێشتا ترسێکی لەدلدا ماوە، بۆ نموونە ئەو ترسانە لەوانەیە ئەگەر کەسێک بە ئاشکرا بڵێت دەنگ دەدەم بە لیستی گۆڕان، لەوانەیە ئازاربدرێت، مووچەی ببڕدرێتن بانگبکرێت... شتی دیکەش، لە راستیدا ئەو شتانە هەیە ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری دروستکردووە بۆیە زۆرێـک لە هەوادارانی گۆڕان ئەوەیان دوپاتکردووەتەوە کە سەردانی بنکەکان ناکەن، بەڵام دەنگ بە لیستی گۆڕان دەدەین.

**بەرەوگۆڕان: ئێوە پەیوەندیتان چۆنە لەگەڵ لایەنە بەرپرسەکانی ئەم شارە کاتێک سەرپێچیەک ڕووبەڕووی لایەنگرانتان دەبێتەوە؟**

* لە ڕاستیدا بەرپرسەکانی شاری هەولێر چ ئاسایشو پۆلیس چ پارێزگا، بەڵینی ئەوەیان بە ئێمەدا کە هەڵسوکەوتێکی بێلایەنانە بنوێنن لەگەڵ ڕوداوەکـــان، لە ڕاستیدا لەسەرەتادا زۆر باشبوونو هاوکاریان کردوین، بەڵام لە دەرەوەی ئەوان هەوادارانی لیستی دەسەڵات بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراوە ماوەی دە ڕۆژێکە کەوتونەتە دڕاندنو لێکردنەوەی لافیتەو پۆستەرەکانی لیستی گـۆڕان، لەم کارەشدا ئێمە پۆلیسو ئاسایشمان ئاگادارکردووەتەوە، ئەوانیش بەدەنگمانەوە هاتوون، بەڵام هێشتا ئەو کەسانە بـەردەوامـنو واز لەو کارەیان ناهێنن، هەرچەندە ئـەوەی لە چەند ڕۆژی ڕابـردوو نیشاندرا بە بەرچاوی ئاسایشەوە پۆستەرەکانی گۆڕان لێدەکرێنەوە، بەڵام دیارە ئەوان تەوجیهێکی وایان پێدراوە کە لە هێزەکانی ئاسایشو پۆلیس نەترسن، ئەگەر نا هاوڵاتیەک



ئەگەر هێزێک لە پشتیەوە نەبێت ناتوانێت ئەو کارە بکات، هەرچەندە ئێمە تێگەیشتنیشمان بۆ ئەو حاڵەتە هەیە کە هێزەکانی ئاسایشو پۆلیس سۆزیان بۆ پارتی هەیە لەم شارە، بەڵام زۆر خۆشتربوو بێلایەنانە کار بکەن، بۆئەو مەبەستەش من واهەستدەکەم ئەگەر ئەوان بێلایەن بوونایە دەیانتوانی ئیجرائات بکەن.

**بەرەوگۆڕان: هەست دەکەیت ئەو دژایەتیە بۆچی بگەڕێتەوە؟**

* لە ڕاستیدا لیستی گـۆڕان بـەردەوام لە تەشەنەسەندندایەو هـەوادارانـی بـەردەوام پەیوەندی دەکەن لە هەموو توێژەکان، ئەمەش تاڕادەیەک نیگەرانیو سەرسامی لای لیستەکانی دیکە دروستکردووە، بەتایبەتی لیستی دەسەڵات، بەو هۆیەشەوە هەندێک لە ئەوان نەگەیشتونەتە ئەو ئاستەی خەڵکی دی قبولبکەن، بۆیە من پێشبینی دەکەم دوای هەڵبژاردن ئەو گرژیانەش کۆتایی پێبێت.

**بـەرەوگـۆڕان: پێشبینیتان چیە بۆ شاری هەولێر؟هەست دەکەن موفاجەئە دروستدەبێت؟**

* ئێمە ناتوانین پێشبینییەکی دیاریکراو بکەین، بـەڵام دڵنیاین کە ڕێژەیەکی زۆر لایەنگرمان هەیە، من پێشبینی موفاجەئە دەکەم لە شاری هەولێر، ئەگەر هەڵبژاردنەکە شەفافو پاک بێتو دووربێت لە خروقات.

# هــــەولێر بە بێدەنگـــــی تۆڵەی خـــــۆی دەکاتەوە

سازدانی: ئارام شێخ وەسانی
سامان بەشارەتی

**وەسفی عەزیز عەلی (چالاکی مهندس) دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری. لێپرسراوی بنکەی نەورۆزە لەشاری هەولێر، لەم دیدارە کورتەدا باس لە پێشوازی خەڵکی هەولێر بۆ لیستەکەیان دەکاتو ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە لیستی گۆڕان لە هەولێر ژمارەیەکی باش کورسی مسۆگەر دەکات.**

**بەرەوگۆڕان: لیستی گۆڕان لە سنووری بنکەی نەورۆز چۆنە؟**

* ئەو بنکەی ئێمە کاری تێدا دەکەین زیاتر ناوچەیەکی میللیە، گەڕەکە میللیەکانی هەولێرن، وەک کوڕانو ئازادیو زانیاریو چەند گەڕەکێکی دیکە، بەدەنگەوەهاتنی خەڵک بۆ لیستی گۆڕان لەسەرو پیشبینیەکانەوە بووە، بێگومان هۆکار هەیە کە ئەو گەڕەکانە خزمەت نەکراون، ئەو خەڵکانە لە چینی هەژارن، بەڵام حکومەت ئاوڕێکی جدی لەو خەڵکانە نەداوەتەوە، ئەمەش وایکردووە کە خەڵک نارازی بێتو داوای گۆڕان بکەن، چونکە بەشێوەیەکی بەرفراوان خزمەتکردنی چینی هەژاران پشتگوێ خراوە، هۆکارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەرنامە تێروتەسەلەی هەمانە بۆ باشکردنی ژیانی هەموو تاکەکان، گۆڕان لەناو هەموو میللەتێکی زیندوودا هەیە، ئەگەر مرۆڤ خۆی نەگۆڕێت ناتوانێت بژی، گۆڕان پێویستییەکی ژیانە، بۆ کۆمەڵگەی ئێمەش گۆڕان زۆر پێویستە ئێمەش بووین بە هۆکارێک بۆ ویستی خەڵک.

من وەک هەولێریەک پێموایە هەولێر تایبەتمەندیی خۆی هەیە، خەڵکی هەولێر بە بێدەنگی تۆڵەی خۆی دەکاتەوە، لەسەر سندوق دەزانی دەنگ بەکێ دەدات، خەڵکەکە وا هەست دەکات پێویست بەوە ناکات بێتە شەقامەکان، کاریگەریەک لەسەر خەڵکەکەی کە وایکردووە بەوجۆرە بێت، کاریگەری شەڕی ناوخۆ بووە، کە جێگەی سەرەکی ململانێکان بووە، ئەمەش وای لەخەڵک کردووە کە هەستیار بیربکەنەوە، بەڵام دڵنیام لەسەر سندوقی دەنگدان ئەو پڕییەی خۆیان بەتاڵ دەکەنەوەو دەنگ بە لیستی گۆڕان دەدەن.



# ـــۆڕان لە بیتوێن‌و پشدەر



عەبدوڵڵا محەمەد ئەمین خدر

کێشەکانی ئەو سنورە خۆی لەزۆر بواردا دەبینێتەوە، وەک: کەمی خزمەتگوزاریی، کێشەی بێ تاپۆیی خانووەکانی ناوچەکە، کەمیی ئاوی خواردنەوە، ڕێکنەخستنی خاڵە سنورییەکان‌و لا لێنەکردنەوە لە گوندنشینەکان، ئەم کێشانەش لەساڵانی ڕابردووە کەڵەکەبوون بەسەر ناوچەکەدا



ڤیان عەبدولڕەحیم عەبدوڵا

لەماوەی (١٨) ساڵی حوکمڕانی ڕابردوودا خەڵکی ناوچەکەو گوندنشینەکان پشتگوێ خراون کە لانکەی شۆڕش‌و پێشمەرگە بوون، زۆربەی ئەو گوندانەی سەردانمان کردوون لەخزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەک ئاوو ڕێگاوبان‌و نەخۆشخانەو قوتابخانەو پێویستیەکانی گەنجان‌و لاوان بێبەشن



دیمەنێک لە ناو بازاڕی قەڵادزێ فۆتۆ: دلێر عەبدولخالق

## ـماوەر دەخەنەڕوو

ـۆرانن لە سنوری قەزای ڕانیە. جەعفەر عەلی ڕەسوڵ لەساڵی (١٩٦٥) لەدایکبوە،
ـاسۆنالیزمی کوردی وەرگرتوە، لەساڵی (٢٠٠٤)ەوە وەک ڕاگری کۆلێژی زانستە
ـلەبەشی مێژووی کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتیەکانی زانکۆی کۆیە، بەدەستیهێناوە.
ـ (١٩٧٢) لە ڕانیە لەدایکبوەو دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی زانکۆی
ـردەی وەرزشی ڕانیەیە.
ـی ساڵی (٢٠٠٦) ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە زیاتر لە (١٨٦) هەزار کەس بوەو
ـوکاڵییەو لە ڕووی سەرچاوەی ئاوەوە لە هەردوو بواری ئاوی سەر زەوی و ئاوی
ـچەکەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا بەپێی پێویست‌و دوای ١٨ ساڵ لە دەسەڵاتی یەکێتی
ـت‌و لایەنیکەم کێشەی کەم ئاوی لە سنوورەکەدا پێ چارەسەر بکەن.
ـستی ئاویان تێدا دروست بکرێت، کە بۆ بەراوکردنی زەوییە کشتوکاڵییەکان‌و
ـۆی کەمتەرخەمی حکومەت و بێ پلانی وەزارەتە تایبەتمەندییەکان لەو بوارەدا

ـرمانی دەزانین لە ئایندە و بەپێی پلانی زانستی و بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی
ـی کشتوکاڵی و ئاودێری بدەین و هاوکار و هاوخەمی جوتیاران و بەرەوپێشبردنی

ـیشەسازی‌و گەشتوگوزاری دەکەنەوەو دەڵێن:«لە بواری گەشت و گوزاریشدا
ـپکان وەربگیرێت، بۆیە بەپێویستی دەزانین گرنگی ئەم کەرتە ئابوورییە بە وردی
ـەرنامەیەکی هاوچەرخانە ببێتە هاندەرێکی گرنگ بۆ دابینکردن و پەرەپێدانی بنەما
ـ پیشەسازیانە لە سنوورەکەدا دابمەزرێنین، کە کەرەسە خاوەکەی بە شێوەیەکی
ـت، بۆ نموونە وەک کارگەی بەروبوومی سپیەمەنی، کە ناوچەکە لە ڕووی سامانی
ـرێتەوە بەو هەموو کارگەی بلۆک و کاشی و بۆڕی کۆنکرێتی و قیر و شۆراوەی
ـپلانێکی زانستی بۆیان دیاری دەکرێت».
ـوە دەکات هەوڵی جددی دەدەین بۆ سەربەخۆکردنی ئەو بوارەو ڕزگارکردنی لە
ـیەش وەک ناوچە: لەو ناوچانەیە کە بەتەواوی فەرامۆشکراوەو لەو ڕووەشەوە
ـەزا بوە خەڵکەکەی خۆپیشاندانیان کردووە دژی کەمی خزمەتگوزاری لە مانگی

ـرچێوەی کارنامەی لیستی گۆڕاندا بەرنامەی خۆیان هەیەو بەپێی نەخشەو پلانی
ـوستی‌و ئاوو ئاوەڕۆ و ڕێگەوبان‌و بایەخدان بە منداڵان و گەنجان و بە ساڵاچوان،
ـشەو پلانی وردو زانستی کار بۆ چارەسەرکردن یان لایەنیکەم کەمکردنەوەی کەم
ـ ئەمەش وەکو ئەرکی سەرشانمان دەبینین نەک منەتکردن بەسەر خەڵکەوە».
ـی دەچنە ناو پارلەمانەوە زیاتر لە خەڵکی ناوچەکەیان نزیکتردەبنەوە، تا بتوانین
ـدا تێبگەین، تێگەیشتیشیان لە نێوپارلەماندا ڕاستگۆیانەو بە جورئەتەوە داکۆکیان

ـی ڕانیەو دەوروبەری‌و هاونیشتمانیانیان دەدەن، هەرکاتێک کورسییەکانیان بۆ
ـ بەرژەوەندییە گشتییەکان‌و پیرۆزییەکانی نیشتمان‌و نەتەوە کرد، ئەگەر شەرێکی
ـوان لە بەرانبەر یاسا و دابەشکردنی داهات و سامانی گشتی ئەو وڵاتە نەکرد،
ـبن‌و لەئیشوکارەکانمان بپرسنەوە.

ـیدی هەیە، یەکێکیان کچی شەهیدەو ئەوی تریش یەکێکە لەچالاکوانانی کۆمەڵی

ـچووی کۆلێژی یاسای زانکۆی سلێمانییەو لەساڵی (٢٠٠٣)ەوە لەدەزگای شەهیدان
ـەهیدانی کیمیاباران بوەو دواجار ئەندامی لیژنەی بڕیاردان بوە لە بەڕێوەبەرایەتی
ـوڵڵا محەمەدئەمین خدر)ە، کە لەدایکبوونی (١٩٨٢) قەڵادزێیەو پیشەی پارێزەرە،

ـشدەر بەناو قەزاو ناحیەو گوندەکانی سنورەکاندا گەڕاون‌و لەنزیکەوە لەکێشەو
ـان: « ناوچەی پشدەر هەمیشە لانکەی شۆڕشەکان بوە، بەڵام بەداخەوە ناوچەکە
ـکان بێبەشن، بۆیە خەڵکەکەی زۆر نارازین، لەو کاتەی ئێمەش متمانەی ئەو خەڵکە
ـواستی ئەو جەماوەرە دەگەیەننە پەرلەمان‌و هەر شتێک لەبەرژەوەندی میللەتەکەو
ـرداره‌کانیاندا».
ـی سنورییەو گرنگی زۆری هەیە لەڕووی بازرگانیەوە، جگەلەوەی ناوچەیەکی
ـکشتوکاڵ‌و ئاژەڵداری، لەباشوری قەزاکەشەوە ئاوی زێی بچوک پێدا تێدەپەڕیت،
ـهاتی کشتوکاڵ‌و بژێوی ژیانی گوندنشینەکان زۆر هاتۆتە خوارەوە. لەهەڵبژاردنی
ـی ئەو قەزایە دەنگدەدات.
ـ) ساڵی حوکمڕانی ڕابردوودا خەڵکی ناوچەکەو گوندنشینەکان پشتگوێ خراون
ـلەخزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی وەک ئاوو ڕێگاوبان‌و نەخۆشخانەو قوتابخانەو
ـە (٦٥) گوندی لەسەرە ناوچەیەکی گرنگی کشتوکاڵی‌و ئاژەڵدارین کەلەسەردەمی
ـاو بۆ کەرتەکانی کشتوکاڵ‌و پشتگوێخستنی گوندەکان، ئەو پرۆژەی ئاودێرییەی

ـرەکە دەکات دەڵێت: « کێشەکانی ئەو سنورە خۆی لەزۆر بواردا دەبیننەوە، وەک
ـردنەوە، ڕێکنەخستنی خاڵە سنورییەکان‌و لا لێنەکردنەوە لە گوندنشینەکان، ئەم

ـساو ڕێساکانی ئەنجومەنی وەزیران‌و لایەنی بەرپری.
ـسێکی زۆر لەگوندەکانی سنورەکە بەهۆی بۆردومانی تورکیاو ئێران ئاوارەبوون‌و

ـاوکردنی زەوییەکان‌و بوژانەوەی کەرتی کشتوکاڵی‌و دروستکردنی سایلۆ بۆ

ـن هیچ کەس‌و لایەنێک.
ـی پشتگوێ خراون.
ـ لێدەبیندرێت.
ـرە کەموکورتیەکان بگەیەننە پەرلەمان پابەندبن بە پەیام‌و بەرنامەی لیستی گۆڕان،
ـک ڕاستگۆبن لەبەڵێن دان‌و هاوسەنگی بکەم لەنێوان گوتەو کرداردا، بەپێی توانا
ـنەی هەیانە بۆیان بکەین بە واقع.

گـــۆران لە دیدی شاعیران و هەوادارانییەوە

## گۆران چییە؟

پیاوێکی ریش سپی گۆچان بەدەستم بینی وتم خاڵە گیان
گۆران چییە؟
وتی گۆران مۆمێکی پرشنگدارە لە ماڵە تاریکەکانی
کوردستاندا دەدرەوشێتەوە.
لە منداڵێکی چاو بە گریانی شەهیدم پرسی وتم گۆڕان
چییە؟ وتی گۆران تیشکی دیدەی چاوانی ئێمەیە.
لە کرێکارێکی چەوساوەی ماندوو نەناسم پرسی وتم گۆڕان
چییە؟ وتی گۆران باسکو بازوی ئێمەیە.
لە ئەمین زەکی بەگی نووسەری گەورەی کوردم پرسی؟
وتی رۆڵە گۆران ئەو مۆمەیە کە من لەبەر تیشکەکەی
دادەنیشمو مێژووی کورد دەنووسمەوە.
لە پیرەمێردی شاعیری گەورەم پرسیو وتم ئەی شاعیرو
فەیلەسوفی کورد گۆڕان چییە؟ وتی کورم گۆران ئەو مۆمە
پیرۆزەیە کە تیشکەکانی گۆرانە، گۆڕانە، گۆرانمان پیرۆز
سەرکەوتنمان نزیکە مژدەبێ لە گەلو هۆز.
گۆرانە.. گۆرانی هەتا هەتایی
با خوێنی شەهیدانی کوردستان نەڕوات بە خۆڕایی
منداڵانی کوردم فرمێسکەکانت بسڕەو با گریان کۆتایی بێت
گۆرانی سەرتاسەرییەو با چاوەکانت تێر خەو بێت
دایکی شەهیدی وڵاتم ئەی دایکی جگەر سوتاو
با مۆمی گۆڕان لە ماڵەکانتانا بدرەوشێتەوە وەک تیشکی
هەتاو
کرێکاران.. جوتیاران ماندوو نەناسانی کۆڵنەدەر
دەنگ بدە بە لیستی گۆران با وڵات لەم نەهامەتییە بێتەدەر
ئەنفال کراوەکانم ئەی ئەوانەی خوێنتان رژاوە لە ناحەق
بە کەسوکارت رابگەیەنە دەنگبدات بە لیستی حەق
هۆ هەڵەبجەم هەڵەبجەی شەهید هەڵەبجەی کۆست کەوتوو
لیستی گۆڕانە لە پێناوی تۆدا هەوڵدەدات بێئەوەی بێ
ماندوو
هۆ هەولێرم هەولێر.. ئەی قەڵای دێرینم
گۆران بەرێوەیە تۆ کەی دێی بەرەوپیرم
هۆ گەرمیانم.. کەرکوکم، کەرکوکی گڕو کڵپە
گۆران دەستیپێکرد تۆش بکە هەڵپە
هۆ بادینان.. بادینان، ئەی بادینانی قارەمان
گۆران دەستپێکرد تۆش وەرە مەیدان

**سامان**



## دەمانەوێ

دەمانەوێ مافی ژیان بەدەست بێنین
دەمانەوێ رەگ و ریشەی خۆپەرستی لەبن
بێنین
دەمانەوێ رەزو باغی دێهاتەکان تێر ئاو بکەین
دەمانەوێ زەوی دێمی جوتیارەکان بەراو بکەین
دەمانەوێ لافاوی رەش ماڵەکانمان نەروخێنێ
دەمانەوێ رەشەبایەک گوڵەکانمان نەوەرێنێ
دەمانەوێ چاوی گەشی نەوەکانمان
پرشنگداربن
دەمانەوێ کاربەدەستان بۆ ئاینده بەئاگابن
دەمانەوێ خۆراکی گەل لەدەم گەندەڵ قوتار
بکەین
دەمانەوێ گەنجەکانمان لە بێکاری رزگار بکەین

**لوقمان چاورەش**

## گۆڕان

ئە مرو روژی گورانــــــــــــــــه
ئاسانه و بە دە نگ دانــــــــــــــه
دە نگ مە دە بە خورایــــــــــــــی
بێ بیلان و روناهــــــــــــــی
****
زاخو هە تا مە ندە لــــــــــــــی
لە بە ر بونی گە ندە لــــــــــــــی
کە س باوە ری بو نە مــــــــــــــا
گوران ئومیدا هـــــه مـــــــــــــا
****
وا گوران بە ریوە یــــــــــــــه
لسته ک بە ئە زمون هە یــــــــــــــه
شورە ش گیرو قارە مـــــــــــــان
خاوە نین لستــــــــــــــا گوران
****
گە ر دە نک مە دە ی بو گـــــــــــــوران
بووت نییە پاشی دە نـــــــــــــگ دان
لە بە ر ما نی گە ندە لــــــــــــــی
ل خە ما پر کە ی دلــــــــــــــی
****
ئە مرو روژی دە نگ دانــــــــــــــه
سە ر دە م دە می گورانــــــــــــــه
بو شە هیدین قارە مـــــــــــــان
نوی بکە ین سوزو پە یمـــــــــــــان
****
پیکە وە بە رە و گـــــــــــــوران
شورە شە ک بێ رلوە ستـــــــــــــان
تا یاسا چێ گیرنە بیــــــــــــــت
زورداری دێ هە ر هە بیــــــــــــــت

## ئەگەر ئەتەوێ ژین بگۆڕێ

وڵات سەرکەوێو میللەت نەدۆڕێ
دەنگ بەهەق بدە بۆ سەرفرازی
ویژدان ئاسودەو دڵ بکە رازی
ئەگەر ئەتەوێ هەموو چوون برا
بۆ شەو تاری ژین ببینە چرا
ئەوا دەنگ بدە بەلیستی گۆران
تاکو کوردستان دووربێ لە دۆران
ئەگەر ئەتەوێ ژیان بەهاربێ
لە پێشکەوتنا گوندت وەک شاربێ
برۆ رێکەوە زۆر بە وریایی
دەنگی خۆت بدە بە دلنیایی
ئەگەر ئەتەوێ وڵات ئاوەدان بێ...
دەنگ بدە بەلیستی گۆران
تا کۆرپە دەروون پڕکا لە قاقا
دایک بۆ کوری بێ بەساقە
پەروەردەی بکا لە کۆشی ژینا
بۆ گوزەرانی خۆش، لە ئەوینا
ئەگەر عاقڵی ئەبێ بزانی
هیچ بەرهەم نایە، بە چاوەڕوانی
ئەگەر ئەتەوێ وڵات سەرکەوێ
خۆری ئازادی گەلم دەرکەوێ
ئەگەر ئەتەوێ نەدۆرێ وڵات
ببەخشە بەخاڵ خوێنت وەک خەڵات
چۆن هەوا بۆ ژین بۆ لەش پێویستە
سەرکەوتنی گەل بەڵگە نەویستە
ئیتر تۆ خۆتو ویژدانو شیرت
بەو پەنجەو دەنگەت بهاوە تیرت
بەس لەوە زیاتر بکە چاوەڕوان
بەوپەڕی وره بچۆ بۆ دەنگدان
چی لە گەندەڵ چی چاوەڕوان دەکەی
بۆچی لەبرسی داوای خوان دەکەی
بەهەشتەکەی من ئێستا وێرانە
هەوڵدانی ئەو هەر بۆ گیرفانە
خەڵکی بەدەستو پەنجەو دەنگدانی
وڵات سەرئەخا بە تێکۆشانی
هەوڵی بەردەوام بۆ ئاوەدانی
هەژار ئەمرۆژەی بە بەرهەم هانی
بۆیە هەموو دەنگ.. دەدەین بە گۆران
تا رزگاری بێ گەلو نیشتمان
بۆیە دەبینم وا خۆری دەم گەل
هەڵاتو تیشکی پەخشان کرد بۆ گەل

## دڵشاد حسێن، کاندیدی لیستی گۆڕان لە دەربەندیخان: لیستی گۆڕان کاریگەریی زۆر ئیجابی هەبووەو توانیومانە دۆخی وەستاوی سیاسی بشڵەقێنین

ئا: سەنگەر جەمال



**دڵشاد حسێن، کاندیدی لیستی گۆڕانو نوێنەری دەربەندیخان، ئاماژە بە پێویستی گۆڕانو کەمیی خزمەتگوزارییەکان دەکات، هەروەک پێیوایە لیستی گۆڕان لە رووی کۆمەڵێک کاری خزمەتگوزارییەوە کاریگەریی راستەقینەو گەورەی هەبووە لە گۆڕانی ئەدای سیاسیو حکومییو خەڵکداو «لیستی گۆڕان لەم هەڵبژاردنەدا کاریگەریی زۆر ئیجابی لە بەرەوپێشچوونی ژیانی سیاسی لە کوردستاندا هەبووەو توانیومانە فەزای دۆخی وەستاوی سیاسی بشڵەقێنین، جگە لەوەش دەسەڵاتی سیاسی حسابی بۆ میللەتو خەڵک نەکردبوو، بەڵام ئێستا هاتووەتە ژێر باری ئەوەی بە پەلەپروزێ خزمەتی خەڵک بکاتو پەنا بۆ خەڵک ببات تا دەنگی بۆ بدات».**

**بەرەوگۆڕان: بۆ خۆت لە لیستی گۆڕاندا کاندید کرد، ئایا سیستمی سیاسی پێویستی بە گۆڕانە؟**

* بەڵێ، بڕوای تەواوم بە لیستی گۆڕان هەیە، بەو مانایەی کە گۆڕان حاڵەتێکی پێویستە بۆ ئەو دۆخە سیاسییەی ئێستا کوردستانی تێکەوتووە لە رووی سیاسیو ئیداریو خزمەتگوزارییەوە، کە سیاسەتێکی زۆر چەقبەستووەو ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمەی لە ئاستێکدا وەستاندووەو ژیانی ئێمەی دابەشکردووە بە نوخبەیەکی سیاسی نائاسایی لەگەڵ ژیانی خەڵک بە نائاسایی، ئەوانە هەمووی وایلێکردم کە لە لیستی گۆڕان بتوانم کار بکەم کە بڕوام وایە هەموو شتێک قابیل بە گۆڕانەو دەبێت بگۆڕدرێت، گۆڕان دەبێت، بەردەوام بێت ئەمەش سەرەتایەکە بۆ گۆڕان.

**بەرەوگۆڕان: پێتوایە بارودۆخی سیاسیو کۆمەڵایەتی بە هەموو کایەکانی ژیانەوە لەوە دەرچووبێت ریفۆرمو چاکسازیی تێدا بکرێتو پێویستی بە گۆڕان بێت؟**

* بەڵێ، چونکە هەموو ئاماژەکان بۆ ئەوەن، کە ئێمە لە هەرێمێکدا دەژین ناوی کوردستانەو لە عێراقدایە، ئاماژەکان بەو ئاراستەیەن کە بارودۆخەکە لە رووی ئەمنییەوە بەرەو باشبوونە، لە بارەی دانانی دەوڵەتی یاساوە بەرەو باشبوون دەچین، لەسەر هەرێمی کوردستانەوە هەرەشەیەکی وا نەماوە، کە ناوی بنێین هەرەشە، بەڵام ململانێ ماوەو لەو ململانێیەش بەردەوام دەبین کە رەنگە بۆ چەندین ساڵی دیکە کۆتایی نەیەتو بەردەوام بێت.

ئاستی ژیان لە جیهاندا زۆر چووەتە پێشەوە، بەڵام بەداخەوە هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەو ئاستەدا نەچووەتە پێشەوەو بڕوام وایە زەمینەی گۆڕان جیهانو ناوچەکەی گرتووەتەوەو دەبێت هەرێمی کوردستانیش بەشێکبێت لەو پرۆسەیە، کە پێموایە ئێستا باشترین کاتە بۆ ئەوەی دەست بە گۆڕان بکەین.

**بەرەوگۆڕان: لەژێر ناوی گۆڕاندا کار دەکەن، لەو بڕوایەدای بتوانن ئەم سیستەمو بارودۆخە بگۆڕن، کە رەخنەتان لێی هەیەو پێتانوایە پێویستی بە گۆڕانە؟**

* هێشتا هەڵبژاردن نەکراوەو پرۆسەکە کۆتایی نەهاتووە، بەڵام بەدڵنیاییەوە دەیڵێم لە رووی کۆمەڵێک کاری خزمەتگوزارییەوە لیستی گۆڕان کاریگەریی راستەقینەو گەورەی هەبووە لە گۆڕانی ئەدای سیاسیو حکومیو خەڵکدا.

پێشموایە کە ئەو گۆڕانانە هەنگاو بە هەنگاو دەکرێت ناڵێم بە شەوورۆژێک یا بە پرۆسەیەکی هەڵبژاردن دەکرێت، بەڵام بڕوام وایە لیستی گۆڕان لەم هەڵبژاردنەدا، کە بێتە مەیدان ئەگەر چ دەسەڵات بگرێتە دەست کە هیوامان وایە، یا ببێت بە بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆن دەتوانێت کاریگەریی زۆر ئیجابی لە بەرەوپێشچوونی ژیانی سیاسی لە کوردستاندا بکات.

**بەرەوگۆڕان: کەواتە پێتوایە لە سەرەتای ئیعلانکردنی لیستەکەتانەوە کاریگەریتان لەسەر دەسەڵات هەبووەو توانیوتانە بەشێک لە ئامانجەکانتان بپێکن؟**

* بەڵێ، لە ئێستاوە دەرئەنجامی هەبووە، بەوەی کە دەسەڵاتی سیاسی تائێستا حسابی بۆ میللەتو خەڵک نەکردووە، بەڵام ئێستا لەژێر هێزی ململانێی لیستی گۆڕاندا هاتووەتە ژێر باری ئەوەی بە هەرشێوەیەکو بە پەلەپروزێ خزمەتی خەڵک بکاتو بێتە ژێر باری خەڵک، ئەگەر سەیر بکەیت کۆمەڵێک بەرپرس هەبوون پێشتر بە چەند پرسگەیەک پێی نەدەگەیشتیت، بەڵام ئێستا ئامادەیە بێتەماڵێکەوەو پەنا بۆ خەڵک ببات تا دەنگی بۆ بدات.

ئەوە ئەگەر لیستی گۆڕان نەبووایە دڵنیام، هەروەک جاران لەسەرەوە دادەنیشتنو خەڵکی هەژار بە ئاسانی پێیان نەدەگەیشتن، لەبەر ئەوە هەر بە ئیعلانکردنی خۆمان توانیومانە فەزای دۆخی وەستاوی سیاسی بشڵەقێنین، جا ئەگەر ئەو هێزە بەردەوام بێت وا دەکات، کە دەسەڵات بەسەر پەنجەی خەڵکەوە بێت نەک وەک ئێستا خەڵک بەسەر پەنجەی دەسەڵاتەوە بێت.

**بەرەوگۆڕان: وەک هونەرمەندێکو نوێنەری دەربەندیخان چ نامەو پەیامێکت بۆ خەڵکی سنوورەکەت هەیەو ئەگەر چوویتە پەرلەمان چییان بۆ دەکەیت؟**

* ئەوەی جەختی لەسەر دەکەمەوە لە دوو ئاستدایە، لە بواری هونەردا بە هەموو بەشەکانیەوە لەسەر ئاستی کوردستان بتوانین کارێکی وا بکەین، کە هونەرو هونەرمەندان ئەو مەکانەیە وەرگرنەوە کە لە جیهاندا هەیانەو رێخۆشکەربین بۆ هونەرمەندان کە دەستکراوەبنو بتوانن داهێنان بکەن.

لەئاستیناوچەییشدابەنیازمپێداگریبکەمو کار بکەم بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ خەڵکی دەربەندیخان، چونکە شارێکە مەحرومە لە چەند شتێکی سەرەتایی کە یەکێکیان ئاوی خواردنەوەیەو ئاوێکی ژەهراویمان هەیە لە کاتێکدا، کە خۆمان لەپاڵ بەحرێک ئاودایـن، لە بواری رێگەوبانیشدا تائێستا رۆژانەو مانگانە چەندین کەس دەبنە قوربانی رووداوەکانی هاتوچۆو گیانلەدەستدەدەن لەسەر رێگەکانی (سلێمانی–دەربەندیخان–کەلار)،بەڵام تائێستا نەکراونەتە دووساید، جگە لەوە ئێمە لەپاڵ یەکێک لە گەورەترین وێستگەکانی کارەبادایـن، بەڵام کارەبایەکی پچڕپچڕمان هەیە.

گەڕەکمان هەیە ئاوەڕۆی نییە یان بستێکی قیر نییە، لادێمان هەیە بەرەو چۆڵبوون دەڕوات، بۆیە هیوادارام لە ئاستی ناوچەییدا ئەو کێشانەش چارەسەر بکەین.

**بەرەوگۆڕان: کەواتە پێتوایە دەسەڵات کاریگەریی خراپی هەبووە لەسەر هونەرو هونەرمەندان؟**

* دەسەڵات داهێنانی هونەری خنکاندووە، ئێمە ساڵانە چەندەها کەس زیادمان کردووە، بەڵام حکومەت تائێستا نەیتوانیوە دوو هۆڵی شانۆ دروستبکات، تائێستا هۆڵی شانۆی شارو ستۆدیۆی میوزیکو سینەمای مۆدێرنمان نییە، حکومەت لەسەر ئەوە کاری کردووە، کە پارەی بداتێو بێدەنگی بکات، نەک لەسەر ئەوەی وەکو ماف بودجەی بداتێو کارو داهێنانی هونەری بکات.

بڕوام هەیەو پشتگیری لەوە دەکەم کە هونەرمەند مەکانەی خۆی وەرگرێتەوە کە مەکانەیەکی پرشنگدارە بەشێوەیەک کە جێدەستی هونەرمەندێک کەمتر نییە لە جێدەستی سیاسییەک لە پرۆسەی کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگەیە، بۆ گەڕاندنەوەی ئەوەش پێویستە بەشێک لە بودجە تەرخان بکرێت بۆ دابینکردنی ژیانی هونەرمەندانو فەزای هونەریو کاری هونەری.

دەبێت سیستمێک دروست بکەین هونەرمەند بتوانێت لەسەر کاری هونەری خۆی بژیو رۆحییەتی هونەرمەند بژیەنێتەوە، بەشێوەیەک کە هونەرمەند پێویستی بە هیچ حیزبو لایەنێک نەبێت بیژیەنێت.

> **لە ئاستی ناوچەییشدا بەنیازم پێداگری بکەمو کار بکەم بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ خەڵکی دەربەندیخان**

> **دەبێت هونەرمەند بتوانێت لەسەر کاری هونەری خۆی بژی، بەشێوەیەک پێویستی بە هیچ حیزبو لایەنێک نەبێت بیژیەنێت**

**دڵشاد حسێن قادر**
**ساڵی (١٩٦٩) لەدایکبووە**
**دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانە لە سلێمانی**
**دەرچووی خولی یەک ساڵی سینەمایە لە سویسرا**
**نووسەرو شانۆکارە**

## هێمن فەرید، کاندیدی لیستی گۆڕان لە هەولێرو نوێنەری وەرزشکاران: لە پەرلەمان لیژنەیەک بۆ داکۆکی لە وەرزشکاران دروستدەبێت

ئا: سامانو ئارام

**بەرەوگۆڕان: وەک کاندیدێکی گەنج لە لیستی گۆڕان بەرنامەتان چیە بۆ گەنجان؟**

* وەک دەزانن گەنجان رێژەی زۆری رەنگدەرانو چینی چالاکی گۆمەڵگەو یەکلاکەرەوەی هاوکێشەکانن، بۆیە هەوڵدەدەین ئەو فەرامۆشیەی گەنج وەستێنین، جارێکی دیکە بێین گەنج بەشداری پێبکەینەوە لە پرۆسەی سیاسیو کۆمەڵایەتی، هەروەها مەکۆیەک دروستبکەین بۆ برەودانو گەڕانەوە بۆ خولیاکانی لاوان، بۆ نموونە کارکردن لەسەر ئاراستەی وەرزشی وەک ویستێکی گەنجان زۆر کەم گرنگی بەو ویستە دراوە، ئێمە پەیمان دەدەین ئەگەر چووینە پەرلەمان لیژنەیەک دروستبکەین بۆ داکۆکیکردن لە ویستی وەزشکارانو خواستەکانیان، کە لە ئەمڕۆدا وەرزش پانتاییەکی گەورەی دنیای گەنجانی داگیرکردووە، ئێمە لە هەولێر دەبینین کە زۆرینەی لایەنە وەرزشییەکان فەرامۆشکراون، هەروەها هەوڵدەدەین کە بڕیار بگێڕینەوە بۆ گەنج نەک تەنیا ئالەتێک بێت، هەر ئەو هۆیەش بوو کۆچی بەڕێژەیەکی زۆری گەنجان کرد، ئێستا گەنجان بە پەرۆشەوە کارمان لەگەڵدا دەکەن.

**بەرەوگۆڕان: پێتوایە تاچەند گەنجانی هەولێر هەوادارو لایەنگری لیستی گۆڕانن؟**

* بەدڵنیاییەوە هەولێر یەکێکە لەو شارانەی بووەتە تاقیگەی سیاسەتە نا تەندروستەکان، گەنجان لەو شارەدا قوربانیی یەکەمن، بەڵام هەستدەکەم لە ئێستادا ئەوان تەواو هۆشیارن لەوەی کە هەیە، بەرنامەی لیستی گۆڕانیش زۆرترین پانتایی کارکردنی تێدایە بۆ خواستەکانی گەنجان، هەروەها ئەوانەی کە رابەرایەتی کەمپەینی لیستی گۆڕان دەکەن زۆرینەی گەنجانن، هەر گەنجان ئەو هەڵمەتە لە هەولێر بەڕێوەدەبەن.



## لە ٧/٢٥دا ئێمەش دیوارەکە دەڕوخێنین!



چیمەن محەمەد رەشید

دیواری بەرلین وەک دەرئەنجامێکی کێشەو ناکۆکیەکانی نێوان وڵاتە سەرکەوتووەکانی جەنگی دووەمی جیهانی بەتایبەتی لەنێوان یەکێتی سۆڤیەتی جاران لەلایەکو هەریەک لە ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو بەریتانیا لەلایەکی دیکەوە لەسەر چۆنیەتی چنینەوەی دەستکەوتەکانو بەڕێوەبردنی ئەلمانیا لە ساڵی (١٩٦١)ەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی بەرلینی خۆرهەڵاتیەوە کە بەمەرامو کاریگەریی سیاسەتی سۆڤیەتو بۆ جیاکردنەوەی لە بەشەکەی دیکەی کە لەژێر دەسەڵاتی ولایەتە یەکگرتووەکانو بەریتانیادا بوو دروستکرا، ئەم دیوارە ئەڵمانیای دووکەرت کردو گەلی ئەلمانی بەدرێژایی (٢٨) ساڵ کرد بەدوو بەشەوەو جیاوازییەکی زۆری خستە نێوان دانیشتوانی ئەودیو ئەو دیوارانەوە، بەحوکمی دابینکردنی ئازادیو ژیانێکی باشترو بەرزی ئاستی بژێوی خەلکو بوونی هەلی کاری زۆرتر لەو بەشەی کە لەژێر دەسەڵاتی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بوو، کە بە بەشی خۆرئاوای ناسرابوو، بەپێچەوانەی ئەو بەشەی کە لەژێر دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤیەتی جاراندا بوو، خەلکێکی زۆری دانیشتووی بەشە خۆرهەڵاتیەکەی لەپێناو ژیانو ئازادیو رەفاهیەتی زیار بەنهێنیو بە رێگەی قاچاغ لە هەوڵی خۆ دەربازکردنو بەجێهێشتنی بەشە خۆرهەڵاتیەکەی بەرلیندا بوونو لەو پێناوەدا سەدانیان گیانیان لە دەستداو بە هەزارانی دیکەیان رووبەڕووی لێپێچینەوەو سزادانو گرتنو کاری ناهەموار بوونەوە، ئەم بارودۆخەو ژیانە لێکدابڕانەی دانیشتووانی بەرلینو دەوروبەری درێژەی کێشا تا رۆژی (٩)ی نۆڤەمبەری ساڵی (١٩٨٩) کە لەو رۆژەدا ئەم دیوارە روخێنراو دەروازەکانی خرانە سەر پشتو دواتریش لەلایەن خەلکەوە بەتەواوی لە رەگو ریشەوە هەڵتەکێنرا.

لەم هەرێمەی خۆشماندا دوای تێپەڕبوونی (١٧) ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکەمین حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، دوای تێپەڕبوونی (٦) شەش ساڵ بەسەر رووخانی بەعسی فاشیو دیکتاتۆرەکەی بەغدادا، کە هەر لەو ماوە زەمەنیەدا ئالوگۆڕی گەورەو چەندین دەولەتی نەتەوەیی نوێ دروستبوونو سەربەخۆیی خۆیان راگەیاند، کەچی هێشتا لەو هەرێمەی ئێمەدا ژیانی سیاسیو پەیوەندییەکانیو ژێرخانی مادی کۆمەلگە هەر لە گرۆگالدایەو رۆژ لەدوای رۆژیش سنووری هەلسوڕانو چالاکیەکانی بەرەو پوکانەوە دەچێت، جگەلەوەش بەدرێژایی ئەم (١٧) ساڵەی کاری حکومەت ژیانو گوزەرانی خەلک، ئاوەدانیو بوژانەوە، بنیاتنانو دروستکردنەوە، هیچ جیاوازیەکی وای پێوە دیار نییەو بگرە لە هەندێک شوێن ژیان تیایدا بۆ دواوە گەڕاوەتەوەو ناعەدالەتیو بڕیاری ژوورە نهێنیو داخراوەکان، تەخشانو پەخشانکردنی سەروەتو سامانی میللەت، جیاوازی ژیانو پێشێلکردنی یاساو تێکەلبوونی حکومەتو حیزب ... تاد، بێزاریو گلەییو گازەندەیەکی زۆری لێکەوتووەتەوەو خەلک بەشێوەیەکی گشتی لە ئەدای حکومەتو رەفتارو ئاکاری بەرپرسە حیزبیو حکومیەکانو ئەو جیاوازیە گەورەیەی کە لەنێوان ژیانی خۆیانو خەلکدا بەدیدەکرێت، بووەتە هۆکاری ئەوەی کە دیوارێکی ئەستوور لەنێوان دەسەڵاتو خەلکدا دروست ببێت.

بۆیە هەموو ئاماژەو هەلوێستو خرۆشانی جەماوەری خەلکی کوردستان بە هەموو چینو توێژە جیاجیاکانیەوە بە پشتگیریو پشتیوانیکردنیان بۆ لیستی گۆڕان نیشانەو پێشهاتی گەورەن بۆ ئەو لیستەو ئەوە دەردەخەن کە لیستی گۆڕان لیستی براوەو سەرکەوتوو دەبێتو توانای بڕیاردانی هەمەلایەنەی دەبێت لەسەرجەم بڕیارو مەسەلە چارەنووسسازی گەلەکەماندا کە دەکرێت رۆژی (٢٥ / ٧) بە رۆژی رمانو هەرەسپێهێنانی ئەم دیوارەی نێوان خەلکو دەسەڵات دابنرێت.



## ناتانەوێت لە جەماوەربگەن!



دلێر عەبدولخالق

ئێستا لە هەر ماڵێک، لە هەر خانەوادەیەک، لە هەر کوچەو کۆڵانو گەڕەکێک دەنگێک هەیە، ئەو دەنگانە دەستو قاچو مەچەکی دەسەڵاتیان لەرزاندووەو بە «هێمنی»و بە «بێدەنگی» دەڵێن: «گۆڕان، گۆڕان»..

گۆڕان بە دەنگێکی بەرز، بە دەنگێکی نزم، بە رەنگ، بە ئاماژە، بە جولە، بە رووناکیو بە مۆم لە هەموو شوێنێکدا هەیەو دەڵێت: ئێرە نیشمانی منە. ئاراستە لە زۆر شوێن نایانەوێو ناهێڵن دەربکەوێتو دەربکەنەون، بەڵام لە مێژووی مرۆڤایەتییدا سەلمێندراوە ئەوەی هیچ دەسەڵاتێک ناتوانێت شەڕی لەگەڵبکات خواستو ویستی جەماوەرە، ئەو هاوکێشەیە بۆ ئێستا تەواوە کە دەوترێت «ئەوەی جەماوەر دوێنی دەیپەرست، ئەمڕۆ دەیسوتێنێت». ئەمانە ئاماژەن بۆ ئەوەی چیدی سەروەرییەکانی رابردوو پاکانە بۆ ناعەدالەتییەکانی ئەمڕۆ نەکەن، چیدی خوێنی شەهیدان نابنە سەنگەری پاراستنی قەڵاو ڤێللا رەنگالەییەکانتان، چیدی سەنگەرە بەهێزەکانی شاخو سەرکەوتنی شەڕەکانتان نابنە سەنگەرو قەلغانی پاراستنی بەرژەوەندییە شەخسیەکانتان، چیدی بەو سەروەرییە نیشتمانیو نەتەوەییانەی هی هەمووننانەو بەناوی خۆتانەوە تاپۆتانکردون ناتوانن بەرگری پێلەخۆتان بکەن، رێگە لەو رووبارە خوڕەی گۆڕان بگرن کە هێدی هێدی هەرچی پیسیو زیادەکانی قەراغی رووبارەکەیە لەگەڵ خۆی لولیدەداتو لە شوێنێکی دوور فڕێیدەدات.

دەزانن «هێزی بێ جەماوەر» وەک جەستەیەکی بێ گیانی مۆمیاکراو وایە کە جگە لەوەی شوێنێک دەگرێت هچیی دیکەی پێناکرێت! یاخود هەمان ئەو جەستە نەخۆشەیە کە ڤایرۆسەکان کۆی خانەکانیان تەنیووەو بەرە بەرە دایدەرزێنن، تا دواجار دوایین نیگاو هەناسەی لەپشی جەماوەرو بە بێهەستی جەماوەر ئاراستە دەکات!؟

کۆکردنەوەی جەماوەر ساختە، رەنگە بە کەڵکی وادەی بانگەشەی هەڵبژاردنو کادری کامێرای راگەیاندنەکانتان بێت، بەڵام هەرگیز بە کەڵکی خەفەکردنی ناخی ئەو جەماوەرە نایات کە هەمووی یان زۆربەی لەگەڵ گۆڕانە، گۆڕان لەبەر ئەم قەوارەو ئەو لیستە نا، بەلکو لەبەرئەوەی دەیانەوێت ئەمڕۆ بگۆڕن بە سبەینێیەکی گەشتر، هەر وەک بۆ ئەوەش نەتوانن وەک زۆربەی شتەکان کە بۆ خۆتان پاوانکردووە، هەستی ئەو جەماوەرەش بە لاڕێیدا بەرنو هاوڕێ لەگەڵ ئامانجو بەرژەوەندییەکانی خۆتان ئاراستەی بکەن، بەتایبەت ئەگەر ئەوەشبزانن تاکە هێزێک کە هیچ شتێک نەیتوانیوە لەناویبەرێت «جەماوەر»ە، بەپێچەوانەشەوە جەماوەر دەتوانێت زۆر «هێز» بە ددانەکانیو بەداشی مێژوو بهاڕێت.

یەکێک لەو تەنگەژانەی ئەمڕۆ کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی پێیدا تێدەپەڕێت، ئەوەیە کە فکرو بڕواو بۆچوونەکانی مرۆڤ بەردەوام لە ئالوگۆڕو گۆڕاندایە، کەواتە پێویستە دەسەڵاتی کوردی ئەمە ئەزموونبکات، رێز لە ئیرادەی بە زەبرو زەنگی جەماوەربگرن، چونکە ئەوە هەمان ئەو جەماوەرەن کە پێشتر بە چەپلە ئێوەیان کردە «سەردار»و ئەمڕۆش هەر بە چەپلە دەیانەوێت بتانگۆڕنو پاداشتی بەخێری چاکەکانتان بدەنەوە!؟

## کەسانێک کوردایەتییان کردووەتە بیانووی گەندەڵی
## ئێمە دژایەتیی گەندەڵی دەکەینە بناغەی کوردایەتی

